ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژووی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێک، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

YADNAMA
یادنامە

ژمارە ١٦ی حوزەیرانی ٢٠٢٠ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.16, june 2020


# ڕێککەوتنی ستراتیژی ساڵی ٢٠٠٨ دەرفەتێکی هاوشێوەی کۆریای باشوور و ئەڵمانیا بوو بۆ عێراق...




سەنگەر ڕەسوڵ

دوای تەواوبوونی گفتوگۆی ستراتیژی نێوان عیراق و ئەمریکا کە لەڕێی ڤیدیۆیی تێلەکۆنفرانس بەڕێوەچوو، لەبەیاننامەیەکی هاوبەشدا، هەردوو لایەنی ئەمریکی و عیراقی جەختییان لەسەر ڕێککەوتنی ستراتیژی ساڵی 2008 (Strategic Framework Agreement)، هەردوو نامەی وەزیرانی دەرەوەی عیراق (زێباری و جەعفەری)، بۆ ئەنجومەنی ئاسایش لەساڵی 2014 بە ژمارە (S/2014/440) و (S/2014/691)، کردۆتەوە. لەبارەی ڕێککەوتنی ستراتیژی ساڵی 2008 ( Strategic Framework Agreement) نێوان ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو عیراق. ڕێککەوتننامەکە هەشت لاپەرەی ئەی فۆرەو 11 بەش لەخۆ دەگرێت و تایبەتە بەشێوەی پەیوەندییەکانی و کارکردنی پێکەوەیی هەردوو لا ڕوونکراوەتەوە. لەلایەنی ئاسایش و بەرگرییەوە تا دەگاتە لایەنی ئابووری و کەلتووری. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە **بڕوانە، ل٢..**

## کێشەی موچە و مەسرەفی گیرفان

هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە کۆلانێکی داخراو و لەبەردەم کۆمەڵێک پرسیاردایە و وەڵامدانەوەی بە شێوەیەک دەبێت، کە گوتاری حکومەت گوتارێک نەبێت بۆ گوێ، بەڵکو قسەکردن دەبێت بۆ گیرفان. چی تر بازاڕ لە غیابی پارەدا ناتوانێ متمانە بە حکومەت بکات، ئێستە فۆکس تەنها لەسەر گیرفانە، لەبەرامبەردا خەڵک تا ئاستی سفر بونەوە باوەڕی بە حکومەت نەماوە. هۆکاری سەرەکیش دروست بونی جیاوازی نێوان چینەکانە، بە شێوەیەک لە ناوەندی دەسەڵاتی ئەم حکومڕانیەدا بوبێت، هیچ کێشەیەکی نیە، بە نمونە: زۆربەی کۆمپانیاکان هی سەرانی ناو دەسەڵات و حیزبە کە ئەگەر نیەتێک هەبێت ئەوا دەتوانن ڕۆڵی حکومەت بگێڕن و قسە بۆ گیرفان بکەن، بەڵام نابەرابەریەکەی سەرانی دەسەڵات و گیرفانی حکومەت هێندە گەورەیە، کە خەڵک لە هەمو ئاستەکاندا بە ئاشکرا تورەیە و، چی تر خەڵک باوەڕ بە حکومەت ناکات، بەتایبەت کاتێک حکومەت دەڵێ: کورت هێنانمان هەیە و پارە نیە. لە بەرامبەردا پرسیارەکان بۆ ئەو کەسە دیارانەیە، کە چەندین ساڵ وەک دەڵێن دەیخۆن، کە دور نیە ببێتە هۆی شۆڕشێکی بێ ڕابەرایەتی و لەمەش خراپتر بگەڕێینەوە بۆ خاڵی سفر.




چاوپێکەوتنێکی بیستساڵ لەمەوبەری ڕەوانشاد "نەوشیروان مستەفا" ل ٦

بەرەی کوردستانی (٧ی ٥ی ١٩٨٨ ڕاژان) ل١٥

حەفتانین و ئەنفال، دوو بۆسە لە دو مێژوی لێکچودا.. خالید ڕەزا ل١٦

ڕۆژی ١٩ی حوزەیران: لە سێدارەدانی محەمەد قودسی و هاوڕێکانی، ل

هیچ کاتێک بەقەد ئێستا گریان شیرین نەبوە. دەوەن ل ٢١

ڕۆڵە نەبەزەکان، حیلمی عەلی شەریف، ل ٢٤

یان ترامپ یان ئەمریکا، کامیان؟! هێرش عەبدولڕەحمان، ل٣

ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت لە دیموکراسی خۆجێیدا هانا بابان ل ٥

زەردەخەنە و ئاواتی دایکە خۆڕاگرەکان، سەرکەوتی جیهاز ل ٥



بەپێی ئەو ڕێککەوتنە هەموو جۆرە هاوکاری و پاڵپشتییەک بۆ عیراق لەسەر ئاستی جیهانی خراوەتەروو کە دەتوانرا سوودی گەورەی بۆ بونیادنانی ژێرخانی ئابووری عیراق لێ ببینرایە. بەتایبەت لەبەشی پێنجەمی ڕێککەوتنی ستراتیژی ساڵی 2008 (Strategic Agreement Framework)، کە تایبەتە بە هەماهەنگییەکانی ووزە و ئابووری لەچاو هەموو بەشەکانی دیکە زۆرترین گرنگی پێدراوە لە 14 خاڵ پێکهاتووە. ئەگەر خاڵەکانی ئەم بەشە بخوێنیتەوە دەبینیت کە ئەو دەرفەتەی بۆ عیراق ڕەخساوە هیچی کەمتر نییە لەو دەرفەتەی کە دوای جەنگی جیهانی دووەم لەلایەن ئەمریکاوە بۆ کۆریای باشوور، ئەڵمانیاو تەنانەت ژاپۆنیش ڕەخساوە بۆ بونیادنانەوەی وڵاتەکەیان. بەڵام ئەو دەرفەتەی بۆ عیراق ڕەخسا ئەوا نەیتوانی وەکو پێویست بەکاری بێنێت و هە سەرچاوەی داهاتی خۆی کە سەروو 700 ملیار دۆلاری لەفرۆشی نەوت بوو، هەمیش لەو هاوکاری و کار ئاسانییانەی کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنە پێشکەشی کراون و پێشووتریش لەچوارچێوەو پرۆگرامەکانی دیکە پاڵپشتی دارایی لەلایەن ئەمریکاوە بۆ عیراق هات. بۆیە دەبێت ئەو پرسیارە ببێتە بنەمای لێکۆڵینەوە کە بۆچی ئاسیاییەکان و ئەوروپییەکان دەرفەتەکان بەکار دێنن بەڵام لەرۆژهەڵاتی ناوین دا ناتوانن بەکاری بێنن بۆ بەرژەوەندی خۆیان؟ ئایا نەخۆشییەکە تەنها لە سیاسییەکانن کە تووشی گەندەڵی بوون یاخود کەلتوور، هەروەها وڵاتانی ناوچەکەش؟ لەکاتێکدا هەمان دەرفەت دوای جەنگ و کاولکاری کە دەبەخشرێتە کۆریای باشوورو ئەڵمانیاو ژاپۆن، نەک بەتەنها سوودی لێدەبینن بەڵکو دەبێتە هۆکارێک بۆ هەڵسانەوەی ئابوورییەکەیان و بوژانەوەو بیکەنە ئامرازێک کە ببنە دەوڵەتانی پێشەنگ لەئابووری جیهانیدا لەوساوە و تا ئێستاش. کەچی عیراق بەهەرێمی کوردستانیشەوە نەک خاوەنی ئابوورییەکی نۆرماڵ نییە بەڵکو لەرزۆک و دارماویشە. لەبارەی هەردوو نامەی وەزیرانی دەرەوەی عیراق (بەئیمزای زێباری و جەعفەری)، بۆ ئەنجومەنی ئاسایش لەساڵی 2014 بە ژمارە (S/2014/440) و (S/2014/691)، کە لە بەیاننامەی هاوبەشی هەردوو لایەنی ئەمریکی و عیراقی جەختی لەسەر کراوەتەوە. لەنامەی یەکەم دا هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی عیراق لە حوزەیرانی ساڵی 2014 داوای هاوکاری سەربازی و راوێژکاری و پرچەککردنی سوپای عیراق لەئەنجومەنی ئاسایش دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و بەمەرجێک هاوکارییەکان لەژێر ڕۆشنایی دەستووری عیراق و ڕێزگرتن بێت لەسەروەری خاکی عیراق و نامەی دووەمیش کە لەمانگی 11ی هەمان ساڵ لەلایەن ئیبراهیم جەعفەری وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی عیراق(لەوساڵەدا هەڵبژاردن لەعیراق ئەنجامدرا)، جەخت لەسەر نامەکەی زێباری دەکاتەوەو هەروەها داوای پاڵپشتی ئاسمانی دەکات لەهاوپەیمانان دەکات لەژێر ڕۆشنایی راسپاردەکانی کۆنفرانسی پاریس کە لە 15ی مانگی 9ی 2014 بەرێوەچوو بوو لەلایەن 26 دەوڵەتەوە پشتگیریکرا. بەپێی هەرسێ دۆکیومێنتەی لە لەبەیاننامەیەکی هاوبەشی، هەردوو لایەنی ئەمریکی و عیراقی جەختییان لەسەرکراوەتەوە، سەروەربوون و یەکپارچەیی خاکی عیراق ئەولەویەتەوە. ئەم ڕێککەوتن و دیالۆگانەی نێوان هەردوو وڵات دەکرێت بکرێنە بنەمایەک بۆ بەهێزکردنی دیموکراسیەت و دارشتنەوەی سیستمی دادوەری و کەمکردنەوەی دەستی وڵاتانی ئیقلیمی لەسەر هەرێم و عیراق و هەروەها کارکردن بۆ بونیادنانی ئابوورییەکی بەهێز. هەروەها دەبێت هەرێم پاڵپشتی ڕێککەوتنی ستراتیژی ساڵی 2008 (Strategic Framework Agreement)، نێوان عیراق و ئەمریکا بێت، ئەمە باشترین نەخشە ڕێگاو بنەما دروستەکانن کە هەرێم دەتوانێت بەرژەوەندییەکانی خۆیانی تێدا ببینێتەوە، بەتایبەت ڕێککەوتنەکە جەخت دەکاتەوە لەسەر:

- **فیدراڵییەتی عیراق، ئەمەش لەبەرژەوەندی هەرێم دایە.**
- **بەهێزکردنی ئابووری عیراق و بونیادنانی ژێرخانێکی پتەو، کە ئەمەش زۆر ئومێد بەخشترو ئامینترە بۆ هەرێم لەوەی پشت بەدەوڵەتانی ئیقلیمی ببەستێت.**
- **جەخت لەسەر یەکلاکردنەوەی کێشەکان لەرێگەی دیالۆگ و بەکارنەهێنانی هێزو هەروەها پتەوکردنی دیموکراسییەت دەکاتەوە لەعیراق، ئەمەش پاڵپشتییەکی باشە بۆ گەرانەوەی بۆ شەرە دەستوورییەکان لەجیاتی رووکردنە پایتەختەکانی دیکە.**
- **هەر بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیە جەخت لەسەر بەهێزکردنی سیستمی دادوەری دەکات لەعیراقدا، ئەمەش دەرفەتێکی باش بۆ دادپەروەری و سەقامگیری دروست دەکات.**

---



**بەپێی دوا ئاماری تایبەت بە پڕفرۆشترین کتێب لەسەر ئاستی جیهان، ئەم پێنج کتێبە تا ئێستا پڕفرۆشترین کتێبەکانی جیهانن:**

**یەکەم: ڕۆمانی (دۆن کیشۆت)ی سرڤانتسی ئیسپانی. 500 ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە. دووەم: فەرهەنگێکی چینيیە. 400 ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە. سێیەم: ڕۆمانی (چیرۆکی دوو شار)ی چارلز دیکێنزە. 200 ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە. چوارەم: ڕۆمانی (سەید ئەلخواتم)ی تۆلکینی بەریتانيي. 150 ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە. پێنجەم: ڕۆمانی (هاری پۆتەر و بەردی جادووگەرەکە) 107 ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە.....**

# یان ترامپ یان ئەمریکا، کامیان؟!

هێرش عەبدولڕەحمان



ئەمە یەکێکە لە سلۆکۆنی هەڵمەتی دیموکراتەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی، بۆیە ئەو چەند مانگەی ماوە تا ڕۆژی دەنگدان ترامپ ڕێگایەکی پر کێشەی لەبەردەمدایە، ئەگەر بە ئاسانی ڕابردوو لەبەردەم دیموکراتەکان دەربازی بوبێت ئەم جارە زۆرینەکەی ئەنجومەنی پیران فریای ناکەوێت. هاتنی کۆرۆنا تەنیا ڤایرۆسێک نەبوو بۆ ترامپ، بەڵکو ئەوەی دروستی کردبوو لێی ڕوخاند، ئەو بەردەوام باسی زیرەکی خۆی دەکرد کە ئابوری ئەمریکای گەیاندۆتە لوتکە، لەوایا ڕاستگۆبوو، هەلی کاری باشی ڕەخساندو کۆمپانیا ئەمریکیەکانی ناچارکرد کارو کۆمپانیاکانیان بهێننەوە ناو ئەمریکا، ئەوە یەکێک لە شانازیەکانی ترامپە، بەڵام کۆرۆنا ئەو شانازیەشی لێ سەندەوەو ٤٠ ملیۆن کەسی بێ کارکرد.! ئەو کەیسانەی وەک خاڵی لاوازی ترامپ لە هەڵبژاردنەکاندا ڕووبەرووی ترامپ دەبنەوە: هەر پێش هاتنی ترامپ وەک کەسێکی ڕەگەزپەرست تۆمەتباردەکرا، بەس بەبونی بەسەرۆک ئەو کەیسە ڕونتر و تۆختر دەبینرا، کە ترامپ بەڕاستی کار لەسەر دابەشبونی ڕەنگەکان دەکات، چەند کارەساتێک ڕوویدا لەبری لۆمەکردن وەک لایەنگر دەرکەوت کەپەسەندی ئەو هەڵسوکەوتانە دەکات، تازەترینیان کارەساتی کوشتنی " جۆرج فلۆید " بوو، جارێکی تر ئەمریکای گەڕاندەوە سەردەمی ململانێی ڕەش و سپی.! هەموو تیرەکان تۆمەت و ڕوو لە ترامپە، کە ئەمریکای بەو ڕۆژە گەیاندوە و کەسێکی ڕەگەزپەرستە.

کاریگەری تری سەرۆک ئەوەیە سەردەمی ئەو زۆرترین پارە بۆ دەوڵەت کۆبکاتەوە، لەوەی پارەی دەوڵەت بەکاربێنێت بۆ کاتی قەیرانەکان کە ڕووبەرووی دەبێتەوە. ڕاکێشانی ئەو تریلۆن دۆلارانە کە دوور نیە بگاتە ٥ تریلۆن بۆ ڕزگارکردنی ئابوری ئەمریکا لەڕمان یەکێک دەبێت لەو خاڵە لاوازانەی ترامپ کە هەڵبژاردنەکاندا بەرۆکی دەگرێت. ئەنجامی سەرژمێری ئەمساڵی ئەمریکاش لە بەرژەوەندی ترامپ نیە. بەپێی ڕاپۆرتی سەرژمێری ئەمساڵ کە لە ئەمریکا کرا ژمارەی لایەنگرانی دیموکراتەکان بە ئاستێکی زۆر بەرز بۆتەوە، ئەوەش ترسی لای کۆماریەکان دروست کردوە، دوور نیە ترامپ بە تویتێک بڵی ئەو سەرژمیریە ڕاست نیە و دەستکاری کراوە. ژمارەی ئەندامانی دیموکراتەکان: ٤٥،٧١٥،٩٥٢

ژمارەی ئەندامانی کۆماریەکان : ٣٣،٢٨٤،٠٢٠ دیموکراتەکان بەو سەرژمیریە تازەیەی ئەمسال ١٢،٤٣١،٩٠٥ دەنگ لە پێش کۆماریەکانەوەن، واتا مانگی ١١ ئەگەر تەواوی دیموکراتەکان بەشداری هەڵبژاردن بکەن بەدەنگی گشتی بە جیاوازی ١٥ ملیۆن دەنگ ترامپ لە هەڵبژاردنەکاندا شکست دێنێت. ئێستا کۆماریەکان دابەش بوون بە سەر دوو بەرەدا، بەشێکیان پێیان وایە ترامپ شکۆی بۆ ئەمریکا گەڕاندۆتەوە و پێویستە بمێنێتەوە بۆ تێرمی دووەم، تا کارەکانی تەواو بکات. بەشیکیان وەک عەیبەیەک سەیری دەکەن، دوای ئەو لێشاوە خۆپێشاندانانە دەڵێن مانەوەی ترامپ ئەمریکایەکی وێران بە دوای خۆیدا دێنێت، بۆیە دەبێت تا کاتی هەڵبژاردنەکان ترامپ موعجیزە بخولقێنێت ئەگینا ڕزگاربوونی ئەستەمە.


# نەخشەی کوردستان لە ئەرشیفی عوسمانیدا

کارزان محەمەد



ئەم بەرهەمە نوێیەم، کۆمەڵێک نەخشەی ناوازە و گرنگی (کوردستانی مەزن) و شارەکانی تێدایە کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە 120 ساڵ لەمەوبەر. ئەم نەخشانە کۆمەڵێک زانیاری و داتای گرنگی لەسەر ناوچە و شوێنە گرنگەکانی کوردستان لە سەردەمی عوسمانیدا لەخۆگرتووە. *سەرجەم نەخشەکان بە کوالیتییەکی بەرز خراوتەسەر سیدی و لەگەڵ نەخشەکاندان تا لێکۆڵیاران بە کوالیتییەکی بەرز بیبینن. لەم ئەلبومەدا نەخشەی ئەم شارانەی تێدایە: -شاری خانەقین -شاری کەرکوک و دەوروبەری -پارێزگای سلێمانی و دەوروبەری -دەڤەری ڕەواندز و دەوروبەری -جەزیرە و بۆتان. -دەڤەری موکریان -ورمێ و جولەمێرگ -دەڤەری گەرمیان (کفری) -شارەکانی موسڵ و دهۆک. -دەڤەری ماردین دەڤەری شەنگال -دەڤەری بایەزید -نەخشەی ویلایەتی موسڵ -نەخشەی کوردستان لە ئەنادۆڵدا -نەخشەی کوردستان لەسەر جیهان.

*زۆر سوپاسی دەزگای چاپوپەخشی سەردەم و هیممەتی مەردانەی مامۆستا ئازاد بەرزنجی دەکەم بۆ بڵاوکردنەوەی.



# ئیمپڕاتۆریەتی درۆ...

د.مەیادە نەجار



لە چەند رۆژی رابردوو بە روونی وەدیارکەوت، کە ئەو ئیمپڕاتۆریەتەی لە درۆ و بە ساختەچیایەتی دروست کرابوو و مانگانە چەند ملیۆن دۆلارێکی لە قوتی ئەو خەڵکە لێ سەرف دەکرا بە یەک کلیکی گەنجێکی ئەمریکی جینز (کاوبۆ) لەبەر بەسەر یەکدی داڕوخا و کۆمپانیای فەیسبوک، کە ئەو گەنجە (مارک زگربێرگ) دامەزرێنەر و خاوەنیەتی و داهاتی ساڵانەی لە زۆربەی وڵاتانی زلهێزیش زۆرترە گەورەترین درۆی ئاشکرا کرد، کە کار لە سەر بۆچوون و فکری خەڵکی کوردستان دەکات. لە دوای ئەو بڕیارەی فەیسبوک بە داخستنی زیاتر لە 400 پەیج و ئەکاونت و گروپ و ئاشکرا بوونی ئەوەی کە تەنها سپۆنسەری مانگانەی ئەوانە نزیکەی 300 هەزار دۆلار بووە.خەڵک دەپرسن ئایا بەڕێوەبردنی ئەو هەموو پەیجانە چ سوپایەکی لە پشت بووە و چ پارەیەکی خەیاڵی لێ سەرف کراوە! خەڵک پرسیاری ئەوەش دەکا کە ئەو پارەیە لە کوێ هاتووە؟ هەندێکیان دەڵێن سەرچاوەکەی فرۆشتنی کەرکوکە و لەو داهاتەیە کە کۆمپانیاکانی هاوسەرۆکێکی یەکێتی لە رێگای فرۆشتنی نەوتی کەرکوک و وەرگرتنی تەندەری ژمارەیەک پرۆژەکانی کەرکوک کە گۆڕینی فرۆکەخانەی سەربازی ئەو شارە بۆ فرۆکەخانەیەکی مەدەنی یەکێکە لەو پرۆژانەهەروەها ئەو 36 ملیار دۆلار و 80 تۆن زێرەی لە ئێرانەوە لە سێ ساڵی رابردوو بۆ سلێمانی هاتووە.بەشێکیش سەرنجیان بۆ دەروازە سنوورییەکانی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان دەچێ کە دەکەونە سنووری پارێزگای سلێمانی کە داهاتێکی زۆریان هەیە بەڵام پارەکە ناچێتەوە خەزێنەی حکومەت بەڵکو لە رێگای مەکتەبی دارایی گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەشی زۆری دەچێتە سەر حیسابی شەخسی جەنابی ئیمپڕاتۆری درۆ. لە بەرامبەر ئەو هێزە درۆینە لە کوردستاندا هێزێک هەیە کە گوزارشت لە خواست و ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی خەڵکی کوردستان دەکا و رەگ و ریشەی ئەو هێزە لە هەناوی کۆمەڵگەدا رووچوون و سەت ساڵە لە بەرامبەر هێز و ستەمی داگیرکەران و داردەستە ناوخۆیەکان بە بەهێزیەوە ماوە و لە سەر پێ وەستاوە.ئەو هێزەی کە لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان متمانەی زیاتر لە 93% خەلکی لەگەڵدا بوو و دواتر بە هێزەوە و بە سەربەرزیەوە توانی بەرامبەر گەلە کۆمەی داگیرکەران و خیانەتی خاکفرۆشان بوەستێت و قەوارەی دەستووری هەرێمی کوردستان بپارێزێ و پیلانەکان هەڵوەشێنێتەوە. هەر کاتێک کوردستان بەرەو بەهێزبوونەوە هەنگاو دەنێ،داگیرکەران لە لاوازترین خاڵمان دەست دەخەنەوە ناو کاروبار و ژیان و بڕیاری سیاسی و کارتی ناکۆکیە ناوخۆیەکان لە رێگای هێزی ئیمپڕاتۆریەتی درۆ زەق دەکەنەوە و لە دژی سەقامگیری و باشبوونی دۆخی ژیانی و ژیاری خەڵکی کوردستان بەکاریان دەهێنەوە.ئێستا لەگەڵ نزیک بوونەوەی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی کە دۆخی ئابوری هەرێمی کوردستان و ژیانی موچە خۆرانی و بازارەکەی بەرەو جێگیری و سەقامگیری دەبا کە ئەوەش هۆکارە بۆ بەهێزبوونەوەی هەرێمی کوردستان و سەرکەوتنی ئیرادەی ناوخۆیی بەسەر پیلان و خواستی دەرەکی. بەگژ حکومەت داچوونەوە و تیرترکردنی ئیرهابی فکری و بەڕێوەبردنی هەڵمەتی میدیایی کە لە ساڵانی رابردوو کار و ئەرکی ئیمپڕاتۆریەتی درۆ بوو و دەسکەوتی شەخسی باشی هەبوو بۆ جەنابی ئیمپڕاتۆری درۆ لە سەرکەوتنی کودەتاکەی لە ناو حیزبەکەیدا و دەست گرتن بەسەر سەروەت و سامانێکی زۆردا و دامەزراندنی تۆڕێکی کۆمپانیای وەبەرهێنان لە رێگای برا و خزمەکانیەوە.ئێستا هەموو ئەوانە لە ژێر مەترسی لەناوچوونن چونکە بە ئاشکرا بوونی حەقیقەتی ئیپراتۆر لەوەی ئەو ئیپراتۆریەتە بەهێزەی بانگەشەی بۆ دەکرد لە درۆ و ساختە زیاتر نەبووە.بۆیە دواین هەوڵی بۆ پاراستنی ئیپراتۆریەتەکەی بە بەکارهێنانی هەموو کەرستە و ئامرازەکانی بەردەستی دەبێت لە رێگای درێژکردنەوەی ئەو شەڕە دەروونیەی چەند ساڵێکە لە بەرامبەر خەڵکی کوردستان دەستی پێکردوە و باجەکەشی تەنها لێکترازانی کۆمەڵایەتی و زیاتر بە حیزبی کردنی کۆنەڵگا و داگیرکردنی ئیرادەی خەڵک بووە.

---

## درۆ



ئەی شاری درۆ، ئاسنگەرەکانت ئاسنی ساردی درۆ دەکوتن، داربڕەکانی تۆ، بەدرۆ تەور لەم باغە خەیاڵییە دەدەن. مەستەکانی تۆ بەدرۆ لە مەیخانەدا شەرابی درۆ دەخۆنەوە. فەرمانبەرانی تۆ، تاپۆی درۆی ئەم کێڵگانەیان پێیە. باجگرانی تۆ، بە قەپانی گەورە خەرمانی درۆ دەکێشن... دانەوێڵەی لە درۆدا رەش دەخۆن...دەغڵی سووتاو لە درۆدا...


گەنمێک نانی درۆمان دەداتێ... تێشووی درۆ لە نانی جۆ... هەرزن کە باڵندەی درۆ دەیخوات... 'کا' کە بای درۆ دەیهێنێت... پوش کە بای درۆ دەیبات.

ئیدی بەسە، بە ناو درۆی ئەبەدی ئێوارانداپیاسەکردن. پێکەنین بۆ ساقییەک وەعدی بادەی درۆمان پێدەدات. کچێک کە وادەی ژوانی درۆمان دەداتێ. سەعاتی درۆ کە رۆژی درۆ دەپێوێت، نەخشەی درۆ کە لەسەر خاکی درۆ دەڕوات، فێنکی درۆ کە بەیانیانی باغ بە مسقاڵ دەیفرۆشێت، گوێگرتنی رۆژانەم لە بێستان کە پڕبێت لەو میوانانەی حەزیان لە بەیانیانی درۆ و بەرچاییە بە پەرداخێک لە شیری درۆوە؟

من تێربووم لە سەیرکردنی بورجی درۆ، باغی درۆ
من تێربووم لە سەیری سوارچاکانی درۆ لە جەنگی درۆدا
تێربووم لە سەیرکردنی ماسی درۆ لە ناو حەوزی درۆدا.

# ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت لە دیموکراسی خۆجێیدا

**هانا بابان**



لە دنیای دیموکراسیدا، یەکێک لە پایە گرنگەکانی بەرەوپێشچون و گەشەسەندنی وڵات هاتنە پێشەوەو بەشداریکردنی کارای ئافرەتانە لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا، بە تایبەت دەرکەوتنی ئافرەتان وەک فیگەرێکی کاراو بڕیاربەدەست لە ناوەندە باڵاکاندا. لە هەرێمی کوردستاندا بەهۆی ڕەنگدانەوەی زیاتری مەرکەزیەت و دابەشنەبوونی بە کردەوەی دەسەڵاتەکانی پایتەخت لەگەڵ دامەزراوەو ئەنجومەنە خۆجێیەکاندا، بەشدارییەکی کاراو بەردەوامی ئافرەتان بە تەواوی بەرچاوناکەوێت، کە لەلایەکەوە هەم بارودۆخە ئیدارییە مەرکەزیەتەکە هاوکار نابێت بۆ هاتنەپێشەوەی ئافرەتان و لە لایەکی تریشەوە بارودۆخی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی ئەوەی کە گەیشتنی یٔافرەتان بە پەرلەمان و دامەزراوە نیشتمانیەکان گران بێت، بە جۆرێک ئەگەر ئافرەتان بەهۆی سیستمی کۆتا یاخود توانای خۆیانەوە بگەنە ئەنجومەنەکانیش بەڵام هێشتا ڕێگرییەکان هێندە زۆرن کە نەتوانن وەک پێویست نوێنەرایەتی ڕاستەقینە بکەن. لە بەرامبەردا ڕێکخراو و دامەزراوە دیموکراسی و خۆجێیەکان دەرفەتی هاتنە پێشەوەی ئافرەتان زیاتر دەکەن هەم لە ڕووی ئاسانکاری ئیداری و بەشداری کارایان، هەم لە ڕووی بوون و ڕەچاوکردنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی ئافرەتان لە ناو خێزاندا کە بە لایەنی زۆرەوە دەتوانن کارا و گۆڕانکار بن و بەردەوام بن زیاتر لەو کەسانەی کە خاوەن نفوزێکی سیاسین. لە دنیای ئەمڕۆدا دامەزراوە دیموکراسی و خۆجێییەکان ئاسانکار و هەمە دەرفەت دەبن بۆ هاتنە پێشەوەی هاوڵاتیان لە نێویشیاندا ئافرەتان، چونکە ئەو گۆڕانکاری و کاریگەرییەی ئافرەتان دەتوانن لە ڕێگەی ڕێکخراو و ئەنجومەنە خۆجێیەکانەوە دروستی بکەن زۆر زیاترەو ڕەنگدانەوەی زیاترە لەو ئافرەتانەی کە لە نێو پەرلەمان و حزب و دامەزراوە نیشتمانیەکان کاردەکەن، چونکە لە دامەزراوە خۆجێیەکاندا ئافرەتان باشتر دەتوانن کارەکانیان ڕایی بکەن و نوێنەرایەتی ناوچەکانیان بکەن بەهۆی نزیکیان لە شوێنی نیشتەجێبوون و ئاگاداربوون لە کێشە و کەموکورتییەکانی ناوچەکە. لێرەدا لایەنی کردەیی بۆ ئەم پرسە دەکرێت خۆی ببینێتەوە لەوەی کە ئافرەتان بتوانن لە ڕێگەی دامەزراوە ئیدارییە خۆجێیەکانی خۆیانەوە بەشداربن و بێنە پێشەوە، کە خۆی دەبینێتەوە لە گوندو ناحیە و قەزاو پارێزگاکان، کە بێگومان ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی هاوڵاتیانەوە یان لە لایەن ئەنجومەنە هەڵبژێردراوە خۆجێیەکانەوە دەسەڵات وەربگرن و لە بەردەم ئەواندا بەرپرسیار بن. لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لە ڕێگەی چەسپاندنی لامەرکەزیەتی ئیداری و داراییەوە دەتوانرێت ئەنجومەنە خۆجێی و دامەزراوەو ڕێکخراوە دیموکراسییەکان بکرێنە دەرفەت و میکانیزمێکی گونجاو بۆ هاتنە پێشەوەو گەشەپێدانی ئافرەتانی خاوەن ڕوئیا و بەشداری پێکردنی کارایان لە ناوەندە باڵاکانی پارت و حزب وحکومەت و دامەزراوە نیشتمانییەکان، کە ئەمەش هاندانێک دەبێت بۆ ئەوەی ئافرەتان بە مافی خۆیان بگەنە ناوەندەکانی بڕیاردان و لە قۆناغێکی نزیکدا پێویستمان بە سیستمی کۆتای ئافرەتان نەمێنێت یاخود ڕێژەکەی کەمبکرێتەوە و ئافرەتانمان بتوانن هاوشانی پیاوان خاوەن بڕیاربن لە ناوەندە باڵاکانی حیزب و حکومەتدا.

# زەردەخەنە و ئاواتی دایکە خۆڕاگرەکان

**سەرکەوتی جیهاز**



لە راستەوە: ١– ئامەخان ٢– نەعیمەخان خێزاني مەلا گوورن، کە بە دەستی بەعسی فاشی کورەکەیان بە ناوی هوشیار ئیعدام کرد و، خۆی و مەلا گورنی نابیناشیان زۆر بە دڕندانە لەساڵی 1987 زیندەبەچاڵ کرد و، لە راپەڕینی ١٩٩١ روفاتەکانیان لە حامیەی سلێمانی دۆزرایەوە. ٣– فەیمەخان دایکی شەهید سابیر، کە لەڕاپەڕیندا شەهید بوو. ٤– دایکم حەلاوەخان، کە چەندین جار لەسەر من، کە پێشمەرگە بووم زیندانی کرا و لەگەل زۆرێک لە دایکی پیشمەرگەکانی تردا لەپشتی زیلی عەسکەریدا هێنایان بۆ شەدەڵە و لەوێ فڕێیان ئەدا، وەک سزایەک دەیانوت بڕۆ بۆ لای کوڕەکەت، دایکی منیش وەک دایکی پیشمەرگەکانی تر، کە ڕۆڵەکانیان ئەبینی جگە لە زەردەخەنە و خۆزگە و ئاوات هیچی ترت لەروخساری دا نەدەبینی. بەو هەموو دەردەسەری و زیندان و نەهامەتیەوە ئەوان دڵخۆشی ئێمەیان ئەدایەوە، هانیان ئەداین خۆراگر بین، هەرگیز بیر لە تەسلیم بون و سەنگەر چۆلکردن نەکەینەوە. سڵاو لە ڕۆحی پاکی دایکم و هەموو ئەو دایکە پێشمەرگانەی لە ژیاندا نەماون، تەمەن دریژی بۆ ئەو دایکانەی کۆڵ بە کۆڵ، ڕێ بەڕێ، دێ بەدێ،شاخ بە شاخ بە دوای ڕۆڵە پێشمەرگەکانیانەوە بوون و پشتو پەنایان بوون. ٥ – زەکیە خان خێزانی حاجی مەحمود قوربانی.

# چاوپێکەوتنێکی بیستساڵ لەمەوبەری ڕەوانشاد "نەوشیروان مستەفا" لە گۆڤاری ڕۆشنگەری

**ئامادەکردنی: یادنامە**

**بەشی دووەم**



**ئەم چاوپێکەوتنەی ڕەوانشاد "نەوشیروان مستەفا" لە گۆڤاری ڕۆشنگەری ژمارە ٩ی هاوینی ساڵی ٢٠٠٠، لاپەڕە ١١ بۆ ٤٦ لە لایەن بەڕێزان: مەریوان عەلی، ئومێد ئەمین و بێستون مەحمودەوە ساز کراوە. چاوپێکەوتنەکە باس و خواسێکی دوورودرێژە لە بارەی ناسیۆنالیزمی کوردی و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕییەوە. بێگومان جارێکی تر بڵاوکردنەوەی ئەم چاوپێکەوتنە لەبەر گرنگی بابەتەکەیە سەبارەت بە ناسیۆنالیزم، بە تایبەت باس کردنی لەلایەن سەرکردەیەکی وەک ڕەوانشاد "نەوشیروان مستەفا"وە.**

ڕۆشنگەری: بەلای تۆوە نهێنی ئەو گۆڕانکاریانە بۆ بەو ئاراستەیەدا تێپەڕیوە کە لە بەرژەوەندی دەوڵەتی کوردیدا نەتەویە؟ وە بۆ چ سیاسییەکانی کوردی، ڕۆشنبیرەکانی.. هتد نەیانتوانیوە بینە هەوێنی دەوڵەتی کوردی.

کاک نەوشیروان: ئاخر من بۆم باس کردی ئەو زەمانە زلهێزی دونیا بەریتانیا بوە، پەیمانی گەورەی سایکس بیکۆ لە ئارادا بوو.

ڕۆشنگەری: مەبەستم لەوەیە کورد بۆ نەیتوانیوە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دروست بکات.؟

کاک نەوشیروان: ئاخر بۆ نەیتوانیوە.؟ شەریف پاشا ڕۆیشتوە بۆ پاریس مافەکانی کوردی خستە گرنگترین پەیماننامەی نێودەوڵەتیەوە بۆ یەکەمین جار کێشەی کوردی کرد بە مەسەلەیەکی نێودەوڵەتی. سێ مادەد لە پەیمانی سیڤەر لەسەر مەسەلەی کورد بوە، شێخ مەحمود لەگەڵ ئینگلیزەکاندا گفتوگۆی کردوە، کاغەزی نوسیوە بۆ لینین. هەوڵیان داوە بەڵام ئەو ستراتیجەی کە بەریتانیا هەیبوە بۆ نەخشەکێشانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوەدا بەشی کوردی تێدا نەبوە، شێخ مەحمود هەوڵیدا دەوڵەتی سەربەخۆ دروست بکات، بە تەیارە هاتن سەرکوتیان کرد، هێزیان هێنا بە زۆر لکاندیان بە دەوڵەتی عێراقەوە. کوردەکانی تورکیا ڕاپەڕینیان کرد ساڵی ١٩٢٥ بوو، لە خوێندا غەرقیان کرد. لە ١٩٢٧ بۆ ١٩٣٠ شۆڕشی ئاگری داخ بو دیسانەوە سەرکوتیان کرد. لە سەرکوت کردنەکەشدا فەرەنسا و بولشەویکی ڕوسی ئەو زەمانە یارمەتی تورکیای داوە بۆ سەرکوت کردنی کورد، لەملاوە ئینگلیزی یارمەتی حکومەتی عێراقی داوە بۆ سەرکوت کردنی کورد. لە ئێران ئینگلیز و ڕوسیا یارمەتی ڕەزا شای داوە بۆ ئەوەی کە جوڵانەوەی کورد سەرکوت بکرێ، لەبەر چی بوە.؟ تۆ وەرە لێکی بدەرەوە، بۆ نمونە ئەو زەمانە ڕوسیا شۆڕشی بەلشەویکی تێدا ئەبێ، شۆڕشێک دروست ئەبێ کە نیزامێکی سۆسیالستی دێنێتە پێشەوە. ئەم نیزامە دەبێتە خەتەری هەرە گەورە بۆ سەر دونیای سەرمایەداری، دوژمنی ژمارە یەکی ئاسایشی نەتەوەیی سەرتاسەری وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا، ئەبێتە کۆمۆنیزم. لەبەر ئەوە ئەیانەوێ چی بکەن.؟ ئەیانەوێ دەوڵەتی تازەی سۆڤیەتی موحاسەرە بکەن، جگە لەوەی موحاسەرەی بکەن خۆیان نایەنەوێ هاوسنور بن لەگەڵیاندا بۆ ئەوەی توشی کێشە نەبن لەگەڵیاندا ئەیانەوێ کۆمەڵێ دەوڵەتی وا لە ئەترافی بێت کە ئەمانە ببن بە دەوڵەتی حاجز. ببن بە دەوڵەتی لەمپەڕ لە نێوان ئەماندا و لە نێوان نفوزی وڵاتانی تردا، لەبەر ئەوە پێیان خۆش بوە تورکیا و ئێران زیندو بێتەوە وە ئەفغانستان زیندو بێتەو، ئەم سێ دەوڵەتەش دەوڵەتن و نوساون بە دەوڵەتی سۆڤیەتی ئەو زەمانەوە، لەبەر ئەوە کە ئینگلیزەکان پشتیوانییان لە حکومەتی مەرکەزی ئەو وڵاتانە کرد و لە بەرامبەردا ڕوسیای سۆڤیەتیش بۆ ئەوەی ئەم وڵاتانە نەبن بە نۆکەری ئینگلیز و نەبنە پایەگای پلانگێڕان لە دژی یەکێتی سۆڤیەت، ئەوان هەوڵیان داوە پەیوەندی چاکیان لەگەڵ دروست بکەن.

ڕۆشنگەری: لە هەردو حەرەکەکە مستەفید بووە..

کاک نەوشیروان: بەڵێ، لەبەر ئەوە ئێمە هیچ بەشێکمان نەبوە، کە بەشمان نەبوە لەهەر کوێیەک جوڵانەوەیەکی کردوە و داوای سەربەخۆیی کردوە سەرکوتیان کردوە.

ڕۆشنگەری: پێتوایە بەشێکی سەرەکی ئەو هۆکارانە بگەڕێتەوە بۆ لاوازی پەیوەندی کورد بە دنیای دەرەوەی خۆی و داخرانی دەرگاکان لەسەری.؟

کاک نەوشیروان: کاکە ناگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی سلبی بە دەرەوە! لەم دنیایەدا تۆ باسی ناسیۆنالیزم دەکەیت، یەکێک لە گرنگترین شتی ناسیۆنالیزم ئەوەیە کە ئەبێ تۆ ئامانجی نەتەوەییەکەت دیاری کراو بێت. ئەبێ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان دیاری کراو بێت کە چییە.؟ بەبێ ئامانجی نەتەوەیی و و قازانجی نەتەوەیی ناسیۆنالیزم وەک بزوتنەوەیەک بونی نابێت، بۆ نمونە هەمو نەتەوەیەک لە دونیادا هەوڵ ئەدات، بۆ جێبەجێ کردنی قازانجە نەتەوەییەکانی خۆی، ئیتر ئەگەر لەسەر حسابی میللەتانی تریش بێت بەلایەوە گرنگ نییە قازانجی نەتەوەیی. ئیمپریالیزمی بەریتانی لەو قۆناغەدا لە مەسەلەدی نەوت دابو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. سەرچاوەکانی نەوتیش کەوتۆتە وڵاتەکەی ئێمەوە، ڕێگەی ڕێپەڕبونی نەوت بوە بە وڵاتانی عەرەبیدا لەبەر ئەوە ئێمە نەمانتوانیوە خواستەکانی خۆمان جێبەجێ بکەین ئەگەر وڵاتەکەی ئێمە سەربەخۆ بوایە. ڕۆژێک لە ڕۆژان دەوڵەتی عەرەبی سوریا ئەمانە ڕێگایان بگرتایە لە تێپەڕبونی نەوت چ لە خلیج وە بڕوات چ لە دەریای سپی ناوەڕاستەوە. عەرەبەکان ئەیانتوانی ڕێگەی لێ بگرن لەبەر ئەوە هاتن ئەو پارچەیەی کوردستانیان نوسان بە دەوڵەتێکی عەرەبییەوە. بۆ ئەوەی تێپەڕاندنی نەوت هەم سەیتەرەیان بەسەر هەبێ هەم تێپەڕاندنی نەوت ئاسان بێت، لەو وڵاتانەدا ئێمە قازانجێکی مشتەرەکمان لەگەڵ ئینگلیزدا نەبوە. ئینگلیز قازانجە مشتەرەکەکەی لەگەڵ عەرەبدا بوە لەبەر ئەوە دەوڵەتی بۆ عەرەب دروست کرد بۆ ئێمەی دروست نەکرد.

ڕۆشنگەری: یەک را هەیە لە دابەشکرنەوەی نەخشەکانی ئەم ناوچەیە، ئەوەی ئێستا پێی دەڵێن عێراق و ئەو پارچەی کورد کە بەر عێراق کەوتوە، گوایە دو ئامانجی

هەبوە. ئەوەی بەڕێتان باسی کردوە، رایەکی تریش هەیە بۆ راگرتنی تەوازن بوە لە نێوان سوننە و شیعە، سوننە بە سیفەتەی لە خواری عێراقدا کەمە، وە کورد سوننەیە. بۆ ئەوەی دەساڵەتەکە نەکەوێتە دەست شیعەوە و ئەو تەوازنە رابگرێ. ئایا ئەو بۆچونە راستە.؟

کاک نەوشیروان: بەڵێ، کۆمەڵێ سەبەب هەیە. ئەوەی کە من باسم کرد یەکێکە لە سەبەباکان، بەڵام یەکێکی تر لە هۆکارەکان ئەوەیە راگرتنی تەوازنی تائیفی لە نێوان سوننە و شیعەدا، مەلیک فەیسەڵ خۆی باسی کردوە. ئەو بە ئینگلیزەکانی وت من ئامادە نیم بڕۆم ببم بە مەلیکی وڵاتێکی شیعە، لەبەر ئەوە ئەگەر ویلایەتی موسڵ نەخەنە سەر عێراق، عێراق وەک دەوڵەتێکی بێ سەر وایە! وەکو لاشەیەکی بێ سەر وایە من نابم بە مەلیکی. واتە هەم لە رووی ئابورییەوە ویالیەتی موسڵ هێزێک بوە بۆ دەوڵەتی عێراق چونکە ئەو زەمانە بەتایبەتی گەنمی هەبوە، نەوت و ئاوی هەبوە. ئەم جۆرە شتانەی هەبوە. سەرچاوەی سامانێکی گەورە بوە بۆ عێراق، لە هەمان کاتدا تەوازنی تایفی راگرتوە تا ئێستاش تەوازنی تایفی لە عێراقدا کورد رایگرتوە. بەڵێ راستە ئەوە قسەیەکی تەواوە.

رۆشنگەری: گەر ئەوانی باس کرابێت پەیوەندییەکانی کورد بوبێت بە دەرەوە، با بڵێین پەیوەندییەکانی بە ناوەوەی خۆی، گەر پەیوەندییەکی خێڵایەتی بوبێت.؟ هەر کۆمەڵگا ئابورییەکەی، ئابورییەکی جەنگی پەلامارداری ئەبێت کە بنەمای ئابورییەکەشی جەنگی پەلامارداری بو، دیارە سەرمایە کەڵەکە نابێت کە سەرمایە کەڵەکە نەبو دیارە بازاڕ دروست نابێ. ئەنجا نەتەوە دروست نابێ. پێت وانییە ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییە خێڵایەتییە.؟

کاک نەوشیروان: دور نییە وابێت. بەڵام ئەوە عەرەبستانی سعودیە، خێڵیش بوە و دەوڵەتیان دروست کردوە. دەوڵەتەکانی خلیج هەمویان لەسەر ئەساسی خێڵ دروست بون، دەوڵەتیان هەیە و پایتەخت و ئاڵایان هەیە، هەندێکیان پەرلەمان و وەزارەتیان هەیە.

رۆشنگەری: بەو مانایەی خێڵ لە هەناوی رۆحێکی نەتەوەییە.؟

کاک نەوشیروان: من پێم وابێت، بەڵام خۆ گەشەکردنی مرۆڤایەتی ئاوەها رۆشتووە. سەرەتا تاکە ئەنجام خێزانە ئینجا بنەماڵەیە ئینجا خێڵە، لە خێڵ گەورەتر ئینجا ئینتیمای نەتەوایەتیی تێدا دروست ئەبێ، واتە خێڵ نیشانەی دواکەوتنی کۆمەڵە. نیشانی پێشکەوتن نییە!

رۆشنگەری: ئەوە زیاتر رایەکی ئیبن خەلدونە کە ئەڵێ "خێڵ لە هەناوی خۆیدا هەڵگری رۆحی نەتەوەییە".

کاک نەوشیروان: مومکینە بۆ زەمانی ئەوان وا بوبێ، بۆ زەمانی ئێمە ئەسڵەن خێڵ رێگری بەردەم یەکبونی هەستی نەتەوەییە.

رۆشنگەری: ئەگەر بزوتنەوەی ناسیۆنالیزم گۆڕانێک بوبێت لە مێژودا لە قەدەرێکەوە بۆ چارەنوسێکی هاوبەش. بە دوای خۆیدا دنیایەک گۆڕانکاری دروست کردنی لە نەخشەو دەسەڵات و حەقیقەتەکاندا تا چەند دەتوانین رۆڵی نوسین بە زمانە لۆکاڵییەکانەوە (محەلی) ناوچەیی لەو گۆڕانە مێژووییەی ناسیۆنالیزمیدا بنرخێنین.؟ وە بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد لە کوێی ئەو گۆڕانانەدا دەوەستێ.؟

کاک نەوشیروان: من دیسانەوە دێمەوە سەر باسی ئەوەی کە حاڵەتەکان شتی لەیەکچو یان هاوبەشی هەیە، هاوبەسی لەیەکچوشیان هەیە. بۆ نمونە ئوسترالییەکان هەمویان بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکەن، خۆشیان بە ئینگلیز نازانن. ئەمریکاییەکان بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکەن، خۆشیان بە ئینگلیز نازانن. فلیپین بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکەن، خۆیان بە ئینگلیز نازانن.

هندستان تا چەند ساڵ لەمەو پێش بە زمانی ئینگلیزی نوسین و ئەوانەیان کردوە. وایە زمان لە هەندێ میللەتدا عامیلێکی گرنگ نییە لە دروست کردنی نەتەوەدا، بەڵام بە نیسبەت کوردەوە، واتە ئەو پرۆسە مێژووییەی کە هاتۆتە پێشەوە، زمان بوەتە یەکێک لە کۆڵەکە گرنگەکانی نەتەوەی کورد. ئەوەی کە تۆ باسی دەکەیت، بەڵێ نوسینی کوردی دەورێکی زۆر گرنگی هەبوە. لە دروست کردنی هۆشی نەتەوەیی کورد، یا لەوەی کە کورد خۆی جیا بکاتەوە لە میللەتەکانی تر.

رۆشنگەری: مەبەستم داخۆ تێکستی مێژوییانە هەیە کە تەواو گوزارشت لە...

کاک نەوشیروان: دەقی مێژوویی مەبەستت چییە.؟

رۆشنگەری: واتە نوسینمان هەیە کە بتوانێ رۆحی نەتەوایەتی بوروژێنێ و مەعریفە و شێوازی پەیوەندییە نەتەوایەتی و بزوتنەوە رەواکەی دیاری بکا.؟

کاک نەوشیروان: کاکە رۆحی نەتەوایەتی لە ناوچەکەدا تازەیە. رۆحی نەتەوایەتی وەکو ئەمین زەکی بەگ کە باوکی مێژوی کوردە، لە پێشەکی کتێبەکەیدا ئەڵێ "ئەو زەمانەی کە ئێمە ئەفسەر بوین لە زەمانی عوسمانلییەکاندا، چونکە وشەی عوسمانلیمان بەکار دەهێنا، کەس بیری لەوە نەکردەوە کە ئەمە فڵان نەتەوەیە و ئەوە فیسار نەتەوەیە. وەختێ تورکەکان خۆیان جیا کردەوە و چون بە دوای مێژوی خۆیاندا گەڕان، بزانن ئەسڵی تورک چییە و ناوی تورکیایان هێنایە پێشەوە. ئێمەش فێری ئەوە بوین ناوی کورد بهێنینە پێشەوە، وە منیش چوم کتێبخانەکان گەڕام بۆ ئەوەی بزانم ئەسڵی کورد چییە" کەواتە بەو مانایە شتێکی تازەیە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە جوڵانەوەی کوردیی نەبوە و بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی نەبوە و فڵان نەبوە. یان بە مانای ئەوەی کە تۆ پێت وابێت یەکێک ئەبێ هەزار ساڵ لەوەو پێش مانیفێستێکی دەر کردبێ، لەسەر قەومیەتی ئینجا ئەوە قەومییەتە.

رۆشنگەری: نەخێر من مەبەستم ئەوە نییە، مەبەستم قسە کردنە لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی و نوسین...

کاک نەوشیروان: ئەگینا کاکە. تۆ باسی مەم و زین بکە، مەم و زین چەند ساڵ لەمەو پێش نوسراوە. دە لە مەم و زیندا باسی دروست کردنی دەوڵەتی کوردی دەکات، باسی ئەوە دەکات ئەڵێ ئەگەر ئێمەش دەوڵەتمان هەبوایە زمانەکەمان رەواجی ئەبو، وا ئەبو، ئەمە ئەبو.! ئەوە بڵێم لە شیمالی کوردستاندا، لە شەرقی کوردستان کە بە دەیان داستانی گرنگ بە لەهجەی هەورامی هۆنراوەتەوە، داستانی دینی و داستانی سیاسی تیادایە، داستانی جەنگی و دڵداری و، کۆمەڵێ شتی لەو بابەتانە هەیە کە ئەگەر ئێمە بە دوایدا بگەڕێین، بەڵێ زۆر شت لە هەمویاندا پێک دەهێنن. بۆ نمونە خانای قوبادی باسی ئەوە دەکات و ئەڵێ "زمانی فارسی وایە و شیرینە، عەرەبی وایە و بەڵام کوردی لە هەمویان خۆشترە" ئێ باشە ئەگەر

کابرایەک هەستی نەتەوایەتی نەبێت ناچێت شیرین و فەرهاد چەند هەزار بەیتە، هەموی تەرجومە بکات بۆ زمانی کوردی! لەبەر ئەوەی زمانی کوردی شیرینترە لە زمانی فارسی.

رۆشنگەری: بە تایبەتی لە دەقە عەرەبییەکاندا قسە زۆر لەسەر نەتەوەی عەرەب دەکرێت و محاوەڵەی دەقی کورد چییە.؟ وەکو کاک مەریوان وتی: لەوانەیە مەبەستی کەسی کورد بێ.؟

کاک نەوشیروان: هیچ نەتەوەیەک بە مانیفێست دروست ناکرێ.

ڕۆشنگەری: من مەبەستم لەوەیە بۆ نمونە نوسەرێکی سەردەمی ڕێنیسانس کە (فرانسیس بیکون) پێی وایە کە نوسین و چاپەمەنی بە تەنها شێوازی حاڵی جیهانیان گۆڕی. واتە ڕۆڵێکی ئەوەندەی بینیوە لەسەر ڕەوتە گشتییەکەی عالەم، کە ئەبێتە شێوازی پەیوەندییەکانی جیهان بە جۆرێک دابڕێژێتەوە. من هەندێ ژمارەم لەسەر ئەو حاڵەتانە نوسیوە.. کە تاکوساڵی ١٥٠٠ بیست هەزار کتێب نوسراوە، کە بە زمانی لاتینییە، لە ساڵی ١٥٠١دا واتە ساڵێک لە دوای ئەوە ٨٨ کتێب نوسراوە، کە تەنها ٨دانەیان بە زمانی لاتینی‌یە، ئینجا لە ساڵانی دوایی‌دا زمانە لۆکاڵییەکان ڕۆڵیان بینیوە.

کاک نەوشیروان: ئاخر لاتینی زمانێکی مردو بوە، بەس بۆ کەنیسەکان بەکار هاتوە. واتە کەس نەبوە بە زمانی لاتینی قسە بکات، تەنها بۆ نوسین بەکار هاتوە. نەتەوەیەک نەبوە لەو زەمەنەدا بە زمانی لاتینی قسە بکات، ڕەنگە پێشتر هەبوبێ، لاتینی تەنها زمانی ڕەسمی کەنیسە و نوسین و ئەوانە بوە.

ڕۆشنگەری: من باسی نوسین ئەکەم، ئایا نوسین لەلای ئێمە هەمان ئەو مەهامەی هەڵگرتوە کە لە ئەوروپا و لە شوێنەکانی تردا هەڵیانگرتووە. واتە دەعمی حەرەکەی ناسیۆنالیزمی کوردی بکات، تەبعەن ئەوە مەجموعەیەک نوخبە نوسیویەتی ئایا دابەزیوە بۆ ناو فەردەکانی کۆمەڵگەی کوردی، واتە ڕۆحێکی نەتەوایەتی دروست بکات کە هەوڵدان بێ لە پێناوی مانەوەدا، هەوڵدان بێ دامەزراندنی کیانی سەربەخۆی کوردی.؟

کاک نەوشیروان: جارێ نوسین لە ناو خوێندەوار بڵاو ئەبێتەوە، کورد ژمارەیەکی زۆر زۆر نەخوێندەواری تێدایە، خۆ ئەگەر بە نیسبەت حسابی بکەین، بەشی زۆری نەخوێندەوار بوە، ئیتر نوسین چۆن تێیدا بڵاو ئەبێتەوە، جا تۆ ئەگەر باسی نوسین بکەیت باشە جەریدەی کوردستان لە ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیرە دەرچوە، پەیامەکەی چی بوە.؟ پەیامەکەی کوردایەتی بوە!

ڕۆشنگەری: زۆر لە موفەکەرە سیاسییەکان پێیان وایە کە بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی هیچ ناگەیەنێ گەر کار بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوە نەکات. دیارە دەوڵەتی نەتەوە لە ڕوی فکری‌یەوە بە لە دایکبوی مۆدێرنە دەزانرێت. بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد تا چەند سودمەند بوە لەو شەپۆلە نوێگەرایییانەی باس دەکرێت.

کاک نەوشیروان: کاکە دەوڵەت بەو مانایەی کە لە ئەوروپا بڵاوکراوەتەوە هیچ مانایەکی نی‌یە لەلای ئێمە. پێموایە کە ئەڵێن دەوڵەتی نەتەوە، پێمانوایە هەموی لە یەک ڕەگەزن، وە کە تۆ باسی دەوڵەتی دەکەیت، پێتوایە ئەبێ هەر کوردی تیا بێ، واتە بۆ کورد دەوڵەتەکە دروست بێ. وشەی ئیتینیکی مانای نەیشین نی‌یە لە ئەوروپا، ئەو مانایەکی سیاسی و قانونی هەیە. کە تۆ هاوڵاتی بەریتانیای واتە تۆ فەردێکی لە نەیشنی بەریتانیا. تۆ هاوڵاتی فەڕەنسایت با (باسک) بیت بەڵام لە ڕوی قانونییەوە تۆ هاوڵاتییەکی فەرەنسیت، لە ڕوی سیاسییەوە ڕەگەزە ئینیتییەکەی تۆ لەگەڵ ئیتینیکییەکەی فەڕەنسا حسابی بۆ ناکرێت. ئەمە لە ڕۆژهەڵات دوای

ئەوەی ئەم دەوڵەتانە کە باسم کرد لەسەر ئەساسی ئیتینیک دروست بون. بۆ نمونە کەمال ئەتاتورک دەوڵەتی لەسەر ئەساسی ڕەگەزی تورک دروست کرد. عەرەبەستانی سعودیە و سوریا ئەمانە لەسەر ئەساسی ڕەگەزی عەرەبی دروستیان کرد، فارسەکانیش لەسەر ڕەگەزی فارس دروستیان کرد. ئەوکاتە ئەو مەسەلە ئیتینیکییە هاتە ناو، بڵێن ڕەوتی گەشە کردنی بیری نەتەوەی‌ی و جوڵانەوەی نەتەوەی‌یە.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەرستدا شێوازێکی تایبەتی هەیە، ئەبێ بە جیا شی بکرێتەوە، هەندێ شت هەیە لەوانەیە لە نەتەوەکانی ئەوروپا ئەچێت. بەڵام هەندێ شت هەیە لە

جوڵانەوەکانی ئەوروپا ناچێت، بۆ نمونە هەر لە ناوەکەدا عەرەب وشەی (أمة) بەکار ئەهێنن، لە هەمان کاتدا قەومیەتی عەرەب بەکار ئەهێنن، تا ئێستا ئەو شێوازییە لە موستەلەحەکان‌دا ساغ نەکراوتەوە، چونکە مەفهومی نەتەوایەتی، مەفهومی ناسیۆنالیزم لەم وڵاتانەی ئێمە جیاوازە لە مەفهومی ناسیۆنالیزم لە وڵاتانی ئەوروپا. مەفهومی هاوڵاتی، مەفهومی نەیشین واتە مەفهومی میللەت، دیسانەوە جیاوازە. لە بیری ئێمە لەگەڵ بیرکەرەوەکانی ئەوروپا. لەبەر ئەوە وەکو جۆرێک لە تێکەڵاو بون لەوەدا دروست ئەبێ ئەوەی کە تۆ ئەتەوێ باس بکرێت، ئەوە دەوڵەتی نەتەوە لە ئەوروپا نە مانای ئیتینیک نی‌یە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە مانای ئیتینیکە.

ڕۆشنگەری: مافی هاوڵاتی وەک مافی کەسێک لەناو دانیشتوان‌دا جیاوازە لە مافی ئینسانێک لە شوێنگەیەکی جیاواز لە نەتەوەی خۆی، واتە خۆڕاگرتنی جیاواز لەوانەی تر لە ڕوی ناسیۆنالیزمەوە، کە ئەم باسە دەماگوازێتەوە بۆ قسە کردن لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی.

کاک نەوشیروان: کاکە یەکێک لەو شتانەی لە کۆمەڵگەی مەدەنی‌دا واتە کۆمەڵگەی تازە، ئەو کۆمەڵگەیەی کە ئێوە باسی ئەکەن یەکێک لە گرنگترین شتەکانیان (ئینتیگرەیشن)، (ئینتیگرەیشن) بە مانای (اندماج). تۆ ئەگەر بتوێیتەوە لەوێدا واتە ئەوەی کە ئەو برادەرە باسی کرد، خێڵ نامێنێ لەوێ‌دا، هەتا هەندێ جار بنەماڵە نامێنێ. مرۆڤ خۆی بەرپرسیارە لە چارەنوسی خۆی لەبەرامبەر کۆمەڵەکەی و لە بەرامبەر دەوڵەتەکەی، بۆچی.؟ بۆ نمونە لە وڵاتانی پێشکەوتودا، ئەو وڵاتانەدا خێڵ نەبوە، خۆ خێڵ هەبوە بەڵام خێڵ کە تواوەتەوە واتە لەناو کۆمەڵەیەکی گەورەتردا واتە ئیندیماجی کردوە لە نەتەوەدا، واتە ئەوەی تۆش باست کرد هەمو ئەو ڕەگەزە جیاوازانە لەناو دەوڵەتی نەتەوەدا لەو وڵاتانەدا ئەتوێتەوە. بە مانای ئەوە نی‌یە کە شتێکی گرنگی لە کیس چوبێت. هیچی لە کیس نەچوە. واتە لە وڵاتێکدا ئەژی ئەتوانێ ببێت بە ڕەئیسی دەوڵەت، ئەتوانێ ببێت بە ڕەئیسی حزب، ئەتوانێ ببێت بە هەر شتێک کە هەوڵی بۆ بدات، واتە لایەنە ئیتیکیەکەی نابێت بە ڕێگر لە دەمیدا کە ئەو چی بکات. بەڵام تۆ (کورد) لە ئێران و عێراق و سوریاش تورکیاش ڕەگەز بونی کورد ئەبێت بە مانع (ڕێگر) لە بەردەمی‌دا بۆ ئەوەی ببێت بە سەرۆکی دەوڵەت و ڕەئیسی وزەرا و ڕەئیسی حزب و ببیت بە مەسئولی گەورە کاتێک بزانن تۆ کوردیت شکت لێ دەکەن، بەڵام لەو وڵاتانە ئەوە نەماوە، ئەوە تێپەڕیوە. من پێموایە لەم وڵاتانەی ئێمەشدا جۆرێک لەو بیرە سیاسی‌یەی کە لە ئەوروپا زاڵ بوە بەسەر دەسەڵاتەکاندا بەس بۆ تواندنەوە و بۆ ئیندیماج بەو تەریقەیەی کە لەوێ کردویانە. نە بەو تەریقەیەی کە لێرە بۆ تواندنەوە و سەرکوت کردنی پاکتاو کردنی ڕەگەزی ئەمانە ئەیکەن. مومکین بو لەمانەشدا دەوڵەتی نەتەوە دروست ببێت. بەڵام ئەمانە دەوڵەتی نەتەوە نین، ئەمانە دەوڵەتێکن لەسەر بنچینەی نەتەوایەتی دروست بون.

ڕۆشنگەری: بەلای بەڕێزتەوە شۆڕشی نوێیە بەرابەرایەتی (ی.ن.ک)، مەسەلەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە چ گوتارێکدا فۆڕمەلە کردوە.؟

کاک نەوشیروان: هەر لە سەرەتاوە کە (ی.ن.ک) دامەزراوە، هەڵگری دروشمی مافی چارەنوسە بۆ گەلی کورد.

ڕۆشنگەری: مەبەستم ئەو دابڕانەی لە نێوان شکستی ١٩٧٤داو شۆڕشی نوێی (ی.ن.ک)دا، ئەو پەیامەی کە یەکێتی هەڵی گرتوە، ئەگەر چی پەیامێکی نەتەوایەتی بوە بەڵام ڕەگەزێکی خێڵایەتی پێوە دیار نەبوە. ڕەنگە لەسەر هەمان بونیاد بوایە نەیتوانیایە تەحەمولی هەندێ شکست و شتی وای نەکردبێ هەندێ شکستی کە لەو کاتانەدا ڕوی


داوە. شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە ڕێبەرایەتی (ی.ن.ک) مەسەلەی ناسیۆنالیستی، لە چ ئاستێکدا بینیوەتەوە، واتە ئیشکردن بۆ ئەو خەباتە چۆن بوە.؟

کاک نەوشیروان: لە شۆڕشی نوێدا تۆ ئەتوانیت بڵێیت کە (ی.ن.ک) کۆمەڵێ بیر و بۆچونی تازەی هێناوەتە کایەوە و لە ڕوی سیاسییەوە وەکو باسم کرد یەکێتی هەڵگری مافی چارەی خۆنوسینە بۆ گەلی کورد، واتە باوەڕی بەوە هەیە کە کورد دەوڵەتی خۆی هەبێ، کیانی سیاسی هەبێ، ئازادی و سەربەخۆیی هەبێ، لەبەر ئەوە لە چ قۆناغێکدا جێبەجێ ئەبێت، بە گوێرەی چۆنایەتی دیاری ئەکرێت. بۆ نمونە مافی چارەی خۆنوسین ئەو حەقە ئەدات بە گەلی کورد کە ئەگەر بە چاکی بزانێت لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە. بە مافی ئەتۆنۆمی ڕازی بێت یا بە هەرچی ڕابێت، وەکو هاوڵاتییەک بمێنێتەوە. ئەوە ئەکەوێتە سەر ئیرادەی ویستی کۆمەڵانی خەڵک لە کوردستاندا. لە ڕوی تەرکیبی حزبەوە بۆ یەکەمین جار ئێمە حزبێکمان هێنایە کایەوە کە تۆ لەسەر ئەساسی فەردی، لەسەر ئەساسی لێوەشاوەیی خۆت ئەتوانی پلە و پایە بگریتە دەست، لەبەر ئەوە تۆ پیاوێکی تێکۆشەریت، فکرت باشە. لەبەر ئەوە ئەتوانیت ببیت بە ئەندام ببیت بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یان سەرکردایەتی، نەک لەبەر ئەوەی تۆ لە فلانە خێڵی یان لە فیسارە خێڵی، سەکردەی حزبەکەشمان با بڵێین ڕابەری حزبەکەشمان لە ڕێگەی لێوەشاوەیی و شەخسی خۆیەوە هاتوە بوە بە ڕابەری حزب نەک لەبەر ئەو میراتە سەرکردایەتییەی کە لە باوکیەوە بۆی مابێتەوە یان باپیرەیەوە بۆ مابێتەوە. لەبەر ئەوە ئەم حزبە هەڵگری بیری کۆمەڵێ مەدەنییە. چونکە لەسەر بنچینەی بنەماڵە و خێڵ دروست نەبوە. لەسەر بنچینەی توانەوەی هەمومان لەناو چوارچێوەی نەتەوەی کوردا. لەبەر ئەوە مرۆڤ لەسەر ئەساسی کەفائەتی شەخسی پلە ئەگرێتە دەست لەسەر کەفائەتی شەخسی لەناو وڵاتدا کاروباری حکومەت ئەگرێتە دەست. واتە ئێمە لەو ڕوەوە ئەتوانین جیاوازییەکی گەورە لەناو یەکێتیدا ببینینەوە. لەناو یەکێتیدا دەبینی گەلێ کەس هەیە لە بنەماڵەیەکی زۆر ناسراوەوە هاتوتە پێشەوە بەڵام چونکە خۆی لێوەشاوە بوە، بە توانا بوە لە فەترەیەکی کەمدا بروزی کردوە، بوە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لەناو خەڵکیشدا بوە بە پیاوێکی ناسراو. وە ئەوەش نیە بڵێی ڕابەری حزبەکەی ئێمە چوە پەلی زەلامێکی گرتوە و بیهێنێت بیکات بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یان هەر پلەیەکی تر. ئەو کادرانە خۆیان هەوڵیان داوە کە ئیسپاتی شەخسیەتی خۆی بسەلمێنێ و جێگەی خۆی بکاتەوە لەناو کۆمەڵەکە و ئەوەش یارمەتی دەر بوە بۆ ئەوەی کە خەڵکی تازە بێنێتە پێشەوە.

ڕۆشنگەری: کەواتە لە یەکێتیدا ئیشکردنی فکر و سیاسی و مقاومەت بنەمایەکی خێڵەکیانە نەبوە. هێندەی ئیشکردن بوە لەسەر ئەساسی نەتەوە، بەمان گشتگیریەکەی؟ واتە پێت وایە کار کردنی یەکێتی بۆ نەتەوە بوە کە ئینتیما بۆ نەتەوە بێ نەک بۆ خێڵە جیاوازەکانی ناو نەتەوە.؟

کاک نەوشیروان: بەڵێ پێموابێت یەکێتی کردویەتی و تیاشیا سەرکەوتو بوە، بۆ نمونە ئێمە لە وڵاتێکدا ئەژین کە ئێستا خێڵی تیا ماوە، ئەم خێڵانە دابەش ئەبن بەسەر تیرە و هۆزی جیاجیا. هەمو یەکێک لەوانە سەرۆکی خۆیانیان هەیە، ئێمە ئەمانتوانی بڕوین سەرۆکەکەیان رابکێشین و قاعیدەکەی ئیهمال بکەین بەڵام نەچوین ئەوە بکەین. ئێمە لە هەمو خێڵێکدا هەوڵمان داوە ئەندامێک لەناو خێڵەکەدا بە جیا لە سەرۆکەکەیان لەناو یەکێتیدا ڕێک بخەین. بۆ نمونە عەشیرەتی جاف، بەگزادەکانی جاف، سەرۆکی خێڵی جافن. ئێمە هەوڵمان نەداوە بڕوین لە ڕێگەی بەگزادەکان یان سەرۆکی خێڵی جافەوە نفوزی خۆمان زیاد بکەین. کە عەشیرەتی جاف عەشیرەتێکی گەورەیە بەڵکو خۆمان راستەوخۆ ڕۆیشتوین لەگەڵ تێکۆشەرەکانی عەشیرەتی جاف، تایفە جیاوازەکانیان کە لە قاعیدەی عەشیرەتەکانیاندا بون، ئەوانەمان ڕاکێشاوە لە هەمان کاتیشدا ئێمە معامەلەمان لەگەڵ سەرۆکی خێڵەکان کردوە، وەکو شتێکی موجود کە هەیە، واتە پێت خۆش بێت و پێت ناخۆش بێ هەیە. لەبەر ئەوە هەوڵ ئەدەین کەڵکی لێ وەربگرین بۆ سودی میللەتەکەمان. بەها باشەکانی ئەم ژیانە بپارێزین و بەها خراپەکانی بچینەوە بە گژیدا، وە معامەلەیەکی عەسریی لەگەڵدا بکەین، واتە معامەلەیەکی وای لەگەڵدا بکەین کە ئەویش بێت لەگەڵ ژیانی گشتیدا بەشداری بکای بەڵام بنچینەی ئیشکردنی ئێمە لە ڕێگەی سەرۆکی خێڵەکان نەبوە، خۆ ئەمانتوانی ئێمەش مەجلیسی رەئیسی عەشیرەتەکان دروست بکەین. (٢٠٠ تا ٣٠٠) کەس کۆ بکرێتەوە و خۆی مەسئولی ئەوە بێت کە (٥٠ بۆ ١٠٠) کەس بێت، ئێمە هەمو ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی کە لەناو ئێمەش ئەندام بون، ئەوی پێی خۆش بێ و پێی نا خۆش بێ چوین لەناو عەشیرەتەکەی ئەودا ئیشمان کردوە و ئەندامامان بۆ حزبەکەی ڕاکێشاوە.

ڕۆشنگەری: پاشە ڕۆژی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی چۆن ئەبینیتەوە.؟



کاک نەوشیروان: پاشە ڕۆژی ناسیۆنالیزمی کورد زۆر بە گەش بینی ئەبینم، پێم وابێت ئێمە لە تورکیەش مافی نەتەوایەتی خۆمان وەر ئەگرین، لە عێراقیش مافی نەتەوایەتی خۆمان وەر ئەگرین، لە ئێران و سوریاش مافی نەتەوایەتی خۆمان وەر ئەگرین، بەڵام بەستراوە بە زەمانەوە.

ڕۆشنگەری: دوای ئەو هەمو شەڕ و کوشتارە و گۆڕان کارییە گەورەکان دنیا و هەزارەیەکی نوێ، تەسەوری دەکەیت جارێکی تر نەخشەی سیاسی ئەم ناوچەیەی لای خۆمان بگۆڕدرێت.؟

کاک نەوشیروان: بەڵێ بە ڕێگەی جیاوازیش. من هیچ گومانم نییە، بۆ نمونە کوردەکانی تورکیا دەستکەوتێکی زۆری نەتەوەییان ئەبێت، کوردەکانی ئێرانیش لە پاشە رۆژێکی نزیکدا دەستکەویان ئەبێ. ئێستا خۆی لە ئێران ئەوەتا خوێندن بە زمانی کوردییەو رادیۆ و تەلەفزیۆن و کەناڵی فەزایی بە زمانی کوردییە، جل و بەرگ هەر کوردییە، هەندێ کار بەدەست و فەرمانبەریان لە ناوچە کورد نشینەکان دانوە. بۆیە داشیان ناوە چونکە ئەزانن کورد جێی خۆی کردوتەوە. وە ئەوە خۆی لە خۆیدا گۆڕینە. سەرەتای گۆڕینەکە دەستی پێ کردوە بە قازانجی گەلی کوردە. لەبەر ئەوە من پاشە ڕۆژی گەلەکەم زۆر بە گەشبینی ئەبینم. بەڵام من لە تەمەنی خۆمدا باوەڕ ناکەم نەخشەی سیاسی ناوچەکە بگۆڕێت، واتە لەم ئایندەی نزیکدا ئەوە نابینم. نەخشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەم نزیکانە نا گۆڕێت. جاری واش هەیە لەوانە، بۆ نمونە هیچ دەوڵەتێک لە دەوڵەتە گەورەکانی دنیا پێیان خۆش نەبو یۆگسلافیا هەڵبوەشێت، دە هەڵوەشا و شەڕی ئەهلیشی تیا دروست بو، کەسیش نەیتوانی ڕێگەی لێ بگرێ. یەکێتی سۆڤیەت بە (٧٠) ساڵ ئەو یەکێتییەیان دروست کرد، لە ئەو هەمو نەتەوە و جمهوریەت و شتانە کەچی لە پڕێکدا هەرەسی هێنا و ئەو دەوڵەت و شتانەی لێ دروست بو. لە ڕاستیدا ناتوانم پێشبینی شتی وا بکەم، بەڵام ئەوەی کە ئێستا لە نزیکدا ئەیبینم، هیچ



نیشانەیەک نابینم بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئێران و تورکیا و سوریا و عێراق و بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ڕۆشنگەری: بۆچی ئەو گەشبینییە.؟

کاک نەوشیروان: کاکە بۆ گەشبین نەبم، من (١٥) ساڵ لە شاخ بوم (١٠) ساڵە حاکمی سلێمانیم، وایە یان وانییە.؟

ڕۆشنگەری: لە بەرامبەر ئەو پلانانەی بەسەر ناسیۆنالیزمی کوردییەوە هەیە (بە نمونە: لە کوردستانی تورکیا)، چۆن گەشبینی.؟

کاک نەوشیروان: کام موئامەرە، موئامەرە لە کوێدایە.؟ سەرۆکی حزبەکە کابرایەکی نەزان و ترسنۆک بو، بهاتایەتەوە بۆ کوردستان ئەو هیچی لێ بەسەر نە دەهات، ئەو نەزەرییەی موئامەرەیە کە ئێمە پێمان وایە هەرچی شتێک روو ئەدات هەر موئامەرەیە، ئەوە تێپەڕیوە.

بەڵام ئێستا ئەو تەجروبەیەی ئێمە بە تەئکید هەندێ دەوڵەت هەیە پێی خۆش نییە، هەندێ جێگا هەیە پێی خۆش نییە، لەوانەیە موئامەرەی لێ بکەن بۆ ئەوەی بروخێت، هەوڵ ئەدەن بەردەوام شەڕی لە کوردستاندا هەبێ، ئاژاوە و پشێوی هەبێت. من نامەوێت ناوی هیچ لایەنێک بێنم، بەڵام دراوسێمان هەیە بە تەئکیدی پێی خۆش نییە تەجروبەی کوردستانی عێراق سەرکەوتو بێت، بۆ ئەوەی بیکاتە نمونەیەک بۆ وڵاتەکەی خۆی. لەبەر ئەوە پێی وایە ئەمە خەتەر بۆ سەر ئاستی وڵاتەکەی خۆی وە پێی خۆشە شکست بهێنێ بۆ ئەوەی لە دونیادا باسی بکات، بڵێ کورد ناتوانێ دەوڵەتداری بکات. کورد ناتوانێت ئابوری وڵاتەکەی خۆی بەڕێوە بەرێ، کورد ناتوانێت جامیعەکانی خۆی بەڕێوە بەرێ، کورد ناتوانێ ئاسایشی کۆمەڵەکەی خۆی بکات، کورد ناتوانێ ئیدارەی خۆی بکات، بەڵام ئەوە ئێمە ئیسپاتمان کردوە کە ئەتوانین وڵاتەکەی خۆمان زۆر بە ڕێکوپێکی بەڕێوە بەرین.

ڕۆشنگەری: لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا شە و دو دەسەڵات و کێشەی ناوخۆیی و دروست بونی کۆمەڵێک هێز و پارتی نامۆ بە ناسیۆنالیزمی کوردی بونەتە کۆمەڵێک فاکتەری خەتەر بە سەرمانەوە، کە ناتوانین باس لە هەندێ مافی گەورەتر بکەین، بەردەوام سەرکردەکانمان باس لە جیابونەوە و دروست نەبونی دەوڵەتی کوردی دەکەن. لە بەردەم ئەم حاڵەتانەدا بۆچی گەشبین بین.؟

کاک نەوشیروان: من گەشبینییەکەم لەوەدا خۆی ئەبینێتەوە جارێکی تر ئەم ناوچەیە، واتە ناوچەی هەرێمی کوردستان جارێکی تر نابێتەوە بە پارچەیەک لە عێراق، وەکو ساڵانی پێش ڕاپەڕین، واتە پێش ساڵی ١٩٩١.

واتە ئەو جۆرە پەیوەندییەی لە نێوان ناوچەی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی مەرکەزی عێراقدا هەبو، جارێکی تر ئەو جۆرە پەیوەندییە دروست نابێتەوە بە هیچ جۆرێک، ئەوە یەکەم. دوەمین، ئێستا لەم زەمانەدا بە ڕاستی زەمانی دەوڵەتی بچوک بچوک نەماوە. ڕەنگە ئێمە وەکو گەلێک عوقدەی ئەوەمان هەبێت کە دەوڵەتی تایبەتی خۆمان هەبێ بەم زەمانەیە، زەمانی تەکەتولاتی ئابوری و سیاسی و عەسکەری زۆر گەورە گەورەیە، واتە تۆ دەوڵەتی بچکۆلانە لە شوێنێکدا دروست ئەکەیت، موحاسەرە ئەدرێت لە لایەن تورکیا و ئێران و عێراق و دەوڵەتانی عەرەبییەوە، ئەمرێت، واتە ناتوانێ بژی. ئێمە ئەگەر لە عێراقێکی دیموکراتیدا کیانێکی فیدراڵی خۆمانمان هەبێت، خۆمان بتوانین حوکمی وڵاتەکەی خۆمانی پێ بکەین، پەرلەمانێکی خۆمان هەبێ و قانون بۆ ناوچەکەی خۆمان دابنێ، پێم وایە زۆر بە چاکی ئەتوانین ئێمە ئیسفادە لە ئیمکانیاتی عێراق بکەین. وە عێراقیش ئەتوانێ ئیسفادە لە ئیمکانیاتی ئێمە بکات. لە دوایدا یارمەتی پارچەکانی تریش بدەین، یارمەتی شوێنەکانی تریش بدەین، لە وڵاتی خۆماندا بە ئازادی ئەژین. واتە ئەوەی کە مەسئولەکانی ئێمە هەمیشە تەئکید لەسەر ئەوە ئەکەنەوە کە ئێمە دەوڵەتی سەربەخۆمان ناوێت، ئەوە یەکێکە لە شەرتەکانی هەمو ئەو دەوڵەتانەی کە ئێستا پشتیوانی لە کورد ئەکەن بۆ ئەوەی پشتیوانیمان لێ بکەن، هەم ئینگلیز هەم ئەمریکا، ئەمریکا کە خۆی بە هێزی گەورەی پارێزگاری کردنی ئەم ناوچەیە دەزانێ، یەکەمین شەرتی ئەوەیە کە عێراق پارچە پارچە نەبێت، ئەڵێ عێراق پارچە پارچە بکرێت یارمەتیتان نادەم. لەبەر ئەوە ناچاری کە بڵێی دەوڵەتی سەربەخۆم ناوێت. بۆ ئەوەی کە خۆت بگونجێنی لەگەڵ ستراتیجی دەوڵەتە گەورەکان لە ناوچەکەدا. بۆ ئەوەی ئەو ناکۆکییە کە لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا دروست بو، ئێمە ئەو ناکۆکییە دروست نەکەین. هەوڵ ئەدەین لەگەڵ ستراتیجی ئەو وڵاتانەدا بگونجێین بۆ ئەوەی نەیەنەوە بە گژماندا.

ڕۆشنگەری: لە ئێستادا لە گۆڤار و ڕۆژنامە و کەناڵە میدیاکانی جیهاندا بە قورسی باسی جیهانگیری دەکرێت، بەشێکی زۆری موفەکیرەکانی ئەم بوار دیاردەی جیهانگیری بە خەتەر دەزانن بۆ سەر دەوڵەتی نەتەوە و بزوتنەوەی ناسیۆنالیزم. بەڕێزت ئەم دیاردەیە چۆن وەڵام دەدەیتەوە و کورد لە کوێی ئەم دیاردەیەدایە.؟

کاک نەوشیروان: من بیرو ڕام بە تەواوەتی پێچەوانەی ئەوانەیە، پێم وایە ئەو بیر و ڕایانە لەلایەن ئیسلامی سیاسی و لە لایەن عەرەبەوە دێتە پێشەوە. خەتەری عەولەمە شتی تر. من نەک هیچ خەتەرێک لە عەولەمەدا نابینم، پێم وایە کورد قازانجی لێ ئەکات، هەر یەک شتی بچکۆلانەت بۆ باس بکەم، ئێستا لەوەتەی ئەنتەرنێت داهاتوە، لەناو ئەنتەرنێتدا زیاتر لە پارچە جیاوازەکانی کوردستان، هەمو ڕۆژێک لە سەرانسەری دونیا سەدان ملیۆن بەشەر ئەتوانێ دەنگ و باسی سلێمانی، ئەتوانێ دەنگ و باسی هەولێر و دهۆک بزانێ. ئێمەش ئەتوانین دەنگ و باسی دیاربەکر و مەهاباد و...هتد بزانین. چ زەرەرێکت لە سەتەلایت کردوە.؟ واتە ئێوە خۆتان دەزانن ڕۆڵی سەتەلایتی کوردی لە پێکەوە گرێدانی ناوچەکانی کورد تا چەند گرنگە. لە پێکەوە گرێدانی هۆشی نەتەوەیی لە دەوری زمانی هاوبەشدا لە ڕۆشنبیری هاوبەشدا، ئەوە نمونەیەکی بچکۆلانەیە ئەو عەولەمەیەی کە ئەوانە بە خەتەری ئەزانن. بێگومان هەندێ لەو کۆنەپەرستانە بە خەتەری ئەزانن چونکە ئەو سنورانە ئەشکێنێ، وە جیهانگیری خەریکە وای لێدێت تۆ بتەوێت و نەتەوێت دەێتە دێتە ناو ژورەکەتەوە. لەبەر ئەوە مادام بە بێ ئیرادەی منە واتە من رازی بم و رازی نەبم، کەوایە هەوڵ ئەدەم بۆ شتی چاک بەکاری بهێنم. بێینەوە سەر ئابوریش، ئێمە هەمومان لە زودا زۆر دوژمنی ئەمریکا بوین بەڵام وەرە تەماشای حەزارەتی بکە، تەماشای عیلمی ئەمریکا بکە، تەیارە لەوێوە داکەوتوە، کۆمپیوتەر لەوێوە داکەوتوە، دەرمانی گرنگی عیلمی (طب) هەیە لەوێوە داکەوتوە، واتە بەشەرییەت قەرزداری


ئەوانە، بۆ نمونە لە زەمانێکدا لە سلێمانی هەزارەها کەس بە ئاوڵە مردوە، هەزارەها بە رشانەوە و بە سیل و تاعون مردوە، دەرمانیان داهێناوە و لەوێوە هێناویانە بۆ وڵاتەکەی ئێمە، تاعون و مەلاریا و سیل و رشانەوە و...هتد نەهێشتوە. من چ زەرەرێکم کردوە لە عەولەمە؟ ئەوە بەشێکە لە نیشانەکانی عەولەمە، بۆ نمونە کۆمپیوتەر ئێمە دامان نە هێناوە، لە ئەمریکاوە دایان هێناوە و ئێمە سودی لێ ئەبینین، کۆمپیوتەر شتێکی بەکەڵکە یان کەڵکی نی‌یە، ئوتومبێل شتێکی بە کەڵکە یان نا، رادیۆ و تەلەفزیۆن بە کەڵکە یان کەڵک نی‌یە؟

رۆشنگەری: بەڵام گومانی ئەوە دەکرێت کە کورد لە بەرامبەر دیاردەی جیهانگیری‌دا هەمو بە سودی خۆی ئەگەڕێتەوە، بە نمونە لە روی رۆشنبیری و راگەیاندن و... هتد. پێت وا نی‌یە کاریگەری بۆ مەسغی شەخسیەتی کوردی هەبێت، لە روی جیاوازی کەناڵە مەحلییەکانی ئێرە و کەناڵەکانی سەتەلایت؟

کاک نەوشیروان: بۆ مەسغی ئەکات، بۆ نمونە بڵێین کەناڵی فەزایی C.N.N تازەترین هەواڵی دونیات پێ ئەگەیەنێ لە شوێنی روداوەکەوە. جەزیرە بە هەمان شێوە. ئیتر بۆ مەسغی شەخسیەتی کوردی ئەکات. راست ئەکەیت مەسغی شەخسیەتێکی کۆنە پەرست ئەکات. کابرایەکی کۆنە پەرست کە باوەڕی بە پێشکەوتن نەبوە، ئەوە بۆ ئەوانە راست ئەکەیت.

هەتا من پێم وایە ئەو جۆرە سەقافەتەی کە لە هەندێ فلیم و ئەوانەدا (تەبعەن هەموی نا) چونکە بەشێک لەوانە لە سەتەلایتدا بڵاو دەکرێتەوە بە راستی ئەوە لە ناو کۆمەڵگای ئەوروپای‌دا نی‌یە، لە ناو بارو شوێنی سۆزانییەکان‌دا هەیە. واتە ئەوە بەو شێوەیە نی‌یە. وە لەناو کۆمەڵی ئاسایدا زۆر کەمە. خێزانی ئاسایی ئەو جۆرە رەفتارە ناکات کە لە کەناڵەکانەوە پیشان ئەدرێت، من باسی ئەوانە ناکەم بەڵام هەتا لە دروست کردنی یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا لە نێوان کچ و کوڕدا لە نێوان خێزانێک و خێزانێکی تردا، ئەو جۆرە سەقافەتەی کە لە ئەوروپاوە بێت بۆچی مەسغی شەخسیەتی من ئەکات.

لە دوای ئەوە راستە کە تۆ ئاشێکی ئاوت هەبێ، کە ئاسی ئاگر داهاتووە بڵێی وەڵڵا نابێت ئاشی ئاگر بێتە وڵاتەکەمەوە. لەبەر ئەوەی من ئاشی ئاوم هەیە و ئاشی ئاوەکەم را ئەوەستێ. دایمە ئەبێ تۆ بە شوێن شتی پێشکەوتوو تردا بگەڕێیت. کابرای هونەرمەندیش ئەگەر هونەرەکەی ئەوەندە دواکەوتو بێت و کەس ئامادە نەبێ گوێی لێ بگرێ، با هەر گۆرانی نەڵێ. تەنانەت لە فکری ئابوری‌دا بۆ نمونە ئەگەر بڵێین پێڵاو لە وڵاتەکەی ئێمەدا (٥٠٠) دیناری تێدەچێت، لە شوێنێکی وەکو میسر (٢٠) دیناری تێ بچێت، قازانجمان لەوەدایە کە خۆمان پێڵاو ئینتاج نەکەین، پێڵاو لەوێوە بهێنین، ئەو قاعیدەیە بەسەر هەمو شتێکدا تەتبیق ئەبێ، واتە ئەگەر ئێمە ئۆتۆمبێلێک لە وڵاتی خۆمان دروست بکەین (١٠) هەزار دۆلاری تێ بچێت بەڵام ئۆتۆمبێلێک کە لە ئەمریکا دروست ئەکرێ بە هەزار دۆلار بگاتە ئێمە، قازانجمان لەوەدایە سەیارەکەی ئەوان بهێنین واز لەوەی خۆمان بهێنین، بگوازینەوە بۆ شوێنێکی تر و خەریکی شتێکی تر بین هەروەها بۆ ئەوەنە بڵێین تۆ لە رێگەی جیهانگیرییەوە کشتوکاڵت هەیە، وا نی‌یە، ئەتوانیت کەڵک وەربگریت لە تازەترین تەکنەلۆجیای دونیا بۆ پێشکەوتنی کشتوکاڵەکەت. تازەترین داهێنانی دونیا لە رێگەی عەولەمەوە وەرئەگریت لە مەجالی سەمادی کیمیایی، لە مەجالی جۆری تۆوەکاندا و لە مەجالی بەخێو کردن‌دا، ئەتوانی بۆ پیشەسازی سودی لێ وەربگریت، ئەتوانی لە جامیعەکان‌دا سودی لێ وەربگریت بۆ نەخۆشخانە و شارەوانی، ئەتوانی ئیسفادەی لێ بکەیت. ئیتر شتە خراپەکانی کامانەن؟ هەروەها لە بواری پزیشکیدا خۆ ئێمە خۆمان دەرمانمان نەدۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی ئاوڵە نەمێنێ. ئەزانی کاکە جاران ئاوڵە چ موسیبەتێکی گەورە بوە، وەختی خۆی ئەزانی سیل بە هەزاران مرۆڤی کوشتوە. ئەزانی رشانەوە و تاعون کە بڵاو بۆتەوە لە کاتی را هەبوە بە جارێک لە ماوەی دو مانگدا (١٠٠) هەزار ئینسانی کوشتوە.



ئێمە خۆمان دەرمانەکانمان داهێناوە یا لە عالەمدا بۆیان داهێناوین. ئەو جل و بەرگەی لە بەرتایە لە کوێوە هاتوە؟ کورد دروستی کردوە؟ ئەم تەسجیلەی کە ئێستە بە کاری ئەهێنیت ئەمە هی خۆمان نی‌یە. بێگومان ئەمە لە دونیاوە بۆمان هاتوە.

رۆشنگەری: ئاخر خۆ ئەوە ئەمرۆ هەر فەردێک بگری لە فەزای کوردی‌دا هەمو شتەکانی لە دنیای دەرەوە بۆ هاتوە..

کاک نەوشیروان: باشە شتە خراپەکانی چی‌یە؟ تۆ باسی ئەوەت کرد کە هونەرمەندێک ناتوانێ هیچ بکات، با گۆرانی نەڵێ.

رۆشنگەری: هونەر بەشێکی زیندوی ئیحساسی مرۆڤە، ئەگەر نەما؟

کاک نەوشیروان: چۆن نامێنێ، ئەمیش هونەری خۆی ئەبێت بەڵام شتی مەحەلی قەت لەناو ناچێت.

رۆشنگەری: من مەبەستم راهێنانی ئەو فەردانەی کۆمەڵگایە کە واز لە شتەکانی خۆیان ئەهێنێت؟

کاک نەوشیروان: تۆ ئەبێت تەمەنای ئەوە بکەیت گۆرانی بێژێکی ئێمە بچێتە ئاستی (مایکڵ جاکسن) کە چۆن بوەتە ئەستێرەیەکی جیهانی. ئەویش ببێت بە ئەستێرەیەکی جیهانی، تەمەنای ئەوە بکەیت کە ئەویش بچێت لە رێگای ئەو گۆرانییەوە داخلی ئەو منافەسە گەورەیە بێت کە لە جیهان‌دا هەیە، نەک ئەوەی کە تۆ خۆت پێت وابێت خۆت کەمیت و بچوکیت و هیچ نازانیت و بێ کەڵکیت و بێ مانایت، بۆچی ئەو عوقدەیەمان هەبێت.

رۆشنگەری: من لەگەڵ ئەو بۆچونەی تۆدام، بە تایبەتی عەرەبەکان ترسێکی زۆر گەورەیان لەو مەسەلەیە هەیە. واتە جیهانگیر بە پرۆسەی سەر ئەمنی عەرەب و ئیسلام دەزانن؟

کاک نەوشیروان: خلیج هەمو ئەترسن چونکە ئینسان لە رێگەی عەولەمەوە ئەزانێ لەم دونیایەدا دیموکراتی هەیە، حزب هەیە، جەریدە هەیە، پەرلەمان هەیە. خێزانێ ناتوانێ یاری بە موقەدەراتی خەڵکان بکات. تەبعەن ئەترسن.

رۆشنگەری: بە نمونە ئێستا لە کوێت، ژنان دەنگ نادەن!

کاک نەوشیروان: بەڵێ وایە.. ژن لە هەندێ شوێنی دونیادا سەما دەکات و کورسی دەسەڵاتی بە دەستەوەیە. بەشداری پرۆسەی ئابوری گەورە دەکات. لەبەر ئەوە فیعلەن ئەوان ئەبێ ترسیان هەبێ. هەمو عەرەبستانی سعودی خێزانەکەیان بریتی‌یە لە (٥٠٠٠) هەزار ئەمیر، هەرچی سەروەت و سامانی سعودیە هەیە ئەیخۆن، لەبەر ئەوە ئەترسن، بۆچی خەڵک وشیار نەبێتەوە، نەزانی عەدالەتی ئیجتیماعی و مساوات چی‌یە و نەزانێ

پەرلەمان چییە و نەزانێ حزبی معارەزە چییە و نەزانێ جەریدەی معارەزە چییە. حقوقی بە شەر چییە.

ڕۆشنگەری: ئەو زاهیرەی ناسیۆنالیزمەی کە ئەڵێن عەولەمە لە ناوی ئەبات هەرگیز ناتوانێ لەناوی ببات. من بۆم باس کردن مەسەلەکە ئەگۆڕێ. بۆ نمونە ئێستەش ئینگلیز شانازی ئەکات بە یاریکەرەکانی خۆیانەوە، خۆتان دیتان کە یاری تۆلەمپی ئەبو، لە پاریس دەیان هەزار کەسی ئینگلیز ڕۆشتن بۆ فەرەنسا لە وڵاتەکانی خۆیانەوە، بۆ ئەوەی لە یاریکەرەکانی وڵاتەکەی خۆیان بکەن، لەوێ کردیان بە شەڕ و چەند کەس بریندار بو، چەند کەس زیندانی کرا، چەند تیاچو، چونکە ئەوە جۆرێکە لە دەربڕینی هەستی نەتەوەیی. ئێمە وەکو نەتەوەیەک چونکە هیچمان نییە، هیچ زەرەر ناکەین. بە سەد ئیمپریالیزم ناتوانن ئێمە ڕوت بکەنەوە چونکە ئێمە وەکو ئەوان هیچیان نییە. ئەوەی کە هەمانە بردویانە.

ڕۆشنگەری: ئایندەی ناسیۆنالیزم لە ئەوروپا لە بەردەم دیاردەی جیهانگیریدا بەو چوار چێوەیەی کە جاران بە خۆیەوە بینیویەتی، ئەمێنێتەوە.؟

کاک نەوشیروان: ڕەنگە بەو شێوەیە نەمێنێتەوە، واتە بڵێین ناسیۆنالیزم هۆیەک بێت لە هۆیەکانی هەڵگیرسانەوەی شەڕ. واتە ئەو ناسیۆنالیزمەی کە کاتی خۆی شەڕی یەکەم و دوەمی لە نێوان ئەو دەوڵەتانەدا هەڵگیرسان بەڵام منافەسەی لە نێوان ئەم میللەتانە وەکو میللەت لەسەر مستەوای عیلمی و لەسەر مستەوای فەننی، لەسەر مستەوای سەقافی و یاری و لەسەر مستەوای جامعی و ئەوانە لەسەر ئەو مستەوایانە هەر ئەمێنێتەوە.

ئێستا بۆ نمونە بەریتانیا ئەم هەمو دەوڵەتانەی ئەوروپا گوشاری بۆ ئەهێنێت بۆ ئەوەی ڕای بکێشن بۆ ناو یەکێتی ئەوروپا. هەتاکو ئێستا ملی نەداوە بۆیان چونکە تا ئێستا منداڵی ئینگلیز ڕازی نابن بەوەی کە ئەو پاوەنەی ڕەسمی مەلیکی بەریتانیای تیایە، بیگۆڕن بەو پارەیەی کە مشتەرەکە. ئەڵێن ئەمە جۆرێکە لە ناسنامەی نەتەوەیی ئێمە. کە پارەی خۆمان نەما، ئەوەمان ون ئەکەین. هەتاکو ئێستا ڕازی نابن بڕۆنە ناو یەکێتی ئەرورۆپا و واز لە پارەکەی خۆیان ناهێنن و بیگۆڕان بە پارەکەی تر. لەبەر ئەوە مەسەلەی نەتەوەیی هەر ئەمێنێتەوە بەڵام شکڵەکەی ئەگۆڕێ. لە وەرزش و هونەر و داهێنانی زانستی و گۆرانی وتندا خۆی ئەنوێنێ و لە منافەسەی ئابوریدا خۆی ئەنوێنێ. بۆ نمونە لەم زەمانەیەدا گەورەترین شەڕ، شەڕی ئابورییە. بۆ نمونە سەیر ئەکەیت ئەڵمانیا قەت ئامادە نییە واز لە ئابورییەکەی خۆی بهێنێت بۆ ئینگلیز، وە ئینگلیزیش ئامادە نییە واز لە ئابوری خۆی بهێنێت بۆ فەرەنسا، وە فەرەنساش ئامادە نییە واز لە ئابورییەکەی خۆی بهێنێت بۆ دەوڵەتەکانی تر. ئەوانە لە بەینی خۆیانا منافەسە ئەکەن، شەریکاتی گەورە دروست ئەکەن، بەڵام ئابوری تایبەتی خۆی هەر ئەهێڵێتەوە. ڕۆشنبیری و هونەری تایبەتی خۆی هەر ئەهێڵێتەوە. گۆرانیە تایبەتەکان هەر ئەهێڵێتەوە. جامیعەکانی خۆی ئەهێڵێتەوە، ناچێ جامیعەکانی دونیا بکات بە یەک نیزام، مەنهەجی دەرس خوێندن لە مەکتەبەکانیدا هەموی بکات بە یەک. بە هەمویان بڵێ وەرن ئەبێ فێری یەک زمان بین و با هەمومان بە یەک زمان قسە بکەین. بە زمانەی جیاوازیش قسە ئەکەین و بە میزاجی جیاوازیش قسە ئەکەین. لە هەمان کاتدا ئەو سنورانە کە بوە بە ڕێگر لە بەردەمی پێشکەوتنی کۆمەڵەکاندا ئەوە کاڵ ئەبێتەوە.


ڕۆشنگەری: زۆر سوپاست دەکەین و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.

کاک نەوشیروان: سوپاس بۆ ئێوەش و سەرکەوتو بێت گۆڤارەکەتان.

**کۆتایی...**

**پاشماوەی ل ١٧:** دوای لە سێدارەدانی محەمەد قودسی، نەسرینی ژنی لە ئێرانەوە دێت بۆ شاری سلێمانی و ساڵێک لە ماڵی مەحمود ئەفەندیی باوکی محەمەد قودسی ئەمێنێتەوە، ئەم ژنە ئومێدی بەوە ئەبێ، لە سلێمانی شوو بکاتەوە بە کاک فایەقی برای محەمەد قودسی، بەڵام شتەکە نەهاتووەتە دی و دایکی لە ئێرانەوە هاتووە بە دوایدا و بردوویەتیەوە بۆ ئەوێ. دوای لە سێدارەدانی محەمەد قودسی، کە براگەورەی خوشک و براکانی ئەبێ، لە لایەن حکومەتی پادشایی ئەو سەردەمەی عێراقەوە ژیان لە خێزانەکە ئەستەم ئەکرێ و بۆ چەند شار و شارۆچکەیەک، وەکو هەولێر و کۆیە و ڕەواندوز دەربەدەر ئەکرێن. ساڵی ١٩٥٤ ئەگەڕێنەوە بۆ سلێمانی و کاک ڕەفیقی برای کە لە دایک بووی ساڵی ی١٩٣٢ی گەڕەکی گۆیژەی سلێمانییە، دوکانێکی وێنەگریی بە ناوی (فۆتۆ رفیق) دائەنێ لە بەرامبەر سەرای سلێمانی و لە سەر ئەو شەقامەی کە ئێستا ناوی شەقامی پیرەمێردە. ئەو ستودیۆیەی وێنەگرتن، یەکەم ستودیۆ و بەناوبانگترینە، کە تا ئێستا لە شارەکەدا ماپێتەوە.

* لەگەڵ سوپاسی زۆرم بۆ کاک ڕاستی ڕەفیق و خاتوو ڕازاو ڕەفیقی برازای شەهید محەمەد قودسی، کە زانیاریی بڵاونەکراوەیان بۆ تێر و تەسەلکردنی ئەم یادکردنەوەیە دامێ لە بارەی ژیان و خێزانی محەمەد قودسییەوە.



## بیرەوەری: ٣٢ ساڵ تێپەڕبون بەسەر ڕۆژانی کارەساتی ئەنفال و ڕووداوەکانی تیپی ٥٧ی سەگرمەدا.



سامان عوسمان

### بەشی سێیەم: پێشکەشە بە خوێنەری بەڕێز و ئەو هاوڕێیانەی خۆیان لەم بیرەوەریەدا ئەبیننەوە.

ناوچەی کەرتی ٣ی هەمەوەند لە ڕۆژهەڵاتیەوە دەکەوتە بناری(چیای سەگرمە و شۆراوا) و لە ڕۆژئاواشیەوە جادەی قیری (شارۆچکەی چەمچەماڵ ... سەنگاو) بو ئەو هێزەی گەرمیانیش بە پێشمەرگەو گوند نیشین و ماڵە پێشمەرگەوە کە پاشەکشەیان کردبوو ئەبوایە بەرەو ناوچەکانی دەشتی (کۆیە) و دەشتی(هەولێر) بڕۆشتنایە لەوێشەوە بەرەو بناری چیای (قەندیل) بکەونە ڕێ، بۆ ئەم سەفەرە دوورودرێژو شەوەڕێگایە لە گەرمیانەوە بەڕێکەوتبون بەرەو گوندی کرمچنە و بە ناوچەی جافی بەبناری چیای (سەگرمە) دا بۆ چەمی باسەرەو لەوێشەوە بۆ ناوچەی هەمەوەند، هێزەکەش لەبەر زۆری و سەلامەتی ڕێگا بە (سێ ٣) ڕەتڵ هاتن، کە شەهید (حەمەڕەش) و هەندێ پێشمەرگە چاوساخیان دەکردن و دەیان هێنان، ناوچەکەی ئێمە چۆڵ بوبو کەسی تیانەمابوو، ئێمە چاوەڕێی ئەوهێزەی گەرمیان بوین بێن و بەشەو لە جادەیی قیری بەینی تەکیێ بەردەربەندو شارۆچکەی چەمچەماڵ بیان پەڕێنینەوە بەرەو ناوچەکانی خاڵخاڵان و گۆپتەپە و بەرەو دەشتی کۆیە و (مەڵبەندی٣) بڕۆن . هەمووومان لە خاڵدانی دیوی هەمەوەند کۆبوینەوە، یەکەم جار (مامۆستا جەلال جەوهەر) و چەند برادەرێکمان بەرێ کرد بەرەوگوندی کوچکە نەخشینەی ئەوبەر جادە بەرەو سنوری تیپی ٢١، لە گوندی خاڵدان چەند پێشمەرگەیەکی ماندو نەناس هەویریان شێلاو تەنوریان گەرم کرد بۆ نان کردن بۆ ئەوهێزەی ئەگەنەلامان هەرچەند هێزەکە زۆربو بەڵام هەر باش بو بۆ یارمەتی خێزاندارەکان، خەڵک لێی قەومابوو، کەس فەرقی نەبو لەو ڕۆژەدا، بەڵام کاری خۆکردەنی یە! هەمیشە چاو لەڕێگابووم بۆ (کاک بورهان)ی برام ئەم زانی بەرێگاوەن بۆ لای ئێمە کەی و لە کوێوە ڕادەبورن ئەستەم بوو بزانرێت . کەروێشکێکم کوشتبو دام نابو بۆ ئەو بەڵام هەر دیارنەبو، تاریک داهات ئیتر بێ هیوا بوم پێشمەرگەش دوودوو سێ سێ دەهاتن ماندو برسی و تینو نانێک و قومێ ئاوی دەخواردو لە پەنایەک دا خۆی ئەدا بەزەوی دا بۆ ئەوەی کەمێ بحەسێتەوە، یەک پێشمەرگە هات (لاواز و بێ حەوسەڵە) برسی ووتی نانتان لایە ؟ ووتم هەر

خۆتی، ووتی بەڵێ، کەروێشکەکەم سەربڕی بو،پاکم کردبو دامنابو بۆ ئەو برایەم کە دیار نەبوو، دامە دەستی و وتم برۆ بەدزی یەوە بیخۆ نسیبی تۆیە، لە پێش دا بڕوای نەکرد ووتم تادەورت قەڵباڵغ نەبووە بیخۆ ئەوە تەنورەکە پشکۆی تیادایە، ئیتر برسێتی و ماندوویی ڕەوی یەوە (مەبەستی من لە پەلەکردنی و خواردنی لەبەر ئەوە بو کە کەرویشکەکە بچوک بو، یەکی تێر بکات باشترە لەوەی کەس تێر نەکات) . دواتر لەئێران یەکمان ناسی کاک (پێشڕەوی جیهاز) بو، ئەو شەوە لەماڵەچۆڵەکانی خاڵدانی هەمەوەندا ماینەوە بەیانی کاک مەحمود سەنگاویم بینی پاش تۆزێ گفتوگۆ ووتم کاک مەحمود ئەم هێزە زۆرە بەبەرچاوی دوژمنەوە لێرە کۆمەڵ دەبێ ئەزانن بەرەو ئەوبەر دەڕۆین، تکایە ! برادەران ئاگادار بکەن پارێزگاری (زێ یەکەی گۆپتەپە) بۆ پەڕینەوەی دەشتی (کۆیە) بکەن بۆ ئەوەی هێزەکە توشی کارەسات نەبێت، ئاواتی شێخ جەنابیشی لەگەڵ بوو. دوانیوەڕۆیەکی درەنگ هاموومان خۆمان کۆکردەوە خەڵکێکی زۆرمان لەگەڵ بو وەک پێشتر باسکراوە لەناو ئەو خەڵکەدا خێزانی پێشمەرگەی تیابو براکەی شەهید بوبو پێی نەوترابو هەروەها ئافرەتی دوگیان و بریندار و نەخۆشمان لەگەڵ بوو تەنانەت یەک دوو سەگی گەرمیان بەدوای خەڵکەکەدا هاتبون لێمان دورنەدەکەوتنەوە، لەهەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو دوو منداڵی هاوتەمەن خرابونە ناو هەگبەی گوێ درێژێکەوە هەریەکەی لە لایەکی، بێ ئاگابوون لە کارەسات و ماڵ وێرانی کەوتبونە دنیای پێکەنین وخۆشی خۆیان، یاریان بەوکارژۆلەیە دەکرد کە دابونیانێ بۆ ژێربونیان، ڕێگاش بەرەو کورتی ماوە دەڕۆیشت بەرەو جادە دەرۆیشتین، دەنگێ ووتی ئەومندالانە بێدەنگ کەن ئەوکارەیان لێبسەنن، مناڵیش ڕازی نەدەبو ووتیان (حەبی ڤالیۆمیا) بدەنێ با خەویان لێ بکەوێ، کارەسات لەناو کارەسات دا دووبارە دەبووەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەموومان بوبوین بە ئالەتی جەنگ ئەو ڕوداوانە نەک گوێ ی پێ نەدەدرا، بەڵکو سۆز، هەست، خۆشەویستی و خەندە لای کەس نەمابوو، تەنانەت ئافرەتێک دووگیان بوو نەی دەتوانی بڕوات هێلاک بوبو کەمێ لەجادە دورکەوتبوینەوە، وتیان ئەو پێشمەرگەیە بەسوار ئەو گوێدرێژەوەیە باداباەزێ ئەم ئافرەتە سواربێ کاتێ سوارەکە هاتە پێشەوە شەهید (دلێری شیخ ڕەزا) بو بۆجارێکی تر کەوتمەوە خەیاڵی کاکم چونکە لەگەڵ ئەو بوو،(هاواڵیم پرسی ووتی لەدواوەیە) دلێریش خۆی بریندار بوو قاچی گەچی تێگیرابوو نەی دەتوانی بە پێ بڕوات، ژنەدووگیانەکە نەی دەتوانی خۆی بەسەر گوێدرێژەکەوە بگرێت ڕازی بو بەوەی کە ئەمیش لەدواوە سواربێت و خۆی بە شەهید دلێرەوە بگرێت، هەرچۆنێ بوو دیسان گەیشتینەوە گوندی کوچکەنەخشینە کە گوندێکی زۆر گەورە نەبو، هەموو هێزەکە لەم گوندە ماینەوە، بەیانی زوو هەستام لەماڵەکەی لێی بوم هاتمەدەرێ دەم و چاو بشۆرم کاکم بەبەردممدا تێ پەری زۆر ماندوو دیار بوو بەبینینی گەلێ ئاسودەبوم ئیتر دڵنیابوم کەماوە، بانگم کردو بەرەوپیری چووم قوتویەک گەنمی پێ بووبۆ خواردنی ڕێگای. ئەم ناوچەیە سنوری(تیپی ٢١ ی کەرکوک) بو، دانیشتوانەکەی هێشتا هێرشی هەرەسی بۆنەهاتبو ناوچەکەیان چۆڵ نەکردبوو، ئەو خەڵکەی لەوبەرەوە هاتبوین بەو گوندانەدا بڵاوو بوینەوەو ئەوەی ماڵ و منداڵ پێ بو بەرەو گۆپتەپە ئەڕۆشتن بۆئەوەی زوو لە ڕووباری زێیەکەی دوکان لە گۆپتەپە وە بپەڕنەوە بۆ گوندی کانیبی بەری دەشتی کۆیە کە پێشتر تیپی ١٧ی زمناکۆ گەیشتبووە ئەو سنورە .

ئێمەش وەک تیپی (٥٧ ی سەگرمە) کاک هیوا بارۆیی وەک جێگری تیپ، سەرپەرشتی دەکرد، لەو ماوەیەدا داوای لێ دەکردین (مەفرەزەبکەین بۆ چەمچەماڵ) لەبەر ئەوەی لەوێ خەڵکێکی زۆر کۆکرابونەوەو گیرابون، جاشەکانی چەمچەماڵیش کەس و کاریان لەناو گراوەکاندا هەبوو کردبویان بەتەقە بۆئەوەی گیراوەکان دەربازبکەن، پێشمەرگەش بچێت بە دەنگیانەوەو گۆران بەسەر بارودۆخەکەدا بێت، لەڕاستیدا ئەم بڕیارە بڕیارێکی مردوو بو هەرچەند مەڵبەند ئەم داوایەی لە تیپ کردبوو کارەکە نەکرا و ئاسان نەبوو، کاک هیوا پیشمەرگەی ساڵی ٧٦ بوو پیاوێکی دڵسۆز و قارەمان بوو بەڵام بەهۆی ئەوەی گوندنشین بوو وەک زۆربەی گوند نیشینەکانی ئەو سەردەمەی کوردوستان دوژمن بێ بەشی کردبون لە قوتابخانەو خوێندن پلەی خوێندەواری نەبوو، هەربۆیە بڕوای بەوە هێنابوو بەپشتی هەندێ (چەک و سەیارەیەک) کەپێشتر خۆی حەشاری دابون لەڕێی خۆفرۆشێکی جاش بەناوی (جەمالی غازەکە) تەسلیم بوەوە. هەندێ پێشمەرگەی تر ئاگایان لەو شتانە بوبو کە داینابوو، پێش ئەوەی هیوابارۆیی تەسلیم ببێتەوە، ئەوان تەسلیم بونەوەو شتەکانیشیان بردبۆوە بۆیە دووژمن هیچ متمانەیەکی بە کاک هیوا نەکردبوو گرتبویان پاش ماوەیەک لەدەورو بەری گوندی کانی گۆمە لەگەڵ چەند کەسێکی تردا زیندەبەچاڵیان کرد بوون وەک لە هەواڵەکاندا ئاشکراکران. دیاربو وورده وورده دوژمن بەرنامەی هێرشەکانی ئەو ناوچەیەشی دەست پێ دەکرد بو هێرشەکانی ئەنفال بەردەوام بو. دووژمن زانیاری تەواوی هەبوو کە هەموو هێزەکانی گەرمیان کەیشتونەتە گوندەکانی گۆپتەپەو عەسکەر چونکە لە بەرزایی چیاکانەوە لەلایەن دووژمنەوە چاودێری دەکراین، لە گوندی تەکباسان بووین، چەند (فرۆکەیەک) ی جەنگی بە ئاسمانی ناوچەکەدا دەگەڕان، هێزێکی زۆری ماندوش لەناچەکەدا بون و ئەزانرا هەمووی بەتەمای ڕۆشتنە بەرەو دەشتی کۆیە، هەوری ڕەشی نائومێدیش بەرەو ئاسمانی ئێرەش بەرێکەوتبو گوزەرانی ئەوناوچەیەش بەرەو شپرزەیی دەرۆیی، دەنگ بڵاو بوەوە کە فرۆکە جەنگی یەکانی عێراق کیمیابارانی گوندەکانی گۆپتەپە و عەسکەر یان کردووە، ئیتر ڕوداوەکانی گەرمیانیش لێرە دووبارە بوەوەو سەرگەردانی رووی کردە ئەم دەڤەرەش، شەهیدان و بریندار بووانی کمیابارانی گۆپتەپەو عەسکەر دەنگی دایەوە لەترسی کیمیابارانی تر ناوچەکە چۆڵ کران. ئەوەی موستەشارو جاشی دەسەڵاتداری دەناسی لەڕێگای ئەوانەوە خۆیان بەدەستەوە دا بۆئەوەی ماڵ و منداڵیان سەلامەت بێت بەڵام ئەمانیش بە هەمان دەردی ئەوخەڵکەی گەرمیان چوون، ئەوەی خۆشی نەدا بەدەستەوە لە ناو چیاو دۆڵەکاندا خۆی حەشاردابو لە هێرشەکانی دوژمندا بە پێشڕەوی جاشەکان دەستگیرکران چارەنوسی زۆربەیان لە خەڵک و پێشمەرگە ئەنفال بردی، بەشێک لەخەڵک گەیشتبونە سەر زێیەکە تیپی ١٧ زمناکۆش لەو سنورەی دەشتی کۆیەبوون لەو بەر زێکەوە، دووژمن کاتی ئەوەی هاتبوو لەدەشتی کۆیەشەوە هێرش دەست پێبکات، ناوچەکەش لەباربوو بۆسەرکەوتنی دووژمن و پەرتەوازەکردنی هێزی پێشمەرگە بەتایبەت لەبەر ئەوەی ڕێگای دەربازبوون تەنها لە زێ یەکەوە بو زێ کەش تاکە پردی پەرینەوەی ئەو پردە بوو کە بەسیم بەتوانای (پۆلای) موهوندیس و پێشمەرگەی ئەوناوچەیە دروسکرابو، کە دواتر ئاو بردی و چەند کەسێکی خێزانێکی خنکاند، لەگەڵ چەند کەلەکێک کە بە دارو چوپ زۆر ئاسان دروستکرابون، ئەم ڕێگەیە مەترسی هەبوو بۆ پێشمەرگە . ئێرە ئەو شوێنە بو کە لەگەڵ کاک مەحمود سەنگاوی لە گوندی خاڵدانی هەمەوەند قسەمان لەسەر کرد، لە ئەنجام دا دوژمن دەست پێشکەری خۆی بۆکرد، سەرەتا بە هێرشی ئاسمانی دەستی کرد بەهێرش بۆ سەردەشتی کۆیە، تیپی ١٧ی زمناکۆ و تیپی ٥٥ قەرەداخ لەم ناوچەیە بون پاش بەرگریەکی قارەمانانە بەداخەوە بە خوێنی پۆڵێ شەهید کۆتایی هات، هێرشی سەربازی و جاشەکان دەستی پێکرد و ناوچەکەیان گرت . هێزەکەی پێشمەرگە بو بەدوو بەشەوە، ئەوەی لەدەشتی کۆیەبو بەرەو دەشتی هەولێرو لەوێشەوە بەرەو ناووچە شاخاوی یەکانی(مەڵبەندی سێ) بەڕێ کەوتن، ئەو هێزەی لەمبەر زێ یەکە بووین بەهەمان شپرزەیی وماندوویی ونەشارەزایی یەوە بەرەو(پردی ئاخجەلەر) بەرێکەوتین بۆ ئەوەی بەرەودەشتی کۆیە دەربچین بەڵام هێزەکانی دوژمن ئەوێشیان گرتبوو، جارێکی تر بەرەو گەرمیانی چۆڵ وهۆڵ گەڕاینەوە. تیپی ٥٩ی حەمرین و تیپی ٥٧ ی سەگرمە بەیەکەوە بوین لە سنوری خاڵخاڵان جیابوینەوەو هەر تیپەی بەرەو سنوری خۆی بەرێکەوت . ئێمە وەک تیپی ٥٧ گەڕاینەوە سنوری هەمەوەندە و تیپی ٥٧ سەرتیپی نەبو کاک هیوای رەحمەتیش تەسلیم بوەوە، لەو چەند رۆژەی رابوردودا لە سنوری خاڵخاڵان لە لایەن مەڵبەندەوە کە کاک قادری حاجی عەلی سەرپەرشتی ئەکرد برادەرێکیان دانا بۆ سەرپەرشتی کردنی تیپی ٥٧ ی سەرگرمە ئەویش شارەزا نەبو. لە هەردەیەکی نەدیوی بەینی گوندی (چاڵگە و چۆڵمەک) ی هەمەوەند کۆبونەوەیەکمان کرد کە نزیکەی ١٦٣ێ پێشمەرگە ئەبوین .وا بڕیاردرا ئەو هێزەی ٥٧ بەرەو کوردەمیرەکانی گەرمیان بڕوات بۆ ئەوەی لە مەترسی هێرشی دوژمن بەدووربێت سەرپەرشتیکاری تیپیش شارەزای ئەو ناوچەیەبوو بە خۆی و مەفرەزەکەیەوە. لەگەڵ برادەرانی کەرتەکان و بەرپرسی دارایی دانیشتن بۆ ئەوەی ئەو پارەیەی لای دارایی تیپ هەیە کە (مام سۆران) بەرپرسی بو بەشی بکەن بەسەر کەرتەکان دا بۆ پێویستی وە هەر کەرتەی بچێتەوە بۆ سنورەکانی خۆیان، واتە کاک (ئەنوەر دۆڵانی) بۆ بازیان و دۆڵی سەگرمە، کەرتی هەمەوەندیش لەو ناوچەیەی خۆی بمێنێتەوە (ئەردەڵان) وەک سەرپەرشتیکار لەگەڵیان بێت، منیش (سامان) لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر بەناوەکانی کاک(عومەر ئێستا لە ئەڵمانیا ئەژی، کاک رەحمان ئیستا لە شارۆچکەی چەمچەماڵ ئەژی) مەفرەزەکەی تیپ بەرین بۆ گەرمیان و لەسەر شارەزایی ئەوان شوێن و ڕێ بدۆزینەوە بۆ هێزەکەی تیپی ٥٧و دواتر لەگەڵ شارەزایەکی ئەواندا لەو سنورەی خۆیان ئێمە بخەنە سەر ڕێگەی خۆمان و بگەرێینەوە بەدوای ئەو هێزەی تیپی ٥٧دا کە بەهۆی ئەو جیهازەی پێمان بو لەگەڵ هێزەکەدا یەک بگرینەوەو بەرەو گەرمیان بەرێبکەوین. (کاک ئەنوەردۆڵانی و مام سۆران کاک سالاری رابەرسیاسی لەژیانداماون وله سلێمانین) پێش بەرێکەوتنمان بۆ گەرمیان کۆبونەوەیەکی گشتیمان لەو هەردەدا کرد کە بێئومێدترین کۆبونەوەبو لە ژیانی پێشمەرگایەتیمدا، کەسمان خۆی ئامادە نەکردبو کە گوێ لە ووتەی وابێت .ئەو برادەرە ووتی ئەوە وەزعەکەیەو بونی ئەم هێزە بەیەکەوە جێ ی مەترسی یە بۆ ئەوەی توشی زیانی گەورە نەبین کەرتەکان ئەچنەوە سنورەکانی خۆتان تا دێنەوە بەشوێنتانا (تائێرە باش بوو) لە کۆتاییدا ووتی، (ئەوەی تەسلیمش ئەبێتەوە با تەسلیم ببێتەوە بەڵام ئیخباریمان مەکەن). دەنگە دەنگێک لەبەینی ئەوو و پێشمەرگەیەکی کەرتی یەکی سەگرمەدا رویدا، کە بەداخەوە دواتر لە چیمەن شەهید بووە بە ناوی(عەلی مەلا خشپیل) .ئەو ڕۆژە هەر لەو جێگایەدا چەند پێشمەرگەیەک ڕۆشتن و تەسلیم بونەوە لەهەمان شوێندا چەکەکانمان لەبەینی دوو تاشەبەردی زبراوی دا شاردەوە، جۆری چەکەکان بریتی بوون لەچەند کلاشینکۆفێک و، ئارپی کەی، و ئارپی جی.

ئەو پێشمەرگانەی مابوونەوە هەر کەرتەی چوونەوە بۆ سنورەکانی خۆیان. هەتا ئێمە دەگەڕێینەوەو دێین بە شوێنیان دا . وابڕیاردرا لەبەر ئەوەی ناوچەکانی گەرمیان بەرفراوان ترو گونجاو تر بوو، بەتایبەت سنوری هەمەوەند زۆر نزیکی دوژمن بوو، ئێمە لەگەڵیان بچین و پاش جێ بەجێ کردی کارەکانمان بەهۆی جیهازەوە پەیوەندی بکەین بە برادەرانەوەو لەشوێن و کاتی دیاری کراودا کۆببینەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە گەیشتینەوە هەمەوەند زوو یەک بگرینەوە . ئەگەر نەش توانرا بە هۆی جیهازەوە پەیوەندی بە یەکەوە بکەین من و ئەردەلان (بەداخەوە لەژیاندا نەماوە) هەندێ شوێنمان دیاری کرد کە نامەم بە جفرە بۆ دابنێ لە گوندەکای (مەلا سەفی، ڕێگای ژاڵەی بەردەربەند، عەلی زەنگە، خاڵدان، ئەحمەد لەوەن) بۆ یەکتر گرتنەوەمان و هەموان بەرەو شوێنی دیاری کراو بڕۆین بەرەو گەرمیان و لەوێ لەگەڵ ئەو برادەرانەی لەوێن یەک بگرینەوە) بەڵێ یەکەم هەنگاوی بەرەو گەرمیانمان لە هەردەکەی خاڵدانەوە ناو کەوتینە ڕێ، چەند گوندێکمان بڕی تا گەییشتینە گوندی ئەحمەد لەوەن ٨، ٩ پێشمەرگە بوین وەک ئاشکرایە ناوچەکە کەسی تیا نەمابوو ئەو گوندە نزیک جادەی چەمچەماڵ / سەنگاوە لەوێوە بەرەو گەڕاو بەڕێکەوتین لە گەڕاویشەوە سەرکەوتین بەرەو گوندی خوێڵێن. چوینە خوارەوە پێش ئەوەی بگەیە ناو خوێڵێن جێگایەک هەبوو نەدیوو بو دنیاش ڕوناک نەبوبووەوە و بەرە بەیان بو لەو جێگایەماینەوە، عومەری مالیەو چەند برادەرێک چوون ناو گوندەکەیان تاقی کردەوەو هاتنەوە بۆلامان، ئیمەش بۆئەوەی قەڵەباڵغ نەبین لەناو دێ دا برادەرانمان لەو شوێنە دانا، تا دەمەو ئێوارە ئینجا بنێرینەوە بەدوایاندا و بێنە ناو دێ بۆلامان.

ڕەحمان ئاشەزینی و عومەری مالیە و من و سێ برادەری مەفەزەکەی تیپ سامی هەیاس، عوسمان، بەئومێدی ئەوەی لە ژیان دا مابن، چوینە گوندەکە بۆ ئەوەی خواردن کۆبکەینەوە بۆ ڕێگای شەومان. گوندەکە چۆڵ بوو خواردن لەناو ماڵەکاندا مابو، کەمێک ئاردمان دۆزیەوە چووینە ماڵێک خەریکی ئەو ئاردە بوین بیکەین بە ناوساجی .کات گەیشتبووە نزیکی نیوەڕۆ، ناو گوندەکە وەک هەموو ناوچەکە چۆڵ و هۆڵ بو مۆڵگاکانی دوژمن بەبەرزایی یەکانی پشتی گوندەکەوە بوون و نزیک بوون لێمان، لەناکاو حەرەسەکەمان کە یەکێ بوو لەو برادەرانەی مەفرەزەکەی تیپ هاتە ژوورەوەو ووتی ئەوە سەیارەیەک هاتە ناو دێ وە و دابەزین و تفەنگی (ژێ سێ) شیان پێیە (ژێ سێ چەکێکی ئێرانی بوو لەڕێ ی قاچاخچی یەوە ئەکڕاو ئەفرۆشرا و لەناو شۆڕش دا بڵاو بو لێ ینوسرابوو ژ3 بەڵام لای جەیش و جاشی عێراق نەبو) ئەمە گومانێکی لا دروست کردین، جاشن یان نا! ئەی ئەگەر جاش نەبن چۆن بە سەیارە لەم ڕۆژگارەدا دێنە باو دێ وە ! هەر زوو خۆمان کۆکردەوەو چوینە دەرەوە تفەنگەکانمان بەدەستەوە بوو بەرەوڕویان چووم و دەنگم لێ کردن ئێوە کێن !! عومەر مالیە ووتی نەڕۆی ئەمانە جاشن، منیش کەوتبوومە بەینەوەو لەیەکیش نزیک بووین ئەشم زانی کە جاشن پەلەی پەنا دیوارێکم بو بیکەم بە سەنگەر (ئەم کاتە کورتە، بەڵام بۆمن زۆر درێژ خایەن بو ئەوەی توشی ئەم جۆرە ڕوداوانە بوبێ ئەزانێ چۆن کات ئەگوزەرێ) هەر لەو کاتە کەمەدا ئەو برادەرانەی تر ئازایانە زۆر هەریەکەی سەنگەری خۆی گرتبو بەرامبەر ئەوانەی هاتبونە ناو گوندەکە یەکێ لە جاشەکان هاواری کردو ووتی ئێمە هەرچی بین تەقە لە یەک ناکەین (تەنانەت سوێندی بە شەرەفی خوشک و دایکی خوارد) ووتیشی جەماعەتی شێخ نەجمین لە چەمچەماڵەوە هاتوین لەم کەین و بەیندا ئەوانیش بوون بە دوو بەشەوە، ئیتر چوینە لایان نە ئێمە نە ئەوان لای یەک کۆمەڵ نەبوین عومەرو برادەرێکی

تریش هاتن، ئەوانش ٤ / ٥ کەسیان بە سەیارەکەیانەوە چوو نە ئەوبەر ئەوجۆگەیەی کە گوندەکەی کردبو بە دووبەشەوە ئێمە لەبەر سەلامەتی خۆمان ئەبوایە هەتا تاریکی لە گوندەکە دەرنەچین و ئەوانیش ئیزن نەدەین بەڵام ئەوە کارێکی ئاسان نەبوو، هەرچەند ووتمان ئەو برادەرانەی ترتان بۆ بانگ ناکەن بێن با یەکتر بناسین، ووتیان قەیناکات ئەوان چاوەڕێی ئێمە ئەکەن، دیار بوو ئەوانیش خۆیان بۆ هەموو ئەگەرێک ئامادە کردبوو. کەچووینە لایان هەندێ قسەمان کرد، هەرچەندە ڕۆژگارێکی سەخت بوو بەڵام ئێمە وورەی خۆمان لەدەست نەدابوو هەواش وەک جاران بە هێزەوە قسەمان لەگەڵ ئەکردن و باسی خیانەت و خاک فرۆشتن و ئەو ڕۆژگارەمان بۆ ئەکردن بۆ ئەوەی هاو کاریمانبن و ئیستفادەیان لێ بکەین، ((نازانم ئەو قسەیەی کردم چەند لای ئەوان جێ ی خۆی هەبوو)) یەکێکیان وەڵامی دامەوەو ووتی ئێمەش ئەزانین بەڵام چارمان نا چارە، ووتی کاکە لەوە ئەچێ تۆ خەڵکی شار بیت، بەڵام ئەو دێهاتانەی وێران کراون و سوتێنراون هەمووی ماڵ وحاڵی کەس وکاری ئێمەنو لەبەر نەبوونی دەرامەت، یان دووژمایەتی شەخسی چەکمان هەڵگرتووەو هەر خۆشمان بە کورد ئەزانین ووتم ئەی بۆ هاتوون بۆ ئێرە! **چاوەڕوانی بەشی چوارەم بن.**

## بەرەی کوردستانی (٧ی ٥ی ١٩٨٨ ڕاژان)

**یادنامە**

ـەو کاتەی ڕژێمی بەعس بەرنامەیەکی عەسکەری و سیاسی دژ بە شۆڕشگێرە کوردەکان ـائەڕێژێ، بێگومان بەشە گەورەکەی پلانەکەی جێبەجێ ئەکا. کە بریتی بون لە داگرتنی ـێهات و ئەنفال و کیمیابارانی کردنی گەڵەبجە و زیندانی کرد و لە سێدارەدان. ئا لەم ـەردەمەدا شۆڕشگێرانی ڕاستەقینەی کوردایەتی و بەشێکی زۆر لە لایەن سیاسی‌یەکانی ـەو کات بەرەیەکی سیاسی بە ناوی بەرەی کوردستانی لە ٧ی ٥ی ١٩٨٨ ڕادەگەیەنن. ـروستبونی ئەم بەرەیە تەنها بۆ پرۆسەی سەربازی و سیاسی کورد نەبو، بەڵکو چوارچێوەیەکیش بو بۆ پێکەوەبەستنەوەی لایەنە سیاسی‌یەکان و ئاشتی و تەبایی ـێوانیان، کە بەشێکی زۆر لە ژیانی سیاسی‌یان، خەریکی دوبەرەکی و کوردکوژی بون.

ـەرەتا ئەم بەرەیە بە دەستپێشخەری یەکێتی و شەخسی نەوشیروان مستەفا لە دایک ـەبێ، هەر لە ڕێی ئەوەوە سەرجەم لایەن سیاسی‌یەکان لەو کارە ئاگادار ئەکاتەوە، ـواتر ناوی ئەنرێ بەرەی کوردستانی. ئەم بەرەیە لە: یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ـارتی دیموکراتی کوردستان، حسک، پاسۆک، پارتی گەل، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، حیزبی شیوعی کوردستان-عێراق، بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری، ـروست ئەکرێ. لە ڕۆژی ٢ی ئایار ساڵی ١٩٨٨ یەکەم کۆبونەوە لە ڕاژان ئەکەن و هەر ـەوێس لە ڕۆژی ٧ی ٥ بە بەیانێکی فەرمی ڕائەیەنرێ. ئیمزاکردنی بەرەی کوردستانی لە ـاژان ئەنجام دراوە. یەکەم کۆبونەوە لە ناوچەی برادۆست، دواتر لە لە سیدەکان و یتان. ـەروەها ئەم بەرەیە ڕۆژنامەکەیشی بە سێ دەورە تا ١٩٩٢بڵاو کردووەتەوە.



چونی وەفدی یەکێتی بۆ ئیمزاکردنی بەیانی بەرەی کوردستانی ١٩٨٧

# حەفتانین و ئەنفال، دوو بۆسە لە دوو مێژوی لێک چودا!

خالید ڕەزا



**ئەنفال:** لە پێش دەسپێکردنی هێرشەکەدا، لە سەرچاوە تایبەتییەکانی خۆمانەوە هەواڵمان پێ گەیشت بو، کە عیراق لە ڕێگای ئاگاداری ئیستخباراتی خۆیەوە دڵنیا بوە لەوەی ئێران توانای هێرشی گەورەی نەماوە و، نیازی هیچ هێرشیکی گەورەی نیە، بۆیە ئەتوانن بێ ترس بەشێکی هێزەکانیان لە جەبهەکانی عیراق- ئێران بکێشنەوە و، پەلاماری بارەگاکانی سەرکردایەتی ی.ن.ک بدەن. هەندێ لەو بروسکانەی پێمان ئەگەیشتن ڕاستەوخۆ لە (دیوان الرئاسە)وە ئەنێردران بۆ سەرکردایەتی هێزەکانی جەیش. بۆ پەکخستنی هێرشیکانی عیراق زنجیرەیەک چالاکی پێشمەرگەیی لەسەر جادە گشتیەکان ئەنجام درا. لەناو ئەوانەدا یەکێکیان لە هەمویان گرگتر بو. پێش دەس پێکردنی هێرشەکان هەندێ لە ئەندامانی (القیادە العامە للقوات المسلحە) لەگەڵ چەند قائید فەیلەق و قائید فیرقەیەک کە ئەبو نەخشەی هێرشەکە جێبەجێ بکەن بۆ دارشتنی دوا دێرەکانی نەخشەی ئەنفال هاتنە ناوچەکە لە کاتی گەڕانەوەدا لە سەرجادەی دوکان- سلێمانی بۆسەیەکیان بۆ دانرا. لەبەر ئەوەی هەمویان ئەفسەری پلە بەرز و، هەریەکەیان (حمایە)ی خۆی لەگەڵ بو کاروانەکەیان ناریک و پێک بو. بەرایی هێزەکەیان کە ئەگاتە نزیک بۆسەکە. جاشێک لە ڕەبیئەیەکی نزیک جادەکە بە ڕاکردن ئەیانگاتێ و ئەڵێ ٥٠ (مخرب) بۆسەیان بۆ داناون بگەڕێینەوە. کابرای ئەفسەر تا ئاگاداری کاروانەکە ئەکا بگەڕێنەوە بەرایی هێزەکە ئەگاتە ناو بۆسەکە. چەند سەربازێ ئەکوژرێ و لۆریەکیان لێ ئەگیرێ بەڵام کاروانەکە بەسەلامەتی بەرلەوەی بگاتە ناو بۆسەکە ئەگەڕێنەوە دواوە. وەکو لە کاتی گفتوگۆکانی ٩١ دا لە بەغدا عقیدرکن ولید، کە جاشەکە ئەمی وریا کردبوەوە و، دواتر وەکو فریق اول رکن نزار خزرجی لە سەفەرێکی لەندەنی دا بۆ یان باسکردم ئەگەر بکەوتنیاتە ناو بۆسەکەوە لەوانە بو نەخشەی ئەنفالی ١ بە کوشتنی ئەمانە بە تەواوی پەکی بکەوتایە[1].

**حەفتانین:** شەوی ١٧/١٦ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٠ لە ناوچەی حەفانین ی سەر بە ناحیەی باتوفە سپای داگیرکەری تورک بە باری ٨ هالیکۆپتەر نزیکەی ٣٠٠ سێ سەد کۆماندۆی شەرکەری دابەزاند، بە مەبەستی ئابلوقەدانی ئەشکەوتێک کە بەپێی زانیاریە هەواڵگریەکانی میت و هەواڵگری سەربازی بەشیکی زۆر لە سەرکردەو فەرماندەکانی پارتی کرێکارازنی کوردستان (پەکەکە) لە هێڵی بەرگری یەکەم بۆ پاراستنی قەندیل لێیە و سەرەتای هێرشە فراوانەکەیان بۆسەر قەندیل پەکەکە بە خەیاڵی خۆیان بەو گورزە لە گەریلا، دەست پێ بکەن. خۆشبەختانە گەریلا پێشتر بە پیلانەکەی فاشستەکانیان زانیوە و، لە پێش گەیشتنی گورگە بۆرەکانی تورک ئەوان بۆسەیەکی پارتیزانانەیان بۆ داناون، کە تیایدا وەک سەرچاوەکانی هەواڵ باسیانکردوە بەچەکی پێشکەوتو، کۆماندۆکانی سپای داگیرکەری تورک یان خستە ناو تەپکەی گەریلاوە و گورزێکی کەمەر شکێنی وایان تێ سرەواندن کە نەخشە گڵاوەکەی فاشیەکانیان پەک خستوە. لە دەستپێکی ئەنفالەکاندا وەک کاک نەوشیروان لە کتێبەکەیدا لە زاری فەرماندەکانی بەعسەوە ئەیگێڕێتەوە، ئەگەر جاشە کە نەبوایە لەوانە بو پلانی پرۆسەی ئەنفالەکان پوچەڵ ببوایەتەوە. جاشێکی خۆفرۆش پلانی پێشمەرگەیان بۆ لە بۆسەنانی سپای داگیرکەری بەعس هەڵوەشاندوە، کێ ناڵێ ئێستە ئەو جاشە بە پلەی بەرز، بەرزتر لەو پێشمەرگانەی کە بۆسەیان بۆ لەشکری بەعس نابوەوە، لە لای یەکێ لە دوو حیزبەکە وە بەناوی پێشمەرگەی دێرینەوە، خانەنشین یان نەکردوە؟ هیوادارم بۆسە لوت شکێنەکەی حەفتانین سەرەتای تێکشکاندنی نەخشەی ئۆپەراسیۆنەکانی سپاسی داگیرکەری تورک بۆ سەر گەریلا و قەندیل. داگیرکەرانی کوردستان لە هیچ کاتێک دا سڵیان لە تاوان بەرامبەر شۆڕشی کورد نەکردۆتەوە.

سەرکەوتن بۆ ئیرادەی گەلەکەمان و شکست بۆ داگیرکەران. نەفرەت لەوانەی ناپاکی لە نیشتمانی خۆیان ئەکەن.

**(١) نەوشیروان مستەفا، خولانەوە لە ناو بازنەدا، ل ١٤١-١٤٢**



# ڕۆژی ١٩ای حوزەیران: لە سێدارەدانی محەمەد قودسی و هاوڕێکانی




**م. ئارام**

منالّ بووم و هەرزەکار بووم، لە شەقامی پیرەمێردی شاری سلێمانی، جاروبار ئافرەتێکی ڕەشپۆشم ئەبینی، شاناز و سەربەرز، بەڵام زۆر خەمبار و چاوەکانی وەکو گۆمی خوێن سوور بوون، لای ستۆدیۆ ڕەفیقەوە ئەهاتە خوارەوە بۆ لای بەردەرکی سەرا. دواتر یەک، دوو جار ئەو ئافرەتەم بە میوانی لە ماڵی خاڵم (عەبدوڵا ئەژدەر) بینی و زانیم کە ئەوە (نەدیمە خان)ی دایکی (محەمەد قودسی)ی شەهیدی ڕێی خەباتی کورد و کوردستانە، هەروەها دایکی کاک ڕەفیقی وێنەگری خاوەنی دوکانی (فۆتۆ ڕەفیق)ە. ئەم دایکە بەڕێز و خەمگینە تا مرد بەرگی تاسەباریی فڕێ نەدا و فرمێسک لە چاوی نەبڕا بۆ کوڕە گەورە نازدارەکەی، بۆ شەهید محەمەد قودسی.

(محەمەد مەحمود محەمەد) ساڵی ١٩٢٠دا لە شاری قودس لە فەلەستین لە دایک بووە، لەبەر ئەوە هەر بە (محەمەد قودسی) ناسراوە. بنەماڵە و کەسوکارەکەی لە خوێندەوارەکانی شاری سلێمانی بوون، باوکی ناوی (مەحمود ئەفەندیی وێنەگر) بووە، دایکی ناوی (قەڕاڵ خان) بووە، باوکی لە ڕوسیا هێناویەتی و لە سلێمانی ناوی گۆڕیوە بە (نەدیمە). محەمەد خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی بە زیرەکی و لێهاتوویی تەواو کردووە. چووەتە شاری بەغدا و لە (الكلية الحربية) خوێندوویەتی و ساڵی ١٩٤٢ بە پلەی (نائب ضابط) دەرچووە. ساڵی ١٩٤٣ لە بەڕێوەبەریی تەجنیدی شاری هەولێر دائەمەزرێ. پاشان ئەچێتە ڕەواندوز و لەوێ تێکەڵی خەباتی کوردایەتی ئەبێ، ساڵی ١٩٤٥ پێوەندی بە مەلا مستەفای بارزانییەوە ئەکا و پاشان ئەچێتە کۆماری مەهاباد و ئەبێتە هاوکار و هاوخەباتی سەربازیی قازی محەمەدی نەمر و یاوەرەکانی. محەمەد قودسی هەر لە تەمەنی هەرزەکارییەوە لە قوتابخانە و لە مەهابادیش کە ئەفسەر بووە، دەستی نووسینی هەبووە، وتاربێژ و وتەبێژی مستەفا بارزانییش بووە. لە شاری مەهاباد خێزان پێکەوە ئەنێ و ژنەکەی بە سەر منالەوە ئەمرێ، ئەو کوڕەی ئەیبێ ناوی ئەنێ (ئازاد)، بەڵام زۆرنابا ئەویش ئەمرێ. دوای ئەوە محەمەد قودسی هەر لە مەهاباد ژنێکی تر ئەهێنێ و لە نووسینەکانی خۆیدا نازناوی (نەسرین)ی پێ ئەبەخشێ. دوای ڕووخانی کۆماری مەهاباد لە ١٥ی کانونی یەکەمی ١٩٤٧دا، (محەمەد قودسی) و هاوڕێ ئەفسەرەکانی، (عیزەت عەبدولعەزیز) و (مستەفا خۆشناو) و (خەیروڵا عەبدولکەریم) دێنەوە بۆ عێراق و لە لایەن حکومەتی عێراقیی ئەو کاتەوە، کە (ساڵح جەبر) سەرەک وەزیرانی ئەبێ، بە شێوازێکی تەمومژاوی و نادیار دەستگیر ئەکرێن و بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٧، هەر چواریان لە شاری بەغدا پێکەوە لە سێدارە ئەدرێن و تەرمەکانیان ئەنێردرێنەوە بۆ کەسوکاریان؛ تەرمی محەمەد قودسی و مستەفا خۆشناو ئەنێردرێتەوە بۆ سلێمانی و خەڵکێکی زۆری شارەکە پێشوازییان لێ ئەکەن، لە گردی سەیوان بە خاک ئەسپێردرێن و محەمەد ئەحمەد تەها (کامەرانی شاعیر) وتارێکی گەرم ئەخوێنێتەوە، لە مزگەوتی گەورە پرسەیان بۆ دائەنرێ و بۆ شەوەکەی کەس نانوێت، جموجووڵ لە شاردا زۆر ئەبێ و نزیک ئەبێتەوە لە ڕاپەڕین، حکومەتیش هەوڵی هێورکردنەوەی ئەو خەڵکە داخ لە دڵە ئەدا. نامەی بە دەست نووسرای ئەم شەهیدانە بۆ کەسوکاریان و چەند وتارێک لە بارەی خەباتیانەوە، لە سەرەتای ساڵانی شەستەکاندا لە لایەن کامەران-ی شاعیری گەورەی کوردەوە لە نامیلکەیەکدا بڵاو کرانەوە.

ئەم ئەفسەرە کوردە تێکۆشەرانە هەر ئەو ڕۆژە (ڕۆژی ١٨ی حوزەیرانی ١٩٤٧)، کە پێیان ڕائەگەیەندرێ، بەیانی لە سێدارە ئەدرێن، هەریەکەو نامەی ماڵئاواییکردنی خۆی بۆ کەسوکاری، هەروەها نامەیەکی شانازیی هاوبەش بۆ میللەتی کورد ئەنووسن و هەر چواریان واژۆی ئەکەن، لەبەر ئەوەی کەسوکاریان بۆیان نەبووە بچنە چاوپێکەوتنیان، سیستەرێک بە ناوی (حوریە خان)، کە دایکی عەرەب و باوکی کورد بووە، توانیویەتی سەردانییان بکا، ئەو ئەو نامانەیان لێ وەرئەگرێت، ئەیهێنێت بۆ سلێمانی و ئەیدا بە ماڵی مەحمود ئەفەندیی باوکی محەمەد قودسی. ئەمە سایەی نامەی شانازییە هاوبەشەکەیانە:

لە شوهەدای ڕێگای نیشتمانەوە عیزەت عەبدولعەزیز و مستەفا خۆشناو و خەیروڵڵا عەبدولکەریم و محەمەد مەحمودەوە، بۆ برایانی میللەتی کوردی خۆشەویست لە دوای تەبلیغی حوکمی ئیعدام بە یەک سەعات نووسراوە، برایان: لە ژیانی ژێردەستی و ئیستیعماردا لە نووسینی ئەم نامەیەوە تەنیا ١٤ سەعاتمان ماوە بە پەتی ئیستیعمار دەگەینە دنیای ئازادی و گیانمان دەگاتە گیانی پاکی شوهەدای ڕێگای نیشتمان. برایان: خۆمان زۆر بە بەختیار دەزانین کە بەرامبەر واجبی میللی هیچ دوانەکەوتووین، تەنیا نەسیحەتی ئێمە ئەوەیە، کە لاوان و نیشتمانپەروەرانی کورد نیکرانی زات بکەنە نیشانە و یەکیەتی بکەنە پەیڕەوی خۆیان بۆ شکاندنی تەوقی ئیستیعمار و ڕزگارکردنی هەموو میللەتێکی مەزڵووم بێ جیاوازی. برایان: دوژمنی جەهالەت بن، بە هەموو تواناتان شەڕی جەهالەت بکەن وە دوای جەهالەت مەکەون. ئێمە نیشانەی تێکۆشینی میللی میللەتی کوردین لە ساڵی ١٩٤٧دا. برایانی ئێمە کە ماون بۆ ڕێگای شەرەف تێدەکۆشن و پشت بە خودای گەورە میللەت ڕزگار دەبێ.

برایان: هاتنمانە بەر سێدارە لە بێ دەسەڵاتیەوە و سێ و دوو کردنەوە نەبوو بۆ تێکۆشین، بەڵکو هەر وەکو سەربازێکی ئازاد تا ئاخرین توانا هەوڵمان دا و گەیشتینە ئەم نەتیجەیە. ئیدی بۆ یەکیەتی وە بۆ ئازادی. بژی کورد و کوردستان. ئیمزا:

**خیرالله عبدالكريم مستەفا خۆشناو عیزەت عبدالعزیز محمد محمود"** **بۆ ل ١٢**

# وێنەیەک لە مێژو



خولە پیزە وەک باس دەکرێت لە بنە رەتدا خەڵکی گوندی (چەمیاڵە) بووە لە سنووری شارباژێر نزیک گوندی نۆرک و دەورو بەری وڵیاوا خێزانکی هەژارو دەست کورت بوون و ژیانێکی کوللە مەرگیان بە سەر بردووەو بە کشت و کاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریک بوون. بەو جۆرەش وازیان لێ نەهێناوە کە بە هۆی مردنی باوکیەوە ئەرکی بەخێو کردنی خێزانەکەیانی لە ئەستۆدا بووە. کاتێک مەفرەزەی پۆلیس لە چوارتاوە دەچن بۆ گرتنی بە هۆی دوا کەوتنی خزمەتی سەربازیی بۆ رژێمێک کە پەیوەندی بە کوردەوە نەبووە، خۆی دەشارێتەوە لە ماڵەکەیان و دایکییشی کەناوی پیزەیە بە قورئانێکەوە دەچێتە پێشوازی پۆلیسەکان و داوایان لێ دەکات واز لە خولەی کوڕی بهێنن و نەیگرن بە سەرباز چونکە کەسیان نیە بە خێویان بکات. پۆلیسەکانیش زۆر بێ رێزی پێ دەکەن و پاڵی پێوە دەنێن و قورئانەکەی لە دەست دەپەڕێت. کاتێک خولە پیزە ئەو بێ رێزیە دەبینێت کە بەرامبەر بە دیکی و قورئانەکە کراوە خۆی پێ ناگیرێت بەو تفەنگە کۆنەی کە هەیان بووە کە ئەوسا زۆرتر تفەنگی (ماهێڕ) و (سێ تیر) و (یانزە تیر) بووەو لە شوێنی خۆ حەشار دانەکەیەوە تەقە لە پۆلیسەکان دەکات و سەردەستەکەیان کە ئازاری دایکی دابوو بە ناوی (حەمە ئەمین بانی شاری) دەکوژرێت و ئەوانی تریش وەک کۆمەڵەی گزگل لە ترسا رادەکەن و خولە پیزەش قاچاغ دەبێت و دەچێتە شاخ و هەمیشە کۆمەڵێک خەڵکی ئازای لەگەڵ بووە کەناو بەناو کەم و زیادیان کردووە. حوکمەتی ئەوسای عێراقیش لە ساڵانی سیەکان و چلەکاندا هەمیشە بە هێزی سەربازی و پۆلیس و جاش کە پێیان دەوترا (غیر نیزامی) لە هەوڵی لە ناوبردنیدا بوون، بەڵام بەهۆی ئازایەتی و لێهاتووی خۆی هەم پارێزگاری لە خۆی کردووە، هەم دژایەتی هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێرانی کردووە کە بە هاوکاری یەکتر هەوڵی لە ناوبردنیان داوە و لە دەیان شەڕدا توانیویەتی خۆی دەرباز بکات. لە شەڕێکی سەختدا لە شاخی بەردەبەکۆزی نزیک سورکێو تاهیری برای کە لەگەڵیدا بووە بریندار دەبێت و بە برینداری دەیبەنە گوندی (چەمپاراو)ی ئێران نزیک گوندی (سیاگوێز) لە ناحیەی گەرمک لە ماڵێک دای دەنێن و تەداوی دەکرێت. بەڵام بەداخەوە لە لایەن خۆفرۆشێکەوە خەبەری لێ دەدرێت و هێزێکی زۆری جاش و پۆلیس دەچنە چەمپاراو و دەوری ماڵەکە دەگرن و پاش گەڕان بە برینداری دەست گیری دەکەن و ئێوارە درەنگ هێنرایە مەخفەری پۆلیسی گۆڵێ. لەبەر درەنگی کات و لە ترسی پەلاماری خولەی برای ئەو شەوە نەبرایە پێنجوێن و لە مەخفەری گۆڵێ هێڵرایەوەو پۆلیسێکی زۆر ئێشکی مەخفەرەکەیان گرتبوو. لەترسی پەلاماری خولەی برای ئەو شەوە لەلایەن خەڵکی (گۆڵێ)وە خواردن و جل وبەرگی زۆری بۆ برا بەڵام رێگە چارەو دەستەڵاتێک نەبوو بۆ ئازاد کردنی و بە داخەوە رۆژی دواتر برایە پێنجوێن و دواتر سلێمانی و دوای دادگایی کرانی لە لایەن دادوەرێکەوە بە ناوی(حاکم عبدالباقی) لە بەر دەم سەرای سلێمانی فەرمانی کوشتنی جێ بە جێ کرا و لەو سنوورەدا تا ئێستاش وەک کارەساتی بریندار بوون و گرتنەکەی وەک گۆرانی ماوەو دەوترێتەوە. وەکوو (تابووتی بۆ بکەن لە توڵی لاولاو ----تایەری تێکەن بەرەو چەمپاراو) یان (ماشێنێک هاتووە شینی قەزوانی---تایەریان تێکرد بۆ سلێمانی)و لەم بابەتانە..خولە پیزە نەی هێشت خوێنی تایەری برای بە فیرۆ بڕوات، جگە لەوەی کە چەندین کەسی لە پیاوانی رژێم کوشت بڕیاری دا تۆڵە لەو حاکمەش بکاتەوە کە فەرمانی کوشتنی تایەری برای دەرکردبوو. بۆیە لە کاتێکدا حاکم عبدالباقی بۆ دەوام لە سلێمانیەوە ئەهاتە پێنجوێن، لە سەر پردەکەی ناڵبارێزی ئێستا بۆسەی بۆ دا دەنێت. کاتێک حاکم عبدالباقی دەگاتە ئەو شوێنە تەقەی لێ دەکات و لە تۆڵەی تایەری برای دا دەیکوژێت. دوای ئەوە ماوەیەکی تر بەردەوام بوو لە شاخەوەبۆشاخ  هەروەهاگوند بە گوندو رژێمی ئەوسای عێراقیش هەم هەوڵەکانی چڕتر کردبووەوە و هەم هێزەکانیشی زیاد کردبوو بە مەبەستی لە ناو بردنی تا سەرئەنجام لە شەڕێکی دەستەو یەخەی قارەمانەدا لە شاخی کەتوو ئەکوژرێت و کۆتایی بە ژیانی دێت بەڵام تا ئێستا ناوی لەسەر زاران و لە ناو ناواندا هەر ماوە....هەندێک کەس تا ئێستا خولە پیزە بە پیاو کوژ دادەنێن و بە چەتەو رێگری دەزانن بەڵام خولە پیزە وەک سەدان خێزانی ئەو سەردەمە لە لایەن پساوانی ئەوسای رژێمی عێراقەوە ستەمیان لێ دەکرا ئەویش یەکێک بوو لەوانەی کە ستەمی پێ قبوڵ نەکراو دژی ئەو رژێمە چووە شاخ و چەکی کردە شان بۆ پارستنی خۆی. بەڵام پیاوانی رژێم شەو و رۆژ لەشاخ و ئەشکەوت و دەشت و دۆڵەکاندا بە دوایەوە بوون بۆ کوشتنی. ئەویش بۆ بەرگری لە گیانی خۆی ناچار



بوو ئەوانە بکوژێت کە هەوڵی کوشتنیان دەدا. هەرگیز دژی هەژاران و زوڵم لێکراوان نەبووە و نە جەنگاوە بەڵکو دژی زۆرداران و زاڵمان و خوێن مژان بووە تا ئەو رۆژەی کوژراوە. هەروەها هاوڕێی ئازیزو خۆشەویست (کاک دلێری مەلامەحمود) بە نامەیەک ڕونکردنەوەی زیاتر لەسەر خولەپیزە بۆناردوم ئەمەش دەقی نامەکەیە: **سلاو.. کاک بورهان گیان، خولە پیزە خەکی شەمساوای نزیک قەلاچوالانە و ئێستاش برا بچوکەکەی هەر لەوێ دەژی و لەوێش نیشتەجیێیە. من تازەترین چاوبێکەوتنم لە سەری خوێندووەتەوە. واتە لەگەڵبراکەی خولەپیزە. هەروەها حکومەتی عێراق بە رەسمی کاتی خوی بە دەزگا بڵاوکراوەکانی ئەوکاتەی گوتووە: نزیکەی (600 ) پۆلیس بە دەستی خولەپیزە و تاقمەکەی کوژراون، بەڵام ڕاستیەکەی دەرکەوتووە.. 1600 پۆلیس کوژراون!. ئەوکاتە بە پولیسش وتراوە (حە یتە)! خولە پیزە لە شاری سلێمانی لە شاخی کەتوو لە ناوچەی شارباژێر شەهید کرا.**

ئەم بابەتە لە کاک بورهان مستەفا بە سوپاسەوە وەرگیراو.

# بەسەرکردنەوەی تێکۆشەران

سەرکەوتی جیهاز



شۆڕشی نەتەوەیەک، کە بریتی بێت لە ڕێکخستنی ئەو توانایانەی، کە ببێتە داینەمۆی جوڵەی بەرەنگاری لە بەرامبەر قڕکردنی دانیشتوان و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیەک تەنها ناکاتە ئەو توانایانەی، کە دواجار دوای شۆڕشی شاخەکان دەبنە کارئەکتەری دیار لە خەباتی شارەکاندا، زۆر هێزی کاریگەری قۆناغی شاخ، کە هێزێکی شەبەحی بون لە هەناوی ئەم شۆڕشەدا ونن، کە ناکرێت ڕۆڵی ئەم هێزە ونانە نەبینرێ، دیاری کردنی تەرزی ئەو هێزەی شاخ مێژوە و نابێت ئەو مێژوە ون بێ، ئەوە ئەرکی نوسەر و ڕۆژنامەوانەکان و مێژونوسانە، کە بێن هێزە ونەکانی قۆناغی شاخ دیاری بکەن، یەکێ لەو هێزانە خێزانێکی ماندو، خێزانێک دەبنە هێزێکی گرنگی شاراوەی ناو خەباتی شاخ کە ئەویش (مەلا عەبدولی خەیاتە) لە ناو براکاندا یەکێک لەوانیش (ئیسماعیلی مەلا عەبدولە) کە هێزێکی شاراوەی کاریگەری ناو خەبای قۆناغی شاخ بوە.

ناو : ئیسماعیل عبدالکریم سعید ناسراو بە ئیسماعیل مەلا عەبدول خەیات

(چوار برا پێشمەرگە بون ئیسماعیل ، خەبات ، شەهید ئاسۆ، شەهید ئاکۆ)

ڕۆژی ١٦-٨-١٩٥١ لە دایک بوە کاتێ لە دایک بوە باوکی لە زینداندا بوو، بەهۆی هەڵوێستی کوردایەتی و ئەندامی پارتی بوو، وە تا ١٩٦١ باوکی چەند جارێک زیندانی کراوە بۆ ماوەی ٨ ساڵ و ٧ مانگ، ماوەی ١ ساڵ لە ژوری سێدارەدا بوە، لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ یەکێک بوو لە پێشمەرگە سەرەتایەکانی شۆڕشی ئەیلول، وە کادرێکی پارتی بوو لە ناوچەکەدا زوو زوو دەیان نارد بۆ فیشەکدان و شتومەک لەگەڵ دایکیدا ئیسماعیل و براکانی دەیانبرد بۆ وێڵەدەر بۆیان، ساڵی ١٩٥٨ چووەتە قوتابخانە و تا ٣ ناوەندیی خوێندوە ساڵی ١٩٦٧ پەیوەندی بە یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە کردوە، ساڵی ١٩٧٤ چووەتە شاخ تا نەکسەکە، بەڵام لە نەکسەکەدا کاک نوری ملا محمودی حاجی ملا ڕەسوڵ پەیوەندی پێوە کردوە، لە پێنجوین و وتویەتی برادەران داوایان کردوە بمێنیتەوە، وە ئێمە دەمێنینەوە نارۆینەوە تا پاش چەند ڕۆژێک کە پەیوەندیان بە مەلا مستەفاوە کردبوووە قبوڵی نەکرد بوو لە برادەران و هەڕەشەی لێکردبون کاک نوری هاتەوە وە وتی: دەڵێن با بڕواتەوە تا کاتی خۆی، لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە ڕێکخسنەکانی کۆمەڵەوە کردوە لەشاخ لە زۆرینەی شەڕ و چالاکیەکاندا بەشدار بوە، کۆتایی ١٩٨٥ دوای فەرماندەی کەرتی تیپ ئاڵوگۆڕ کرایەوە کرایە فەرماندەی کەرتی دوو، پاشتر کە تیپی تایبەت دروست بوو گواستراوەتەوە و کراوەتە سەرپارشتیاری تیپی تایبەت و دواتریش کاک محمود نێردرا بە سەرتیپ و ئیسماعیلی مەلا عەبدول وەک جێگری تیپ، لە ساڵی ١٩٨٤ کاتی گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمدا هاوسەرگیری کردوە لەگەڵ ڕوناک مەلا ئەحمەد گەرمیانی، کە فەرمانبەر بوو وە سەرپەرشتیاڕری بەشی ژمێریاری بوو لە ئۆرزدیباکی سلێمانی وە خاوەنی کچ و کوڕێکن کە لە شاخ لە دایک بون، مناڵەکانیش بە ناوەکانی ڕێژنە و ڕەوەند. ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی کردوە بە مەفرەزە سەرەتایەکانی شۆڕشی نوێ لای شەهید ئەنوەر مجید سوڵتان، پاشان گواستراوەتەوە بۆ لای دەرسیم، واتە مەفرەزەکەی غەفور حەسەن لە شارباژێڕی سەخت، ئەو سەردەمە هێشتا هەرێم دروست نەبوبو دوای بوو بە هەرێمی سێ لە مانگی ١٢ دوانزە لەگەڵ کاک ئەنوەری وەستا بەکری دەلاک، کە ژنبرای مامۆستا تاڵیب ڕۆستەم بوو داوای گواستنەوە دەکات بۆ هەرێمی ٦ کە مامۆستا تاڵیب فەرماندەی هەرێم بوو لە گەڵ شەهید ئەحمەد فتح الله، بە ڕێکەوتن بۆ ناوچەی ئالان و لەوێوە لەگەڵ خەڵکی شارەزادا ڕەوانەی کران تا ئەوکاتەی چوین بۆ هەکاری. بەڵام لە قەندیل کە بەڕێوەبوین بەهۆی سەختی ڕێگاکە و هەردوو دیوی ئێران عێراق بە سوپای هەردوولایان گیرابوو وە خواردنمان لێبڕابوو وە چەند جارێک ئێران بە تۆپ و فڕۆکە لێی دەداین پاشان شەهید علی عەسکەری و لێپرسراوەکان بڕیاریان دا کە دوو کەس بنێرن بۆ سەربازگەی نزیک زێوکە کە ئێمە نەچینە گوندەکان و بەڵام نانمان بۆ بنێرن وە شەهید ملازم ئەنوەری مەجید سوڵتان و کاک جەمال حەمەی خواکەرم چون بەڵام لەبری نان دەستگیریان گرتن لەو ڕێگایەش بەردەوام پێشمەرگە تاک تاک دەچون بۆ پەیدا کردنی نان بەشێکیان دەستگیر دەکران وەیان لە کاتی بۆردومانەکانی ئێراندا بە فڕۆکە دادەبڕان و سوپا دەهاتە شوێنەکە و دەستگیر دەکران، وە من و پێشمەرگەیەکی کەش لە دوا گوندی ڕۆژهەڵات چوین نان بێنین وە ئێمەش دەستگیرکراین وە بردیانین بۆ سەربازگەی جڵدیان ئەو سەربازگەیەی کە شەهیدی سەرکردە پێشەوا قازی محمدی لێ بەند کرابوو، وە بڕیار بوو کە ڕادەستی ڕژێم بکرێینەوە لەوێ کاک جەمالی حەمەی خواکەرەم حەمە علی بەرزنجی، ئەنوەری وەستا بەکر، ڕەحیم باوەزێی، سابیر شێخە، کەریم عبداڵلە مارف، سەید محمود سەنگەسەری بە گشتی ١٥٠ کەسێک دەبوین، بەڵام شەهید ملازم ئەنوەری مەجید سوڵتانیان تێکەڵاوی ئەمان نەکرا وە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرا، بەهۆی ڕێژەیەکی زۆر بون و نەتەوەیەککگرتوەکانیش و هەوڵدانی دەرەوە ڕادەستی ڕژێمی عێراق نەکران وپاش چەند هەفتەیەک ڕەوانەی جەهروم لە خواروی ئێران کران کە شوێنی ئۆردوگایەکی کۆن بوو وە سەربازێکی زۆریان دانا پاسەوان نزیکی ٧ بۆ ٨ مانگ لەوێ بون، بەڵام لەوێ چەند کەسێک توانیان هەڵبێن بە یارمەتی هەموو لایەک وە چەند کەسێکیش گیرانەوە ، بەڵام کاک جەمال حەمەی خوا کەرەم دەرچوو ئەوانەش دەگیرانەوە ئەشکەنجەی زۆر دەدران لەوێش بەداخەوە دوو برادەر بونە سیخوڕی

ساواک ، پاش چەندەها مانگ بەهۆی نەتەوە یەککگرتۆکانەوە بە مەرجێک پێداگری نەکەین بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان دابەشکراین بەسەر شارەکاندا ئێمە ٧ پێشمەرگە نێردراین بۆ ئەرەک سوڵتان ٣ برادەرمان خەڵکی ناوچەی پشدەر بون ٤ خەڵکی سلێمانی و ناوچەی سلێمانی بوین، وە کۆمەڵێ خێزانی خەڵکی باشور کە لە نسکۆکەدا چوبونە ئێران یارمەتیان داین وە لەوێ پاراستنی پارتی هەڕەشەیان لە خەڵک دەکردو پڕو پاگەندەی ئەوەیان دەکرد هەرکەس لێیان نزیک بێتەوە ساواک دەیانگرێت ئەوانیان لە باخێکدا دانابوو پاش چەند ڕۆژێک بڕیاری ڕاکردنیاندا و ٣ برادەرەکەی پشدە ر و ئیسماعیل و کاک ئەنوەری وەستا بەکر وسابیر شێخە بە پاس بەرەو کرمانشان ڕۆیشتن ئەوەش بەهۆی ئەوەی چەند خێزانێکی پەناهێندە بڕێک پارەیان بە دزیەوە کۆکردبۆوە وە بۆیان ناردبون لەوێشەوە بۆ سنەو لەوێشەوە بۆ بانە ٣ برادەرەکەی پشدەر بۆ ناوچەی خۆیان بەرەو ناوچەی سەردەشت ڕۆشتن ئیسماعیل و هاوڕێکانی نەدەتوانرا بە سەیارە بەرە و سنور بڕۆن بەهۆی ئەوەی بروسکە کرابوو بۆ هەمو شار و بازگەکان، کە ڕایان کردوە بە نەشارەزای ڕێیان گرتە بەر تا بە دوو شەو و دوو ڕۆژ گەیشتنە گوندی کەنگەسورە بوو گوندەکە لای بلەکێ پشتی بەرکەچەڵ بوو نانیان خوارد و چونە سەرسنورەکە خەوتن بێئەوەی ئاگاداری ئەوەبن کە ڕژێم خەریکی سوتاندن و ڕاگواستنی گوندەکانی ناوچەی پێنجوینە لە بەر کەچەڵ لە ماڵێک نانمان خوارد ئەوان باسیان کرد یەکەم ڕۆژی جەژن بوو ویستیان بگەڕێینەوە , بەڵام سەربازەکان گەیشتنە ناو دێ و دەستگیرکران بەڵام کاتێک ئەمان لە جەهروم بون مامۆستا تاڵیب بەڕێگای خاچی سوری نێونەتەوەییەوە نامە یەکی بۆ کاک ئەنوەری ژنبرای ناردبوو کە هەرچیەک بوو بڵێین کە مامۆستا جوابی بۆ ناردوین کە بگەڕێینەوە ، بردنیان بۆ گەرمک لە قوتابخانەکەدا بارەگای ئیستیخباراتی فەیلەقی لێبوو خەریکی لێکۆڵینەوە بون لەگەڵمان ئێمەش باسی ئەوەی کە مامۆستا تاڵیب جوابی بۆ ناردوین وە کۆمەڵێ پاکانە یەکەم من بوم دووهەم کاک ئەنوەر سێهەم سابیر شێخە بەڵام سابێر شێخە کە نازناوی ساماڵ شێخە بوو لەیادی چوبوو کە ئەوانیان لەبەردەم ژورەکە وەستاندوە کاتی پرسیاریان لێکرد ئەو وەڵامی ئەوەبوو کە پەیوەندی هەبوە بە مولازم سوڵتان لەو فەوجەی ئاوکورتێ و ئەو بۆ ئیش ناردویەتی , بەڵام کە هاتە دەر ئەمانی بینی بو ڕەنگی تێک چوو بەهانەی دەهێنایەوە وە یەکسەر بردیانییان بۆ کەرکوک , بەڵام پوررزایەکی کاک ئەنوەرئەمانی بینیبوو لە پشتی پیکابیک لە مابەینی هڵوبەو فولکەی خانەقا چوبوو بۆلای مامۆستا تاڵیب ،ئەویش گەڕابوو بە دواماند لە سلێمانی بەڵام کاتێ بردیانینە کەرکوک بۆ ئێستیخباراتی فەیلەق پاسەوانەکانی لە گەڵمانبون یەکێکیان کوردی کەرکوک بوو بە دزیەوە بە کاک ئەنوەری ووتب و هیچ کارێکتان هەیە ئەویش ڕایسپاردبوو بۆ لای مامۆستا تاڵیب و ڕاسپاردەکەی گەیاندبو و بەهەمان شێوە دوو هەفتە لەوێش لەژێر لێکۆڵینەوەدا بون تا مامۆستا هات بەڵام ئەوان بڕیاریان دابو کە ڕەوانەی هەیئەیان بکەن دواي مامۆستا تەلەفونی بۆ بەغداد کردبوو وە پێی وتبون کە ئەوان پەیمانیان داوە کە جواب بنێرێت خەڵک بگەڕێتەوە وە وتبوی ئەوەتا جوابم ناردوە ئەوان گرتویانن دواتر بەرەڵایانکردین بەڵام سابیر شێخە لەوێش هەمان وتەی وتبۆوە دواتر گەڕاینەوە سلێمانی و ئەوەی ساماڵمان گەیاند بە ڕێکخستن پاش ماوەیەکی کەم گەڕایەوە

شاخ وە لە دروست بونی تیپەکان لەگەڵ شەهید سەلاحی موهەندیس گواسترایننەوە بۆ تیپی ٤٧ پیرەمەگرون وە شەهید هاوڕێ جەبار بوە فەرماندەی کەرت و منیش بوومە فەرماندەی مەفرەزە , دوای شەهید بونی شەهید سەلاح کەرتەکە بوو بە کەرتی ١ شەهید سالاح موهەندیس لە ساڵی ١٩٨٣ دوای شەهید بونی شەهید هەوڕێ جەبار بوە فەرماندەی کەرت ١ شەهید سەلاح لە ١٩٨٦ گۆڕانکاری لە فەرماندەی کەرتەکان کراوە بوە فەرماندەی کەرتی تیپ و پاشتر کەرت و کە تیپی تایبەت دروست کرا بوە سەرپەرشتاری تیپ وە پاشتر کاک محمود کۆمەڵەیان نارد بە فەرماندەی تیپ و ئیسماعیلیان لەسەرپەرشتیاری تیپەوە کرد بەجێگری فەرماندەی تیپ وە لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا ٦ جار بریندار بوە و چوار برا پێشمەرگە بون لە مانگی ٨-١٩٩٠ ڕەوانەی وڵاتی سوید کراوە لەگهڵ کەمئەندامەکان بۆ چارەسەر و ٨ جار نەشتەرگەریی بۆ کراوە وە تا ئێستاش لەژێر چاودێری پزیشکدایە.

ناسینی سەرکەوتی جیهاز بۆ ئیسماعیلی مەلا عەبدول و براکانی.

ناسینی من بۆ کاک ئیسماعیل و براکانی ئەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵی ١٩٨٥ کە لە تیپی ٤٧ پیرەمەگروون پێشمەرگە بووم، پێم خۆشە بیرەوریەک لەم بەسەرکردنەوەیەدا باس بکەم، سەرەتای ساڵی ١٩٨٥ بوو دوژمن بە نیاز بوو هێرش بکاتە دۆڵەڕووت. ئەو کاتە کاک ئیسماعیل ئامر کەرتی دوو بوو. مقەڕیان لە گوندی قول قوڵە، هێزەکە لەوێ کوکرابۆوە. کات نیوەڕۆ بوو ئەنجومەنی دێیان بانگ کرد تەوزیعمان بکەن، من لێرەوە ڕێزی زۆرم بۆ خەڵکی گوندی قوڵ قوڵە هەیە هەتاکو ماوین قەرزاری دڵسۆزی و خەمخۆری ئەو خەڵکەین بە ڕاستی ئەرک قورسیان لە سەر شان بوو، ئەنجومەن تەوزیعی کردین من و چەند هاوڕێیەکم بەرماڵێکی هەژار کەوتین نانیان بۆ دانایین تەنها ٤ قاپ و دەستەوارەیەک نانی تیری قاپەکان تەنها شلەیەکی تێدا بوو نەمان ئەزانی چییە؟ هەموو سەیری یەکترمان کرد خاوەن ماڵ ووتی: "شلەی باینجانە" برادەرێکمان یەکسەر چووە دواوە ووتی: "من تێرم" من و دوانەکەی تر بە نابەدڵی یەکی کەمێکمان لێ خوارد دەست خۆشیمان لێ کردو ڕۆیشتین بە بۆڵ بۆڵ و پێکەنین قسەمان بۆ یەکتر ئەکرد، تا ئێرە ئاساییە. دەمەوەوئێوارە هات، چاوەڕێمان کرد. ئەنجومەن بێت تەوزیعمان بکاتەوە دیار نەبوو لە پڕ برادەرێک هات ووتی: "ئەنجومەن لێرە نیە" موشکیلە نیە هەموو بچنەوە ئەو ماڵانەی، کە نیوەڕۆ لێی بوون ئێمەش گەڕاینەوە هەمان ماڵ و ئەوانیش نانیان بۆ دانایینەوە هەر ئەوەی نیوەڕۆ بوو یەک کتری ئاوی گەرمی تێ کرابوو کەس بۆی نە ئەخورا هەموو چونە دواوە، من مامەوە منیش نانە ڕەقم هێنا تێم گوشی ووتیان: "ئەوە چی ئەکەیت؟ ووتم: "بە قسەم بکەن وەرن ئێوەش بخۆن و با تەواوی بکەین، بە خوا سبەینێش هەمان شتمان بۆ دائەنێنەوە" ،جارێکی تر ڕێزو سڵاوم بۆ ئەو خەڵکە، کە ئەرکێکی زۆریان لە سەرشان بوو.



# (هیچ کاتێک بەقەد ئێستا گریان شیرین نەبووە) "ئیسحاق لیب پێرێتز"

دەوەن مەعروف



شیعر؛ هونەری زمانە! خوڵقاندنی وێنە و دروستکردنی خەیاڵ و پرسیارە لە دنیای (ئیستاتیکا Statics ، هێرمۆنتیک، Hermeneutics زمان Languag) کە لەیەکەمین دەقی شیعری دنیاوە، ئەم پرسانە دروستبوون و هەر یەکەیان مانای جودایان لەتەک خۆیاندا، هێناوەتە بەر باس، ئەم پرسانە بەردەوام دیدی نوێ و گێڕانەوەی دروست و ماناداریان لەناو دەقدا چێدەکەن، بە جۆرێک لە کاتی خوێندنەوەی دەقدا، خوێنەر پەلکێش دەکەن بۆ منەکردنی وەڵامەکان، لێرەشەوە دەمانخانە بەردەمی میتۆدە گرنگەکانی دنیای ئەدەب. وەکیدی کاتێک دێینە سەر باسی شیعر، بە مانای قسەکردن و خستنەرووی ئەو خەیاڵ و چیرۆکانەیە، کە لەهونەری نووسینەوەی شیعردا بوونی هەیە (سید فیلد Syd Field ) وتەنی ( کۆکردنەوەی ئەو بیرۆکانەیە کە بە مێشکماندا دێن، یان دیمەنێکی ئەو خەیاڵانەی خۆمانە) واتە قسەکردن لەسەر نیگاکانی شیعر، هەڵگری بەکارهێنانی میتۆدە جیاوازەکانە لەرووی دنیابینی (هێرمۆنتیکا Hermeneutics, میتافۆر Metaphor ، زمان Languag) کە ئەم میتۆدانە هەریەکەیان تەفسیر و پێناسەی تایبەت بە خۆیان هەیە و گەلێک لەقوتابخانە ئەدەبییەکانیان بە خۆیانەوە سەرقاڵ کردووە. لێرەوە ئەز حەسکرد رووی ئەو ستراکتوورە ئاشکرا بکەم، کە دەبێتە هۆی تووڕدانی زمانی رق و قەڵەمی رق، لەئاست دەقە زیندووەکانی دنیای ئەدەب و رەخنەی قەڵەم رەخنەسازانی هەنووکەی زمانە زیندووەکەی زمانی کورد، پێم چاکە چیدی نەگەڕێین لەدووی ئەو فەزا ناجۆرانەی کە دەبنە هۆی رەخسانی زمانی توند و لەکەدارکردنی دەقە زیندووەکان، پێویستە لێرە بەدوا کۆی هەموو رقەکانی دنیای ئەدەبی کورد، دوور خەینەوە و لەجێی ئەودا جەنگە هزری و مەعرییفییەکان بخوڵقێنین، بۆ پێشخستن و داهێنانی راستەقینە و قەڵەمەکانی ئێستا و ئایندەی زمانی کورد، بۆ زەنگینکردنی زمانی رەخنە بە دید و دێیاتی سەردەمیانەی نوێخواز لەبەرامبەر جوانکرن و ئارایشکردنی دەقە زیندوەکانی وەک (رۆمان، چیرۆک، شیعر) و گشت ژانرە گرنگەکانی ئەدەب و ماناکانی تری داهێنان. ئایا شیعر بۆ پرسیارە ؟ ئەوە دەقە خاوەنی پرسیارە یان خودی شاعیر؟ شیعر پرسیار لەچی و لەکێ دەکات ؟ بۆچی زووربەی جارەکان شیعر پرسیار دەخوڵقێنێ؟ هەر یەکێک لەم پرسانە وەڵامی خۆیان هەیە، کە دەکرێ لەناو بازنە ئەدەبی و فکرییەکانەوە وەڵام بدرێنەوە (هایدێگێر Heidegger) لەدوای (پلاتۆنەوە Platon) رچەشکێنی ئەم میتۆدەیە. شیعری تەندروست، خاوەنی سیناریۆییەکە لەناوە و دەرەوەی خۆیدا، کە دەتوانین لەرێگەی جوانی زمان و پێکهاتەکانی ناوەوەی دەقدا بیاندۆزینەوە، ژبەر هەندێ پێویست دەکات، شیعر بە ووردی بخوێنرێتەوە و دێیاتی ئاقڵانەی لەسەر بکرێ، خاڵی گونجاوی سەرنج ئەوەیە، کە لەناو هەموو دەقێکی شیعردا، دەتوانین دەقێکی نوێی شیعر بدۆزینەوە، هەر لەرێگەی جوانی زمان و واتای دروستەوە دەتوانین شیعر و دنیای شتەکان، بەدی بکەین و تۆن و جووڵە هەنوکەییەکان بدۆزینەوە! ئەو جوڵانەی کە زەمەنێک بەر لەئێستا روویانداوە و سروشت لەگەڵ خۆیدا خوڵقاندوونی بە جۆرێک کە شاعیرە هۆشیارەکان، لەراستە رێی شیعرەوە نیشانمان دەدەن..وەکیدی دەکرێ بڵێین رەنگ و خەیاڵ، زمانی شیعر دەنووسنەوە. قوبادی جەلیزادە، لەناوخنی ئەم باسەدا وەک نموونە. دیوانی (باخچەکانی مەلەک تاووس) شیعری (فلووت ژەن) کە دەقێکە کارکردنە لەناو رۆح و جەستەی ژن، دەستگرتنی ژنە بۆ ناو جوانییەکانی ژیان. نەفرەتکردنی پیاوی ژنکوژە لەناو ژیاندا. لە ئەزەلەوە پیاو کائینێکە خاوەنی کوشتنی رۆحی مرۆڤەکانە، دیرۆکی مرۆڤایەتی لێوانلێوە لەپیاوە ژنکوژەکان. قوبادی جەلیزادە لە رێگەی فلووت ژەنێکەوە گوناهەکانی پیاوی ژنکوژ دەنووسێتەوە. (پیاو دەمبات؛ بۆ دزی. بۆ شەڕ. بۆ خەرمان سووتان. بۆ لووت برینی ژن. دەست دەخەمە دەستی ژنەوە. ژن دەمبات بۆ قەراخ، رووبارێکی گۆرانی بێژ. بۆ ناو مەرسەمی، پەپوولەیەکی شێوەکار، بۆ بن کەپری، سمۆرەیەکی رۆماننووس. بۆ بەر سێبەری، درەختێکی فلووت ژەن)

شیعر؛ زمانێکی عەجول و لەهەمان کاتیشدا پڕ نهێنییە، هەندێ جاریش ئال و سال وەک گەڕیدەیەکی قەلەندەر، هەنگاو دەنێت بەسەر شۆستە چۆڵ و بێدەنگەکانی خەیاڵی شیعر و رستە رەنگاو رەنگەکانی شیعردا! گەر رۆژێک قوبادی جەلیزادە وون بوو، خوێنەری زیتەڵ دەتوانێ لەناو دێرە ئاسمانییەکانی شیعردا



بیاندۆزێتەوە، منەکردن و گەڕان بەدووی خەیاڵ و ئێستاتیکای شیعردا، داهێنانێکی دەگمەن کارە. شکلۆفسکی Shklovsky وتەنی (شاعیران ئاماژەکان ناخوڵقێنن، بەڵکو دەیان دۆزنەوە) واتە لەرێگەی زمانی شیعر و زمانی پێوەرەوە کۆیان دەکەنەوە، قوبادی جەلیزادە لەرێگەی زمان و وێنەی رەنگاو رەنگ و خەیاڵی سروشتەوە، دێرە جوانەکانی شیعر دەنووسێتەوە.

# بەهجەت یەحیا: ئێمە ئەو منداڵانە بووین، کە زیاتر لە دەنگی هەر شتێک گوێمان لەدەنگی تفەنگ بووە.

**یادنامە**



ئـــێمە نەوەیەکـــین لە نـــاخەوە ئـــاوارەبووین، تـــازە تینـــوێتیی رووحمان بەهیچ ناشکێت، هەمیشـە ئەڵێـی چـاوەڕوانی شـتێکین پێـی شـادبینەوە ، لە دوای ئەو هەمـوو غوربەتەوە ئێستا لە نیشـتیمان بـۆ نیشتیمان ئەگەڕێـین. ناشـرینترین ڕژێـــم جـــوانترین ســـاڵەکانی تەمـەنمانی هـەڵوەرانـد، بـەرواری ڕۆژی لـەدایک بونمـان لـە مەتـەڵ ئـــەچێت چوونکـــە جـــاران لـــە فەرمانبەرایـەتیی ڕەگەزنامـە هـەر منـــــداڵێکیان تۆماربکردایـــــە ئەیاننووسی یەکی حـەوت لـەدایک بوە ، ئەیانووت بۆکاتی داخڵکردنی قووتابخانە باشە .

ئەو پەروەردە توورەیەی کە دارێکی گرتبوو بەدەستیەوە و ئازاری دەست و پەنجە بچکۆلەکانی ئەدا تەنها تێنەگەیشتن بوو لە دنیای منداڵ ، چوونکە کە ئەقڵ نەیتوانی فەرمانەکانی خۆی بەجێ بهێنێت ئیتر هێز حوکومڕانە ، ئەو گەلەی پەروەردەی نەوەکانی بەهەند وەرنەگرێت لە پەراوێزی مێژوودا ئەمێنێتەوە. هونەرمەند لەگەڵ هونەرەکەیدا پێکەوە لەدایک ئەبن ، هەرگیز ساتێکی دیاریکراونیە بۆ بەهونەرمەندبوون بەڵکو ساتێک هەیە کەهەستی دەربڕین ئەگاتە ئاستێک ئەتوانێت لە ڕێگای هونەرەوە گوزارشت لە خۆی بکات. هەر زۆر منداڵ بووم بۆ یەکەم جار بە دارو تەختە و تەلی عەمەلیات ئامێرێکی مۆسیقام دروستکرد هەرچەندە لە هەمووشتێک ئەچوو تەنها لە ئامێری مۆسیقا نەبێت بەڵام من ناوم لێنابوو گیتار، دەنگی زۆر ناسازبوو بەڵام لە فەنتازیای ناخی مندا خۆشترین دەنگی هەبوو هەقی وایە هەر ئەو ساتانە بە تەمەن حساب بکرێن کە تیایدا هەست بەخۆشەویستی ئەکەین ئەگینا ئەوەی تری هەر ڕاکە ڕاکەیە یان بەدوای ژیاندا یان لەدەست ژیان .هیچ وولاتێک نیە بەقەدەر ئەم وولاتەی ئێمە مفاوەزاتی تیاکرابێت کەچێ هەمیشە هەر شەڕ بووە. هەمیشە قوربانیی سەر مێزی دیالۆگی دەستەڵاتەکان بووین . لەبیرم دێ سێ چین ڕەشبەڵەک گیرابوو فڕۆکەکان نوقوڵیان هەڵئەدایە خوارەوە ، ئێمە لەچاوی منداڵیەوە زۆرمان پێخۆش بوو چوونکە گەورەکانمان ئەدی دڵیان خۆش بوو وامان ئەزانی فڕۆکەکانیش هەر هی خۆمانن ، منداڵ هیچی ناوێت بەڵکوو تەنها ئەیەوێت یاری بکات ، زۆربەی ئەوشتانەش کەلەچواردەوری ڕووئەدەن ئەو وەکوو یاری ئەیانبینێت ، لەناکاو دەنگی دەهۆڵ و زووڕنا نەماو یەکسەر دەنگی گریان و جلی ڕەش بەهەڵەداوان خۆیکرد بەماڵی ئێمەدا ، ئەو خاڵەم شەهید کرا بوو کە یەکەم دیاریی لەژیانمدا پێشکەش کردم ، یاریەکی نایلۆنی بچکۆلانەبوو کە خۆشیەکی گەورەی پێ بەخشیبووم. زۆربەی یاریەکانی جاران کەمنداڵان ئەیانکرد کەرەستەکەی بەرد بوو ، لەبەر ئەوە بەرد لەبیرەوەریەکانی ئێمەدا زۆرترین یادگاریی هەیە ، بەرد نزیکترین هاوڕێمان بوو هەتا ساڵی 1982 هەر هەموو بەردەکانمان گرتە بەعس و هاوارمانکرد بڕوخێ لەوکاتەوەی بەقەڵەم لەسەر کاغەز ئەم سنورانە کێشراون ئیتر منداڵ هەر کەلەدایک ئەبێت دڵی کراوە بەچوار بەشەوە و چوار زاڵمی بەدیاری بۆ ئامادەکراوە ، ئەو حکومەتانەی یەک بەدوای یەکا هاتوون لەجیاتی ئەوەی پارێزەری هاووڵاتی بن هەمیشە جەللادی هاووڵاتی بوون، هیچ دەرگایەک نەمابوو مەرگ لێی نەدابێت هیچ شتێک نەمابوو قەدەغەنەکرابێت ، دڵێ نەمابوو دڵەڕاوکێی نەبێ ، ماڵێک نەمابوو حەشارگەیەکی تیا نەبێ ، نیشتیمان کرابوو بەزیندانی نەتەوە، کەس لەتەمەنی خۆیدا نەدەژیا ، منداڵ وەک گەورە بیری ئەکردەوە ، گەنج وەکو پیر ، پیریش بیری لەمردن ئەکردەوە. شاشەکان تەنها دوو شتیان نیشان ئەدا یان لاشە سووتا وەکانی بەرەکانی جەنگ یان وێنەی دیکتاتۆرەکە لەکاتێکدا قاقا پێدەکەنی کە بەئاستەم زەردەخەنەیەک لە هیچ جێگایەکی ئەم نیشتیمانە بریندار و چۆڵ و هۆڵ کراوەدا نەمابوو ، گوندەکان یەک لەدوای یەک سەردەبڕان و شارەکانیش سەرەی مەرگیان گرتبوو. بەبەرچاوی هەموو جیهانەوە لەسەر نەخشە ئەیانسڕینەوە کەچی تەنها ویژدانێک نەجووڵا بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە ئەنفال کراین کەچی یەک ورتە لە شوێنێکەوە نەهات، دەنگی چیاکان ئەکران بەژێر لمی بیابانەوە بەبێ ئەوەی گوێیەک بیانبیستێ. هیچ شتێک نەمابوو تەنها دەنگی ڕادیۆیەکی بێ نازنەبێ ئەویش زۆر لەدوورەوە بەئاستەم نووزەی دەرئەهات. زۆر زەحمەت بوو لەسەردەمێکدا هونەر بکەیت کە ئیستاتیکای تیا کوژرابێت ، زۆر زەحمەت بوو لە جێگایەکدا خۆشی بدۆزیتەوە کە بە هەواڵی ناخۆش تەنرابێت،



بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو نەوەیەکی نوێ کە دێت هەنگاوێکی نوێ بەسەردەمەکەی خۆی ئەنێت. سەرەڕای سەختی و ئاڵۆزیی بارو دۆخی ڕامیاریی ئەو کاتە لەلایەکی تریشەوە دنیایەک کۆسپ و تەگەرە لەبەردەمی ڕێگای کارکردنی هونەریماندا دروست کرابوو. زۆرسەیرە ئێمە وەکو میللەت بەدرێژایی مێژوو یەکتر قبووڵ نەکردن گەورەترین زیانی لێداوین کەچی سەرەڕای ئەوەش لەهەموو بوارێکدا و لەهەموو جێگایەک وەک مۆتەکە لەبەردەمماندا قووت ئەبێتەوە ، ئەوەی بڕوای بەبوونی خۆی هەبێت هەرگیز لەبوونی کەسانی تر سڵ ناکاتەوە و بەدڵێکی هاوڕێیانەوە قبووڵی ئەکات، ئێمە هونەرمان نەدەکرد تەنها لە پێناوی هونەردا. گۆرانیمان نەدەگووت تەنها بۆئەوەی گۆرانی بڵێین، بەڵکوو دەنگمان پەیامێک بوو بۆ شکاندنی بێدەنگی لەو سەردەمە تاریکەدا دڵنیابووین کە ڕۆژێک دێ خۆری ئازادی هەڵدێت لەناکاو بەیانیەکیان هەستمانکرد خۆرەتاو لەهەموو بەیانیەکانی تر جوانتر بوو لەناو ئەو هەموو کش و ماتی و بێدەنگیەدا گوێمان لەدەنگ بوو شنەی با

ئەیوێرا شنەی بێ ، یەکەم جاربوو دەنگی ئاوونگ بەئاشکرا بریسکەی بێ ڕۆژێک لەوەوپێش هەرچی دارو درەختە لەدوایین هەناسەی سەرەمەرگابوون کەچی ئەو بەیانیە هەموو چرۆیان دەرکردەوە ، دەمێک بوو بۆنی سێوی ژەهراوی هەموو باڵندەکانی تەرەکردبوو کەچی ئەو بەیانیە پۆل پۆل ئەگەڕانەوە دەنگی ڕادیۆ بێنازەکە هەتا دەهات زیاتر دەبوو ، سات لەدوای سات هەواڵی خۆشتری پێ بوو ئەی بەحەیرانی ئەو بەیانیەبم ، هەر دەتگووت کۆڕی ئەویندارانە ، هەر ڕێبوارێکت ئەدی ڕووحی لەسەر هەردوو لەپی دەستی دانابوو ئەگەڕا بیکا بەقوربانی یەکەم جاربوو دەنگی تفەنگ لە مۆسیقا خۆشتربێ یەکەم جاربوو بۆنی دووکەڵ مژدەی شادمانی بێ یەکەم جار بوو هەر هەمووومان بەڕەنگی جیاوازمانەوە یەکەم جاربوو لە مێژوودا دەنگێک کۆمانبکاتەوە ووشەی ئازادی بەگوێ بیستبوومان بەچاویش خوێندبوومانەوە زۆر دەمێک بوو عاشقی بووین یەکەم جاربوو لەنزیکەوە بتوانین بۆنێکی بکەین وەک دڵدارێکی چاوەڕوان بەخۆشەویستیمان بگەین مەحاڵە قەڵەم بتوانێ ئەو ساتی ئاوێزان بوونە بە ووشە بهۆنێتەوە  مەحاڵە زمان بتوانێ ببێ بە حیکایەت خوانێ ئەو هەموو عەشق و سووتانە وەکو خۆی بگێڕێتەوە مەحاڵە چاوو بتوانێ ئەو وێنانەی کەدیوێتی بۆمانبکا بە پەخشانێ ئازادی هەستێکە تەنها ڕووح تێی دەگات و تەنها ڕووح قەدری دەزانێ هەموو کەسێک تەنها جارێک لەدایک ئەبێت بەڵام ئێمە هەر هەموومان پێکەوە بۆ جاری دووەم لەڕۆژی ڕاپەڕینا لە 7/3/1991 لەدایک بووینەوە.

پیرۆزیی ئەو ڕۆژە ئیلهامی ئەم گۆرانیەی پێ بەخشیم ، هەر ئەو بەیانیە هۆنراوە و ئاوازەکە پێکەوە لە ناو قووڵایی ڕوحمەوە هاتنە سەر زمانم ، هەر دەتگووت گۆرانیەک دەڵێم کە ساڵەهای ساڵە لەبەرمە دڵم نەهات هیچ ووشەیەکی لێ بگۆڕم چۆن هاتبوو هەرئاوا وەکو خۆی نووسیمەوە ، لە چاوی منەوە هەموو ئەو شتانەی کە ڕوویانئەدا ئەیانوویست تۆڵەی ئەنفال بکەنەوە ، بۆیە گۆرانیەکەم ناونا تۆڵە.

**تۆڵە: من بوورکانی چیای خەمم ئەمڕۆ هاتووم، من لافاوی گریانێکی پەنگ خواردووم، من ئەو گەلەم، ئەنفال بووە نان و بەرگم... ئەنفال بوە ناونیشانم ئەنفالیان کردە مۆرێک و خستیانە سەر ناوچەوانم بەیانیەک برینی کۆن و نوێ کولایەوە پەڕەی مێژوو بەپەنجەی خوێناوی نووسرایەوە بەیانیەک کە دەمی بێ زمان کەوتە نەڕە ووتی تۆڵەی گەرمیان و شارەزوور کرایەوە سەری بەرزی سەگرمە و پیرەمەگرون و قەندیل بۆ شەوەزەنگی ئەم ڕێگایە  داگیرسایەوە بەیانیەک ئەم شارە وەک دایکی جگەرسووتاو هەردوودەست و مەچەکی هەڵکێشابوو لە خوێناو بەیانیەک لە تۆڵەی ئەو هەموو کۆست و مەرگە دار و بەردی ئەم خاکە لێیان بوو بە پێشمەرگە کە پێشمەرگە گڕیگرت وەکو مۆم توایەوە خەڵکی کۆچ پێکراوی بادینان گەڕایەوە خەڵکی کۆچ پێکراوی لای گەرمیان گەڕایەوە بەیانیەک چاوەکەی کوردستانی پڕمەینەت بۆ دواجاربوو ڕژاندی ئاهو ئەشکی پڕ حەسرەت کەلافاوی ئەو ئەشکە ها دووژمنی تێکشکان دەریایەکی بێبن بوو جەللادەکان تیا خنکان دایکی شەهید لە تۆڵەی ئەو دڵە بریندارە هەردوو پرچی بۆ دووژمن کردە پەتی سێدارە...**

هێندەی نەبرد لەدوای چەند ڕۆژێک کۆڕەوەگەورەکەی بەسەرداهات، دیسانەوە لەماڵەکەی خۆماندا ئاوارە بووینەوە ، بەڵام ئێمە بەجۆرێک مەستی ئازادی بووین ، کۆڕەو بەهەموو تراژیدیاکانیەوە لەسەیرانێکی بەکۆمەڵ ئەچوو ، بەهەموو ناخۆشیەکانیەوە لە خۆشیەکی گەورە ئەچوو ، نەتەوەیەک هەر هەموومان پێکەوە بەپێ دەرۆیشتین و هەنگاو بەهەنگاو ئاسەواری ئەو جێژوانانەمان ئەدیەوە کەدڵدارەکانیان لەژێر لمی بیاباندا هێشتا هەر دەست لەملانی یەکتری بوون ، هیچ جێگایەک نیە لەدوونیادا بەقەدەر ئەم نیشتیمانەی ئێمە خەڵکی بەکۆمەڵ تیادا نێژرابێت. هەردە ڕۆیشتین و دەم ولێوی ووشک هەڵهاتووی کانیە خنکاوەکانمان ئەدیەوە، هەردەڕۆیشتین و با و باران لاپەڕە سووتاوەکانی مێژووی بەڕوماندا هەڵئەدایەوە، چاومان گریا دڵمان گریا بەڵام ڕووحمان هەر ئارام بوو چوونکە یەکەم جار بوو لە ژیانماندا بتوانین بە ئازادی بە نیشتیمانا بگەڕێین. بەڵام ئازادی ئەگەر بەشێوەیەکی تەندرووست سوودی لێ وەرنەگیرێت ئەشێ زیان بگەێنێت. هێندەی پێنەچوو دیسانەوە تەقەی خۆشی وەستا و دووبارە تەقەی ناخۆشی دەستی پێکردەوە، دووبارە ئەنفلۆنزای یەکتر قبووڵ نەکردن سەری هەڵدایەوە ، ئەم نەخۆشیە بەجۆرێک تەشەنەی سەند کەوتە هەمووماڵێکەوە ، ئەوەی بەقوورسیش نەیگرتبوو تۆزێک بەسوکی هەر گرتبووی یەکەم جار بە پەڕۆ شەڕبوو دوای ئەوە بوو بەئاگر . زمانی لەیەک تێگەیشتن نەما ودنیا بوو بە دوو ڕەنگەوە، هەموو ئەو کۆڵەکانە ڕووخان کە سیستمی ژیانی کۆمەڵایەتیان ڕاگرتبوو، دیسانەوە مێژوو خۆی دووبارەکردەوە. هیچ جوانیەک نەما ناشرین نەکرێت ، هیچ کۆڵانێک نەما بێ پرسەبێت و بەیداخێکی ڕەشی لێ هەڵنەکرێت ، هیچ خۆشەویستیەک نەما نەبێ بەڕق ، ئەو ئاگرە جەرگی نیشتیمانی سووتان و نەوەکانی ئاوارەکرد . ژیانی گۆڕی بۆ کۆچێکی بەردەوام و بێ سنوور ، لەهەر دەریاچەیەکی ئەم جیهانەدا بەلەمێک نوقوم ببوایە دەست بەجێ کۆمەڵێک دایکی لە نیشتیمان ڕەش پۆش ئەکرد. لەدنیادا زۆر شت هەیە لەیەکتری ئەچن بەڵام ئاوارەبوون تەنها لە خۆی ئەچێت ، ئەگەر کەسێک غوربەتی نەچەشتبێ ناتوانێ ئەو هەستە تێبگات ، لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەیە کاتێک لەتاراوگە بەخۆت ئەزانیت تەنها جەستەت کۆچی کردوە و ڕووحت هەر لەنیشتیمانە و لەگەڵت نەهاتوە ، ئیتر سەرەتای دەستپێکردنی ئازارە دەروونیەکان لەم دابەشبوونەی نێوان ڕووح و جەستەوە دەست پێ دەکات و هەرگیز کۆتایی نایەت. بەو هەموو خەم و فرمێسکەشەوە نیشتیمان هەمیشە ئەو خۆشەویستەیە کە هەرچەنێک لێی دووربیت زیاتر لێی نزیک ئەبیتەوە ، لەچ کاتێکدا کە لەوێ نیت لە هەموو کاتێک زیاتر لەوێی، ئەو هەرچۆنێک بێت تۆ هەر بەجوانی ئەیبینی ، کام ساتەی خۆتت بیرنیە ئەوت لەبیرە. **لە شاری سلێمانی لە حەوشی گەورەی گەڕەکی کانی ئاسکان لە یەکێک لە ڕۆژەکانی  کۆتایی ساڵی ١٩٦٥ چاووم بە ژیان هەڵهێناوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی بەهجەت یەحیا**

**YADNAME یادنامە**

**بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنی‌یە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژوویی و ئەدەبی‌یەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردی‌یەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز) لە هۆڵەندا و جەماوەر ئەحمەد لە سلێمانی"یەوە سەرپەرشتی ئەکرێ.**

Email :sarkawt_47@hotmail.com
Viber& WhatsApp: +31615852703 / 009647701502234

# ڕۆڵە نەبەزەکان



زۆرن ئەو ڕۆڵە نەبەزانەی شاری سلێمانی، کە مرۆڤ ناتوانێت بۆ چەند ساتەکیش لە یادو بیر یان بکات، هەردەم کاروکردەوە و خابات و خۆشەویستیان لە نێو دڵ و دەروندا تۆمارییەکی لەبیرنەچووە، بگرە لەوەش زیاتر ئەدگارو ئەزموونی ژیانیان بوونەتە سەرمەشقی ژیانی چەندین نەوەی نویَ و هاوڕێیا زانیان، لە نێو ئەو کەڵە پیاوانەشدا بەهەشتی حیلمی عەلی شەریف-ی خەباتگێڕو نیشتیمانپەروەر و سەرکردەیەکی چەلەنگی پێشمەرگایەتی و ڕۆژنامە نووسی بەسەلەقەو هەڵکەوتووە کەتا ئەمڕۆو بۆ هەتا هەتایی کاکە حیلمی لە نێوماندا هەر بە زیندوو دەمێنێتەوە، زۆربوار هەن لەژیان و خەبات و بەرهەمی مامۆستای کۆچکردوو، کەچەندین پەڕاوو کتێبی و لێکۆڵینەوە دەخوازن،بۆیە لێرە هێندە هەیە کەبروسکە ئاسا بە نێو ژیان و خەباتی ئەو جوامێرەدا رەت بین و وەفایەک بێت بۆ گیانی نەمری و یاد و یادەوەری هەر بەرزو پیرۆز بێت مامۆستا حیلمی عیلمی شەریف لە ساڵی ١٩٣٠ لە شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە،لە ناوەڕاستی چلەکانی چۆتە ڕیزی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کوردەوە، لە ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ لە سەرکردە ناسراوەکانی بزووتنەووەی قوتابیان بوو،چەندین جار لەسەر چالاکی سیاسی و فیکری گیراوەو دوورخراوەتەوە و زیندانی کراوە، دوای مۆڵەتدان بە پارتی کە ڕۆژنامەی (خەبات)یش بوو بە ئۆرگانی ڕەسمی،بەهەشتی وەک کادرێکی سیاسی و ڕۆژنامەنووسێکی سەرکەوتوو لە ڕۆژنامەکەدا کاریکردووە یەکێک بوو لە هاوکارە چالاکەکانی بەهەشتی مامۆستا ئیبراهیم ئەهمەد کەئەو کات سکرتێری حیزب و خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەری خەبات بوو. لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە،وەک سەرکردەیەک لە ریزەکانی پێشمەرگەی کوردوستاندا دڵسۆزانە دریژەی بە خەباتداوە و یەکەم کەس بووە، کە بوو بە لێپرسراوی بنکەی شۆرش لە ناوچەی هۆرێن و شێخان و دووجاریش لەو سەردەمەدا بریندار کراوە. لە کۆتایی شەستەکاندا خاوەنی ئیمتیاز و سەرپەرشتیاری ڕاستەوخۆی ڕۆژنامەی (النور)بوو لە بەغداد بە زمانی عەرەبی دەرچووە،کە بۆ سەردەمی خۆی و تەنانەت لە ئێستاشدا گەر لە دیدێکی زانستی تیۆری ڕۆژنامەگەرییانە بروانرێتە ئەو ڕۆژنامەیە ئەوا دەتوانرێت ئەو حوکمە بدرێت کە بە ڕۆژنامەیەکی پێشەنگ لە زۆر ڕوی ڕۆژنامەگەرییەوە حسابی بۆ بکرێت، کە دیارە ئەم سەرکەوتنەش دەگەرێتەوە بۆ سەرپەرشتیار و ستافی ڕۆژنامە، کە لە کاتی خۆیدا. لە ڕێگای ئەو ڕۆژنامەیەشەوە دەتوانرێت ئەو حوکمە بدرێت، کە بەهەشتی حیلمی عەلی شەریف وەک ڕۆژنامە ڕۆژنامەنووسێکی کارا و لێهاتوو لەو بوارەدا سەرکەتوانە کاری ڕۆژنامەگەری کردووە. مامۆستای کۆچکردوو بەردەوام لەسەنگەری خەبات و تێکۆشاندا بووهەرگیز لە ئازار و ئاواتی گەلەکەی دانەبڕاوە هەمیشە ئەو ڕۆڵە دڵسۆزە بە ئەمەکە بوو، کە بۆ مەسەلەی ڕەوای گەلەکەی کۆڵی نەدا و ژیانی خۆی لە پێناودا بەخت کرد. سەد مخابن ئێوارەی ڕۆژی ٤ی ٧ی ١٩٩٨ مامۆستا ڕەفیق حیلمی شەریف لە تەمەنی ٦٨ساڵیدا ماڵئاوایی لە دنیای فانی کرد و بە کۆچکردنی یاد و بیرەوەری و خەبات و کۆڵنەدانیشی بۆ ئێمە بوونەتە تۆمارییەک، کە هەرگیز لە یاد ناکرێن. بۆ ڕۆژی ٥ی ٧ی ١٩٩٨یش بە ئامادەبوونی هەڤاڵ مام جەلال و هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم و حزبە کوردستانیەکان و خەڵکێکی زۆری شاری هەڵمەت و قوربانی لە مەڕاسیمێکی شکۆداردا تەرمەکەی لە گردی شەهیدانی کوردستان، کردی سەیوان بە خاک سپێردرا. **(ئەم بابەتە پێشتر لە گۆڤاری سلێمانی، ژ٤، ئەیلولی ٢٠٠٠)**